WWW.RUDAW.NET
# رووداو RÛDAW
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (310) دووشەممە 2014/5/19 29ی گوڵانی 2714 (750) دینار



کچی گیڤارا بۆ (رووداو):
## باوکم بمابایە شەڕی بۆ ئازادیی کوردستانیش دەکرد

**رووداو– هاڤانا**

ئەلیدا گیڤارا، کچی ئەرنستۆ چێ گیڤارا، شۆڕشگێڕی هەرە ناسراوی سەدەی بیستەم کە پاش کوشتنی لە 9ی ئۆکتۆبەری 1967 لە پۆلیڤیا، بووە سیمبولێکی جیهانی، لە ماڵەکەی خۆیدا لەشاری هاڤانای پایتەختی کوبا قسەی بۆ پەیامنێری (رووداو) کرد و گوتی "ئەگەر باوکم لە ژیاندا بمابایە، لەگەڵ گەلی کورد دەبوو خەباتیشی بۆ دەکردن. ئەوەی ئەو بۆ ئەرژەنتین و کوبای کرد، بۆ کورد و کوردستانیش بەهەمانشێوە شەڕی دەکرد".

ئەلیدا کە وەکو باوکی پزیشکە و ئێستا لە پەیمانگەی چێ گیڤارا بۆ توێژینەوە لە شاری هاڤانا کاردەکات، دەڵێت ئەو کاتەی باوکی سەردانی سووریای کردووە، چووەتە ناوچە کوردییەکانیش و لەوبارەوە دەڵێت "بەپێی نووسراوەکانی ئەو، گەلی کورد میوانپەروەرە و کوردستان وڵاتێکی زۆر خۆشە". ئەلیدا پیرۆزبایی سەرکەوتن بۆ ئەو ژنە کوردانەش دەنێرێ کە لەدوایین هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا لە تورکیا دەنگیان هێنا و سەرۆکایەتی چەند شارەوانییەکیان گرتەدەست.

20

### پێنج حیزب داوایان لە مەلا عەلی کەڵەک کردبوو خۆی کاندید بکات
2



### بەرپرسێکی باڵای یەکگرتوو دەستی لەکارکێشایەوە
3

### دوو کورد کاریگەرترین کەسایەتی سوێدن
11

لە کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان

# یەکێتی رازی نەبوو بنووسرێ دەرچوون لە ئیجماعی کوردی هێڵی سوورە

3






ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (310) دووشەممە 2014/5/19

## لە تورکیا بریندار بوو، لە کوردستان مرد



**ڕووداو– هەولێر**

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی پۆلیسی پارێزگای هەولێر هاووڵاتییەکی کورد دوای گەشتکردن بۆ تورکیا، لەوێ برینداردەبێت، دواتر لە هەرێمی کوردستان گیان لە دەستدەدات. ڕائید کاروان خۆشناو، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند، ڕۆژی 15/5/2014 بنکەی پۆلیسی تەیراوە لە بوونی حاڵەتێکی گیانلەدەستدانی هاووڵاتییەک بە ناوی (کەیفی ڕەشید ئەحمەد) لەدایکبووی (1970) لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات ئاگادار کرانەوە. گوتیشی "ئەو هاووڵاتییە بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ لە تورکیا بریندار بووە، بەڵام دوای گەیاندنەوەی بۆ شاری هەولێر، لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری گیانی لە دەست داوە".

# پێنج حیزب داوایان لە مەلا عەلی کەڵەک کردبوو خۆی کاندید بکات

## مەلا عەلی کەڵەک پاش گەڕانەوەی لە گەشتی ئەوروپا:

# 30%ی ئەوروپییەکان جنۆکە لە لەشیاندا هەیە




### لە نەمسا خەڵکی بیانی دەهاتنە لام و وێنەیان لەگەڵ دەگرتم

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو–کەڵەک**

ئەمجارە هەواڵەکانی مەلا عەلی کەڵەک لە ئەورووپاوەیە، لە نێو لانکەی شارستانییەکی پێشکەوتوو و مۆدێرن، مەلا دەڵێت "لە ئەڵمانیا و نەمسا چارەسەری نەخۆشم کردووە، ئەوروپا پێویستی بە منە، پزیشکەکانی نەمسا داوایان لێکردم لەوێ نەخۆشخانەیەک بکەمەوە، بەڵام من ناتوانم لە ئەوروپا بژیم".

مەلا عەلی کەڵەک ڕۆژی 2014/3/25 بە ڤیزایەکی شنگن سەردانی نەمسا و ئەڵمانیای کرد و 25 ڕۆژ لەو دوو وڵاتە مایەوە. ئەو ژیانی ئەوروپا بە "بەهەشتێک" لە ڕواڵەت و "کاسەیەکی پڕ لە ژەهر" لە ناوەڕۆک وەسف دەکات.

سەرەڕای ئەوەی بڕیاری داخستنی نۆڕینگەکەی دراوە، بەڵام بەردەم ماڵەکەی پڕ بوو لە ئۆتۆمبێل کە زۆربەیان تابلۆی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیان بەسەرەوە بوو. مەلا عەلی، هەندێک لە نەخۆشەکانی هەر لەبەر دەرگای نۆڕینگەکە چارەسەر دەکرد و دەستی لەسەر سەریان دادەنا و ئایەتێکی بەسەردا دەخوێندن.

عەلی مەحمود حەسەن، ناسراو بە مەلا عەلی کەڵەک، بە قسەی خۆی 19 ساڵە چارەسەری نەخۆش دەکات، لە ساڵی 2011ەوە نەخۆشخانەیەکی لە تەنیشت ماڵی خۆیان کردەوە بەناوی نەخۆشخانەی خێرخوازی پزیشکی نەبەوی، ئەوە لەکاتێکدا تەنیا پەیمانگەی ئیسلامی لە هەولێر تەواوکردووە.

### "ریش کێشەی بۆ دروستکردم"

مەلا عەلی کەڵەک لە کاتی قسەکردنی لە نۆڕینگەکەی زوو زوو دەستی بۆ تابلۆیەکی سەر مێزەکەی درێژ دەکرد کە لەسەری نووسرا بوو "Mala Ali Kurdi Willkommen in Osterreich" واتە "بەخێر بێیت بۆ نەمسا مەلا عەلی کوردی". شانازی بەو تابلۆیە دەکرد و دەیگوت "ئەو بڕوانامەیەیان پێبەخشین".

مەلا عەلی سەبارەت بە سەفەرەکەی گوتی "پێشتر چەند نەخۆشێکی بیانیم چارەسەر کردبوو، ئەوان بانگهێشتیان کردم بۆ نەمسا". بەڵام گوتی "کە ڕۆیشتم لە نەمسا کێشەیان بۆ دروستکردم، پاشان وەزیرێکی نەمسا تەدەخولی کرد، چونکە ڕۆیشتن بۆ نەمسا بە ریشەوە زۆر زەحمەت بوو، دەیانگوت تۆ قاعیدەی، بەڵام کە لە یوتیوب سەیری کارەکانی منیان کرد، گوتیان ئەوە پیاوێکی زۆر گەورەیە".

مەلا عەلی دەڵێت لە کوردستانەوە ئیمێلیان بۆ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی نەمسا ناردبوو کە ڕێگەم پێنەدەن بچمە نەمسا، چونکە کەسێکی مەرغووب نییە "بەڵام بەپێچەوانەوە لەوێ خەڵکی بیانی دەهاتنە لام و وێنەیان لەگەڵ دەگرتم دەیانگوت لە یوتیوب تۆمان بینیوە".

مەلا عەلی کە لەگەڵ دوو برای ئەو گەشتەی کردووە، 4 ڕۆژ لە ئەڵمانیا ماوەتەوە و ڕۆژەکانی دیکە لە نەمسا بووە "لەماڵان پێشوازیم لە نەخۆش دەکرد، یان منیان دەبردە نەخۆشخانەکان، 200-300 نەخۆش هاتنە لام، خەڵکێکی زۆر لەوێ بوونە موسڵمان، پاشان چوومە نەمسا سەردانی نەخۆشخانەیەکی گەورەی نەمسام کرد، ڕۆژنامەنووسێکی نەمسا هاتە لام کە باری دەروونیی تەواو نەبوو، لای من چاک بووەوە".

### "لە نەمسا نەخۆشخانەم بۆ دەکەنەوە"

بەپێی قسەکانی مەلا عەلی، دکتۆرەکانی نەمسا زۆر پێی سەرسام بوون "دکتۆرەکان ماچیان کردم و دەستیان لە ملم کرد، زۆر بە زانستەکەم خۆشحاڵ بوون، داوایان دەکرد نەخۆشخانەیەک بکەمەوە، بەناوی نەخۆشخانەی پێغەمبەران لە نەمسا، بەڵام من حەزم لە ئەوروپا نییە و ناتوانم لەوێ بمێنمەوە".

بەبڕوای خۆی، ئەوروپا زۆر پێویستی بە کەسێکی وەکو مەلا عەلییە "لەوێ کێشەی ڕەوشت و ئایین و سۆز و بەزەیی هەیە، لە حکومەتی نەمسا گوتیان وڵاتینامەی نەمسات دەدەینێ، نەخۆشخانەیەک بکەوە، بەڵام من لە ئەوروپا ناحەوێمەوە".

ئەو نەخۆشانەی سەردانی مەلا عەلی کەڵەکیان کردووە لە نەمسا و ئەڵمانیا وەک خۆی دەڵێت "65%یان ئایدزیان هەبوو، لە ئەوروپا زۆر پێویستیان بە ئێمە هەیە، نەخۆشەکانیان چارەسەر بێت، بەڵام ئایدز بە دوو ڕۆژ چارەسەر نابێت، ئەوانەی هاتنە لام زۆربەیان مەسیحی بوون، بەڵام خۆیان دەیانگوت ئێمە هیچ دینێکمان نییە، بۆ چارەسەری ئامادە بوون ڕەشکە و هەنگوین بخۆن و گوێ لە قورئان بگرن". هەروەها گوتی "30%ی ئەوروپییەکان جنۆکە لە لەشیاندا هەیە".

### پێنج حیزب داوایان لێکردووە خۆی هەڵبژێرێت

بەهۆی گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە لیستی داخراوەوە بۆ لیستی نیمچە کراوە، حیزبەکان زۆرتر پەنا بۆ کەسایەتی و مەلا و ئەو کەسانە دەبەن کە لە نێو خەڵک زۆر ناسراون.

مەلا عەلی ئاشکرای کرد کە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەولێر حیزبەکان داوایان لێکردووە خۆی هەڵبژێرێت "پێنج حیزبی ئیسلامی و عەلمانی داوایان لێکرد خۆم بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر هەڵبژێرم، بەڵام ڕەتمکردەوە، چونکە من حەزم لە سێ شت نییە (ژن و پارە و سیاسەت)".

### نەخۆشخانەکەی بەسرا چاوەڕێی مقەستەکەی مەلا عەلییە

مەلا عەلی کەڵەک باس لە بەرپرسەکان دەکات و دەڵێت "بەرپرسەکان زۆربەیان نەخۆشن"، پاشان باس لە چەند بەرپرسێکی حکومی لە بەسرا دەکات، کە چوونەتە لای بۆ نەخۆشی "ئێستا لە بەسرا نەخۆشخانەیەکیان بۆ دروستکردووم، هەموویان شیعەن، بیناکە تەواو بووەو چاوەڕێ دەکەن من بچم مەقەسی لێدەم، گوتیان لە نەجەف و کەربەلاش نەخۆشخانەت بۆ دەکەینەوە، منیش گوتم فێرتان دەکەم بەو مەرجەی بە خۆرایی چارەسەری خەڵک بکە".

گۆشتی سەگ بخۆ سەرمات نابێت

مەلا عەلی لێدوانی "خواردنەوەی میز چارەسەرە" هەرایەکی گەورەی نایەوە لە نێو نێوەندی تەندروستی. ئێستاش قسە لەسەر گۆشتی سەگ دەکات و دەڵێت "من لەگەڵ چەند شیشانییەک قسەم کردووە و دەڵێن گۆشتی سەگیان خواردووە و سەرمایان نەبووە، بەڵام ئاینی ئیسلام ڕێگە بەخواردنی گۆشتی سەگ نادات".

سەبارەت بە دوایین پرۆژەشی، مەلا عەلی گوتی "بە نیازم بچمە ئەفریقیا، چونکە لەوێ ئایدز زۆرە و چارەسەریان دەکەم".

## باسی گەشتەکەیان بۆ کوردستان دەکەن

# ڕۆژنامەنووسانی دانیمارک بۆچوونیان بەرامبەر کوردستان دەگۆڕێت



**دەنیز سەرینجی**
**ڕووداو– کۆپنهاگن**

22 خوێندکاری قوتابخانەیەکی باڵای ڕۆژنامەوانی لە دانیمارک، سەردانی باشووری کوردستانیان کرد و بۆ ماوەی دوو هەفتە مانەوە. دوای گەڕانەوەیان بۆ دانیمارک باسی سەردانەکەیان بۆ (ڕووداو) کرد.

گرووپەکە لە 14 ڕۆژنامەنووس و 8 فۆتۆگرافەر پێکهاتبوو. کامەران ئیبراهیمیش وەکو ڕێنیشاندەر لەگەڵیاندا بوو کە بۆ خۆی لە دانیمارک دەژیت و بەڕێوەبەری کەناڵی کوردیی دانیمارکە بە ناوی (KURDAN-TV).

"ئامانجی سەردانەکەمان بینینی وڵاتێکی خاوەن مێژوویەکی سەرنجڕاکێش و پێشکەوتنێکی گەورە بوو لە بواری ئابووریدا. لەهەمانکاتدا ئامانجی ئێمە بینینی بارودۆخی ڕۆژنامەگەری بوو". تۆماس پارک جێپسەن، کە یەکێکە لە بەشداربووانی ئەو گەشتە وا دەڵێت.

ئەم قوتابیانە چەندین وتار لەسەر گەشتەکەیان بۆ ڕۆژنامەکانی دانیمارک دەنووسن. ئەو قوتابیانە سەردانی مۆزەخانەی (ئەمنە سوورەکە)یان کرد لە سلێمانی، هەروەها سەردانی زانکۆی ئەمریکی، هەڵەبجە و کەمپی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستانیان کرد.

لە مۆزەخانەی (ئەمنە سوورەکە) پەیکەری ئەو زیندانیانەیان بینی کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس ئەشکەنجە دراون "لە ژیانمدا تراژیدی وام نەبینیوە، زۆر شتێکی ناشیرین بوو، من تێنەگەیشتم چۆن مرۆڤ دەتوانێت دژی مرۆڤێکی دیکە ئەوەندە بێ ویژدان بێت" نیڵس ئۆستەرگراد مونک وایگوت.

جۆهانە تیدت، 20 ساڵ کە یەکێکی دیکە بوو لەو ڕۆژنامەنووسە دانیمارکیانە، سەبارەت بەسەردانەکەیان بۆ شاری هەڵەبجە گوتی "زۆر خەمباربووم، هەڵەبجە زۆر کاری تێکردم، زۆر تووڕە بووم لە ڕای گشتیی نێودەوڵەتی کە دەرفەتیان دایە کەسێکی وەکو سەدام حوسێن کارێکی وا لەگەڵ خەڵکی بێتاوان بکات. هەروەها تووڕەم کە ئەوەی بەسەر هەڵەبجەدا هات لە سووریا دووبارە دەبێتەوە".

نیلس ئۆستەرگراد مونک پێیوایە ئاماژەیەکی باشە کە سەرباری ئەو ڕووداوانەی لە هەڵەبجە قەوماون، خەڵک هێشتا لەوێ دەژین "ئەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەگەرچی ئەم خەڵکە زۆر شتی خراپیان بەسەرهاتووە، بەڵام دواڕۆژی خۆشیان لەوێ دەبینن."

بێجگە لە ئاشنابوون بە مێژوو، ئەو ڕۆژنامەنووسانە فێری کەلتووری خەڵکەکەش بوون وەکو هەڵپەڕکێی کوردی. نیلس ئۆستەرگراد گوتی پێش چوونیان بۆ کوردستان، ئەوان لە قوتابخانەکەیاندا کەمێک فێری هەڵپەڕکێی کوردی ببوون "ئێمە بۆ گەشت چووینە سەر شاخەکان. دیمەنی ئەو شاخانە زۆر جوان و خۆشبوو کە لە دانیمارک دەگمەنە. دواتر دەستمانکرد بە هەڵپەڕکێ. سەرەتا زەحمەتە، بەڵام هەر کە فێری ڕیتمەکە دەبیت ئاسان و زۆر بەجۆشە."

جۆهانە تیدت و تۆماس پارک جێپسن دەڵێن ئەوان سەردانی کوردستانیان زۆر بەدڵ بووە و دەیانەوێ جارێکی دیکەش سەردانی بکەنەوە. جۆهانە تیدت کە بەنیازە بۆ نەورۆز بێتەوە کوردستان، پێیوایە زۆربەی خەڵکی ڕۆژئاوا بۆچوونێکی پێشوەختەیان لەسەر کوردستان و عێراق هەیە "عێراق لە ڕاستیدا لەنێو ڕاگەیاندن پڕە لە بۆمب و تەقینەوە، بەڵام من کە سەردانی کوردستانم کرد، هەرگیز هەستم بەوە نەکرد کە لە عێراقم. زۆر دڵخۆشبووم بەوەی کورد ئۆتۆنۆمی و ئاڵای خۆیان هەیە".

## لە سێ ساڵی داهاتوودا

# کێبڵی ئینتەرنێت دەگاتە 75%ی ماڵەکانی کوردستان

**محەممەد هادی**
**ڕووداو – هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بەپێی ئەو پلانەی نەخشەیان بۆ داناوە، دەبێت لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا 75%ی ماڵەکانی هەرێمی کوردستان کێبڵی ئینتەرنێتیان هەبێت.

کوردستان لە زۆر بواردا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئینتەرنێت کە ئێستا بووەتە یەکێک لە پێداویستییەکانی زۆربەی خەڵکی کوردستان و کۆمپانیاکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و فەرمانگەکانی حکومەت، هێشتا لە ئاستی خواستی بەکارهێنەرانیدا نییە. بەبڕوای شارەزایان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ژێرخانێکی گەیاندنی پتەوی وەک وایەر یان کێبڵ لە هەرێمی کوردستان.

بەپێی ئاماری وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، تاوەکو ئێستا 27 کۆمپانیای تایبەت بە دابینکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت مۆڵەتیان لە وەزارەت وەرگرتووە.

زۆر لە بەکاربەرانی ئینتەرنێت گلەییان لە نرخی بەکارهێنان و خاویی هێڵەکانی ئینتەرنێت هەیە. بەرپرسانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنیش هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەم بوارە.

کاروان شێخ ڕەزا، بەڕێوەبەری گشتیی پۆستە و گەیاندن لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند: نەبوونی ژێرخانی گەیاندنی پتەو و بێهێزیی کۆمپانیاکان لە ناو شار و شارۆچکەکان و زۆریی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت وای کردووە کە هێڵەکان خاو بن".

سەبارەت بە زۆریی نرخی بەکارهێنانی ئینتەرنێتیش ناوبراو گوتی "هەر کۆمپانیایەک بەپێی گرێبەستی تایبەتی خۆی نرخ دیاری دەکات کە مانگانە لە 25 هەزار دینارەوە دەست پێدەکات تاوەکو 100 هەزار دینار، جگە لەوەش هەر کۆمپانیایەک شێوازێکی کارتی ئینتەرنێتی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش وایکردووە نرخەکان جیاواز بن".

پسپۆڕێکی ئابووری پێیوایە نەبوونی چاودێری لەسەر کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت وای کردووە خاو و گران بن. ئیدریس ڕەمەزان، شارەزای ئابووری بە (ڕووداو)ی گوت "کۆنترۆڵ و چاودێری لەسەر کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت هۆکاری سەرەکی خراپیی هێڵەکانی ئینتەرنێتە، جگە لەوەش یاسایەکی تایبەت بەو بوارە نییە".

لە هەرێمی کوردستان چەند جۆرێکی ئینتەرنێت هەیە، لەوانە ADSL، کە بە کێبڵ کار دەکات. تارین نێت، ڕێبەر، بروسک نێت، گۆران نێت، فاست لینک کە زۆربەیان بە واریەرلێس کار دەکەن، هەروەها هێڵی فایبەر ئۆپتیک کە هێڵێکی تیشکییە.

هەروەها جۆرێکی دیکەش هەیە کە پێیدەڵێن TDA. کاروان شێخ ڕەزا دەڵێت "حکومەت لەمەودوا مۆڵەت ناداتە هیچ کۆمپانیایەک ئەگەر بەپێی سیستمی TDA کار نەکات".

لە ماوەی ڕابردوودا حکومەتی عێراق ڕێگای بە کۆمپانیاکان دا کە سیستمی G3 بەکاربێنن. ئەو سیستمە لەرەلەرەکەی لە نێوان 1.9 تاوەکو 2.1 گێگا هێرتزە. بەم سیستمە دەتوانرێت نامەی درێژ و ڤیدیۆی درێژ بە ئاسانی بنێردرێ و کاری لەسەر بکرێ، جگە لەوەش دەتوانیت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەیری ڤیدیۆکان بکەی لە ڕێگای مۆبایلەوە.

کاروان شێخ ڕەزا ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان دەیانەوێت خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە سەرجەم کوردستان پەرەپێبدەن و فراوانی بکەن و گوتی "لە سێ ساڵی داهاتوودا 75%ی ماڵەکانی هەرێمی کوردستان کێبڵی ئینتەرنێتیان بۆ دابین دەکرێت".



## قوباد تاڵەبانی بە "تەوافوق" داندراوە



**رووداو-سلێمانی**

قوباد تاڵەبانی، رۆژی 2014/5/18 لەلایەن مەکتەبی سیاسیی یەکێتییەوە بۆ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاریکرا. بەڵام دیاریکردنەکەی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نەبووە، بەڵکو وەک ماڵپەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ئاماژەی پێکردووە "بە تەوافق" بووە و بەشێک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەگەڵی نەبوون. (تۆڕی میدیایی رووداو) زانیویەتی کە شێخ جەعفەر، مەحموود سەنگاوی و ئازاد جوندیانی لەگەڵ ئەوەبوون حاکم قادر حەمەجان کاندیدی یەکێتی بێت بۆ ئەو پۆستە. رای بەرهەم ساڵح-یش دیار نەبووە، بەهۆی ئەوەی کە بەشداری کۆبوونەوەکەی نەکردووە.

# هیوا میرزا سابیر دەستی لەکارکێشایەوە

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو — هەولێر**

لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی دەستی لەکارکێشاوەتەوە و ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبەش دەڵێ "نابێ کەس لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان رابکات".

قسەکردن لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسان لە نێو یەکگرتووی ئیسلامی هێشتا جێگەی مشتومڕەو لایەنگرانی یەکگرتووش بەردەوامن لە دروستکردنی گوشار بۆ سەر سەرکردایەتی حیزبەکە.

(رووداو) لە سەرچاوەیەکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامییەوە زانیویەتی کە هیوا میرزا سابیر، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی دەست لەکارکێشانەوەی داوەتە مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی.

سەرچاوەیەکی نزیک لە هیوا میرزا سابیر بە (رووداو)ی راگەیاند "کاک هیوا بەرپرسی کەمپەینی بانگەشەی هەڵبژاردن بوو لە ناوچەی شارەزور و هەڵەبجەی تازە، کاتێک ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکان دەرچوو یەکگرتوو لەو ناوچەیە دەنگی کەمی کردبوو، بۆیە کاک هیوا وەک هەستکردن بە بەرپرسیارێتی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کرد و بەهیچ شێوەیەکیش لێی پاشگەز نابێتەوە".



یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ناوچەی شارەزوور نزیکەی 11 هەزار دەنگی هەبووە، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسان نزیکەی 500 دەنگی لەدەست دابوو.

ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، هەواڵی دەست لەکارکێشانەوەی هیوا میرزای پشتڕاست کردەوە و بە (رووداو)ی گوت "بەڵێ کردوویەتی، بەڵام قبوڵ نەکراوە".

هەڵەدنی ئەوەشیگوت "دوای دەرچوونی ئەنجامە نافەرمییەکانی هەڵبژاردن هەندێ لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی دەڵێن با شتێکی وا بکەین (دەست لەکار بکێشینەوە) و دەڵێن ئەمە بۆچوونێکی جوانە و با ئەو عورفە دابهێنین. بۆچوونێکیش هەیە دەڵێ ئەم هەنگاوە خزمەت ناکات و نابێت مرۆڤ لە بەرپرسیارێتی رابکات".

بەشێک لە کادیرانی یەکگرتوو دەڵێن لەبەر ئەوەی حیزبەکەیان پێش هەڵبژاردن بە رۆژێک رێککەوتنی لەگەڵ پارتی ئیمزا کرد بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەوە وایکرد دەنگەکانی کەم بکات، بەڵام ئەبوبەکر هەڵەدنی ئەو بۆچوونانە رەتدەکاتەوە و دەڵێ "خەڵکی یەکگرتووش هەیە لە بادینان دەڵێ ئەمە دەستکەوت بووە و یەکگرتوو لەمەودوا دەتوانێ وەکو هێزێک خزمەت بکات".

### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو:
### با کەس لە مەیدانەکە رانەکات

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو رەخنە لەو هەنگاوە دەگرێ و دەڵێ "راستە یەکگرتوو دەنگی کەم کردووە، بەڵام ناکرێ کەس لە مەیدان رابکات، بەڵکو دەبێ هەموو لایەنێک هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدەن". گوتیشی "راستە کاک هیوا دەستی لەکارکێشاوەتەوە، بەڵام دەست لەکارکێشانەوەکەی قبوڵ نەکراوە، چونکە دەبێ ئەو بابەتە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بخرێتە دەنگدانەوە".

هیوا میرزا سابیر، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە لە 1994/2/6 ئیعلان کراوە.

هەریەک لە هادی عەلی، بەرپرسی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە رەخنەی توند لە سەرکردایەتی دەگرن و بەتایبەت رووی رەخنەکانیان لە کەسی یەکەمی حیزب دەکەن و بە هۆکاری کەمبوونەوەی دەنگەکانی یەکگرتووی دەزانن.

وا بڕیاربوو یەکگرتووی ئیسلامی لە 2014/5/1 کۆنفرانس ببەستێ، بەڵام لەبەر هەڵبژاردنەکان دواخرا. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) هێشتا ساخنەبووەتەوە ئایا کۆنفرانسەکە پێش مانگی رەمەزان، یان دوای مانگی رەمەزان دەبەسترێ.

# یەکێتی رازی نەبوو بنووسرێ دەرچوون لە ئیجماعی کوردی هێڵی سوورە


### فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی:
### یەکێتی لە بەغدا مساوەمەی کردووە

### عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:
### یەکێتی مساوەمەی نەکردووە و قسەکەی کاک فازڵ تەواو نەبوو

### بەڵێن عەبدوڵڵا، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان:
### بڕیاردرا وەڵامی نامەی مالیکی نەدرێتەوە

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە کوردییەکان کە رۆژی 2014/5/17 بەڕێوەچوو، بەو ئەنجامە گەیشت کە کورد بە یەک تیم دانوستاندن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بکات، بەڵام یەکێتی رازی نەبوو لە بەلاغی کۆبوونەوەکەدا بنووسرێ: "دەرچوون لە ئیجماعی کوردی هێڵی سوورە".



### گرەو لەسەر کورد دەکرێ

نوێنەری حیزبێکی کوردی کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بووە، باس لەوە دەکات کە هەموو شتێک زۆر بە ئاشکرا و "راشکاوانە" گفتوگۆ کران. گوتیشی "لە کۆبوونەوەکەدا باسی ئەوەکرا کە نابێ هیچ لایەنێک لە ئیجماعی کوردی دەربچێ، چونکە لایەنی سیاسی هەیە لە بەغدا گرەو لەسەر نایەکڕیزیی نێوماڵی کورد دەکات".

لایەنە سیاسییەکان سەرباری رێککەوتنیان لەسەر ئەوەی یەک لێژنە دروستبکرێ بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، بەڵام هێشتا لەیەکدی بە گومانن.

بەپێی بەیاننامەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لایەنەکان رێککەوتن لەسەر یەکهەڵوێستی و یەک گوتاریی کوردستانی بەرامبەر ئیستیحقاقەکانی لە عێراق. هەروەها پاراستنی یەکگرتوویی ماڵی کورد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داواکارییە دەستوورییەکان کە هێشتا بەهەڵواسراوی ماونەتەوە.

بەڵێن عەبدوڵڵا، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە بەشداری کردبوو لەو کۆبوونەوەیە، دەڵێ "کورد ناتوانێ 11 ساڵی دیکەش چاوەڕێ بکات، گەلی کوردستان نیگەرانە لە ئایندەی خۆی لەگەڵ عێراق".

### "یەکێتی مساوەمەی کردووە"

لە کۆبوونەوەکەدا فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان رەخنەی لە ئەداو هەڵوێستی هەندێ لایەن گرتبوو لە بەغدا کە بەقسەی ئەو وەکو پێویست نەبوون.

فازڵ میرانی، لە کۆبوونەوەکەدا داوای کردبوو هیچ لایەنێکی کوردی لەگەڵ بەغدا "مساوەمە" نەکات و گوتبووی "لایەن هەبووە مساوەمەی کردووە، بۆنموونە یەکێتی مساوەمەی لەگەڵ مالیکی کردووە".

بەڵام عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە وەکو نوێنەری یەکێتی بەشداری کۆبوونەوەکەی کردووە، وەڵامی فازڵ میرانی دابووەوە کە "مام جەلال کەسێکی بەهێز بووە لە بەغدا و یەکێتی مساوەمەی نەکردووە" و گوتبووی "بەکارهێنانی ئەو وشەیەش قبوڵ ناکەین". لەوکاتەدا فازڵ میرانی گوتبووی "ئاخر دیاربوو کێ مساوەمەی کردووە، لەکاتی لێسەندنەوەی متمانە لە مالیکی تاڵەبانی ئیمزای نەکرد".

لەبارەی ئەو جەدەلەوە، عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی سەری لەوە سوڕما کە چۆن ئەو زانیارییانەی نێو کۆبوونەوەکە دزەی پێکراوەو بە (رووداو)ی گوت "کاک فازڵ باسی ئەوەی کرد کە پارتی لە بەغدا هەڵە دەکات و یەکێتی مساوەمە دەکات و گۆڕان نازانم چی دەکات". گوتی "منیش وەڵامم دایەوە کە یەکێتی مساوەمە ناکات و ئەو جوملەیە تەواو نییە".

بەڵێن عەبدوڵڵا، نەیشاردەوە کە ئەو قسەیە لە کۆبوونەوەکەدا کراوە، بەڵام گوتی "بەتەشەنوجەوە نەبووە و کەشوهەوای کۆبوونەوەکەش تێکنەچووە".

### یەکێتی نەیهێشت هێڵی سوور بخرێتە نێو بەیاننامەکە

سەرکردەیەکی کورد کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بووە، بە (رووداو)ی گوت "لەکاتی نووسینەوەی بەیاننامەی کۆبوونەوەکە داوا کرا کە بنووسرێ هەر هێزێکی کوردی لە دەرەوەی ئیجماعی کوردی کاربکات هێڵی سوورە، بەڵام ئەوە سەری نەگرت".

ئەو سەرکردەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "شاندی یەکێتی گوتیان پێویست ناکات، چونکە باسی یەک تیمیمان کردووە بۆچی گومان دروست بکەین! دواجار لەسەر داوای یەکێتی ئەو رستەیە نەخرایە نێو بەیاننامەکە".

هەر لەوبارەوە سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان بە (رووداو)ی گوت "لە کۆبوونەوەکەدا بەجدی باسی ئەوە کرا کە نابێت بەهیچ شێوەیەک لایەنێکی کوردی لە ئیجماعی کوردی دەربچێ و ئەگەر ئەو هەنگاوەش نرا ئەو لایەنە بە خراپی سزا بدرێ". بەڵێن بەبێ ئەوەی ناوی یەکێتی یان هیچ لایەنێکی دیکە بێنێ، گوتی "لەکاتی نووسینەوەی بەیاننامەکە داوا کرا ئەو بابەتە لەنێو بەیاننامەکەدا هەبێ، بەڵام لەسەر داوای لایەنێکی کوردی و دواتر بە تەوافوق نەنووسرا".

عەدنان موفتی، سەرۆکی شاندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش لەوبارەیەوە گوتی "خاڵی یەکەمی بەیاننامەکە بەس بوو، هاوسەنگ بوو، گوزارشتیش لە هەموو شتێک کراوە و پێویست نەکرا هیچی دیکەی بۆ زیاد بکەین".

خاڵی یەکەمی بەیاننامەکە جەخت دەکاتە سەر یەکهەڵوێستی و گوتاری یەکگرتووی کوردستانی و هەروەها رۆڵێکی گەورەتر بۆ کورد و سەرکردایەتییەکەی.

### نامەکەی مالیکی پەراوێز دەخرێ

نووری مالیکی کە دوو ویلایەتە بە دەنگ و پاڵپشتیی کورد سەرۆک وەزیرانی عێراقە، سەرباری ناکۆکییەکانی لەگەڵ کورد، دوای هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسان نامەیەکی "6 لاپەڕەیی" بۆ لایەنە کوردییەکان ناردووە کە تێیدا داوا دەکات لەگەڵی بگەنە رێککەوتن بۆئەوەی حکومەتی زۆرینە پێکبهێنن.

لەبارەی درێژکردنەوەی ویلایەتی مالیکی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەکەدا پێداگریی کردبوو کە نابێ بەهیچ شێوەیەک نەرمی بەرامبەر مانەوەی مالیکی پێشان بدرێ.

بەڵام ئەوەی بڕیاری کۆتایی دەدات کە کێ سەرۆک وەزیرانی عێراق بێت، ئێرانە. بارزانی گوتی "ئەوەی گرنگە بۆ ئێران یەکڕیزیی نێو ماڵی شیعەیە، ئینجا شیعەکان لەسەر چ ناوێک رێکبکەون کێشە نابێت". دەربارەی هەڵوێستی ئەمریکا لە مانەوەی مالیکی، بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا گوتی "ئەمریکاش پاڵپشتی ئەوە ناکات کە مالیکی بمێنێتەوە".

سەبارەت بە پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقیش، بارزانی بە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەی راگەیاندووە کە "ئەگەر ئەو پۆستە بۆ کورد نەبێ ئەوا شیعە قبوڵ ناکەن بیدەنە سوننە". بۆیە لەکۆبوونەوەکەدا بڕیاردراوە کە "کورد سازش لەسەر پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق نەکات".

لەکۆبوونەوەکەدا باسی نامەکەی مالیکی کرا و گوتیان، مالیکی هەڵەی کردووە لە ناردنی نامەی پێشوەخت، چونکە هێشتا ئەنجامی فەرمیی هەڵبژاردنەکان لەلایەن کۆمیسیۆنەوە ئاشکرا نەکراوە و لەکۆبوونەوەکەشدا بڕیاردرا کە وەڵامی نامەی مالیکی نەدرێتەوە و پشتگوێ بخرێ.

بەڵێن عەبدوڵڵا باسی نامەکەی مالیکی دەکات کە بەشێک بووە لە مژاری کۆبوونەوەی بارزانی لەگەڵ هێزە کوردییەکان "نامەی مالیکی بەداخەوە هیچ شتێکی تازەی تێدا نەبوو، کوردیش ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ مالیکی هەیە، بۆیە لە کۆبوونەوەکەش لەگەڵ ئەوەبوون کە جارێکی دیکە چانس بە مالیکی نەدرێ و هیچ لایەنێکی کوردیش وەڵامی نامەکەی نەدەنەوە".

### ئەو دەوڵەتانەی دان بە دەوڵەتی کوردیدا دەنێن

هەرچەندە مەسەلەی دەوڵەتی کوردی و راپرسی لە ئەجێندای کۆبوونەوەکەدا نەبووە، بەڵام بەشداربوویەکی کۆبوونەوەکە گوتی بارزانی کاتێکی زۆری بۆ تەرخان کرد و باسێکی گەرمی نێو کۆبوونەوەکەش بوو.

سەرکردەیەک کە نوێنەرایەتی حیزبەکەی دەکرد لەو کۆبوونەوەیەدا، باسی هەڵوێستی بارزانی کرد لە مەسەلەی دەوڵەتی کوردی و گوتی "قەت ئەوا سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان نەبینیوە بەو حەماسەتە بۆ مەسەلەی راپرسی و دەوڵەتی کوردی". گوتیشی "بارزانی گوتی ئەگەر لەگەڵ بەغدا نەگەیشتینە هیچ با راپرسی بکرێ، بەڵام یەکێتی داوای کرد کە پەلە لەو بابەتە نەکرێ".

ئەو بەرپرسە کوردە گوتیشی "بارزانی گوتی ئێستا لەهەموو کات زیاتر پاڵپشتی بۆ دەوڵەتی کوردی هەیە، کە دەچمە ئەوروپا، لەوێ دەڵێن ئەگەر کورد هەنگاو بۆ دەوڵەتبوون بهاوێژێ ئێمە پاڵپشتی دەکەین و رێز لەو بڕیارە دەگرین".

بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا ناوی هەندێ دەوڵەتی هێنا کە ئامادەن دان بە دەوڵەتی کوردیدا بنێن و گوتی "دەوڵەتانی عەرەبی وەک ئوردن و میسر.. ئەوانەی کاریگەرییان هەیە و چەندین دەوڵەتی دیکەی عەرەبی دان بە دەوڵەتی کوردیدا دەنێن، ئێرانیش رێگر نییە لەوەی کورد دەوڵەتی خۆی دروست بکات".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (310) دووشەممە 2014/5/19

### عەلی باپیر: خۆکاندیدکردنەوەم بەدەست ئەندامانی کۆنگرەیە

**ڕووداو- هەولێر**

عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ڕایدەیەگەیەنێت بڕیاری خۆ کاندکردنەوەی یان کاندیدنەکردنەوەی بۆ ئەمیری کۆمەڵ لە کۆنگرەی داهاتوو بەدەست ئەندامانی کۆنگرەیە. کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بە ڕابەرایەتی عەلی باپیر لە مایسی ساڵی 2001 دوای جیابوونەوەیان لە بزووتنەوەی ئیسلامی دامەزرا، تا ئێستا دوو کۆنگرەیان بەستووە، یەکەمیان لە مانگی 11ی 2005 و دووەمیان لە 15ی تەمموزی 2010 لە هەردوو کۆنگرەکە عەلی باپیر بە ئەمیری کۆمەڵ هەڵبژێردراوە. ئێستا سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ ئەوەی لە مانگی حەوتی ئەمساڵ، کۆنگرەی سێیەمی خۆی ببەستێت.



# پارتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو ئیدارەی سلێمانی یەکلایی دەکەنەوە

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

حیزبەکان چاویان بڕیوەتە ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسان. جارێکی دیکە نیگاکان روو لە سلێمانین، چونکە گەرمترین ململانێ و گفتوگۆ لەو پارێزگایە دەبێت. پێدەچێت یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ هاوکێشەکە یەکلایی بکەنەوە، بەڵام دیار نییە سێوەکانیان دەخەنە سەبەتەی سەوزەوە یان سەبەتەی نیلی.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ "ڕوون نییە بەشێوەی تەوافوق ئیدارەی پارێزگا پێکدێت یان هاوپەیمانێتی، بۆیە هەر لایەنێک زیاتر لە سیناریۆیەکی هەیە".



سلێمانی (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### گۆڕان: دەبێ یەکێتی ڕێکبکەوێ

بەبێ ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان، چاوەڕوان دەکرێ پارێزگای سلێمانی تەوژمێکی دیکەی گرژی دایپۆشێتەوە، بەو پێیەی ئەنجامەکانیان لەیەکەوە نزیکن. یەکێک لەو دوو لایەنە، بە پەنا بردن بۆ پارتی، یەکگرتوو و کۆمەڵ، گرەوەکە دەباتەوە.

دانا عەبدولکەریم، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، پێیوایە ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان پێویستە بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجام لە پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگای سلێمانی "ئەگەر گۆڕان و یەکێتی ڕێکنەکەون، ئەوکات بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و هاوپەیمانێتی نێوان لایەنەکان، یەکێتی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاشی پێنادرێ".

ناوبراو پێیوایە چانسی ئەوان لەیەکێتی بەهێزترە بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ کۆمەڵ و یەکگرتوو "ئەوکات دەتوانین هەموو پۆستەکان دابەش بکەین بەبێ یەکێتی، بەڵام ئەگەر لەگەڵ یەکێتی ڕێکبکەوین، دەتوانین نموونەیەکی جوان پێشکەش بکەین".

بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، بزووتنەوەی گۆڕان سەرەتای گفتوگۆی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکان بە دانیشتن لەگەڵ یەکێتی دەستپێدەکات، بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێک لەبارەی دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای سلێمانی کە یەکێتی ڕازی ببێ بە قبوڵکردنی دووەمی پارێزگاکە. ئەگەر یەکێتی ڕازی نەبوو، گۆڕان لەگەڵ یەکگرتوو و کۆمەڵ 50+ 1 دروستدەکات بۆ پێکهێنانی ئیدارەکە و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاش بۆخۆی دەبێت و جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و جێگری پارێزگار دەداتە کۆمەڵ و یەکگرتوو.

دانا عەبدولکەریم، بەشداركردنی پارتی لە ئیدارەی پارێزگای سلێمانی کە پلەی سێیەمی هەیە لەو پارێزگایەدا، دەبەستێتەوە بە ڕاددەی هاوکاریی پارتی بۆ ئەوان لە پێکهێنانی ئیدارەی هەولێر "ئەگەر پارتی لە هەولێر لەگەڵ کۆتاکان هەموو پۆستەکان حەل بکات و هەماهەنگی لەگەڵ گۆڕان نەکات، ئەوکات گۆڕانیش ناتوانێ لەگەڵ پارتی هەماهەنگی بکات لە سلێمانی".

### یەکێتی: چاوەڕێی قسەی کۆمیسیۆنین

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێیوایە "هێشتا زووە بۆ ئەوەی قسە لەسەر هاوپەیمانێتییە نوێیەکانی پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگاکان بکرێت". ڕەفعەت عەبدوڵڵا، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە وەک یەکێتی قسە لەو بارەیەوە ناکەین تاوەکو کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامی کۆتایی ڕانەگەیەنێ".

سلێمان عەبدوڵڵا یونس، ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی ئەو حیزبە دەڵێت "دوائەنجامەکان وادەردەکەون کە دەنگەکانی یەکێتی شتێکی ئەوتۆ جیاوازی لەگەڵ دەنگەکانی گۆڕان نەبێت و هەموو قسەیەکیش لەوبارەیەوە هەڵدەگرین بۆ دوای کۆبوونەوەی یەکێتی و گۆڕان". ناوبراو پێیوایە لەو هەڵبژاردنەدا هاوسەنگییەکی سیاسی باش بۆ سلێمانی گەڕاوەتەوە.

### پارتی: تەنیا لە سلێمانی کێشەی 1+50 هەیە

چنار سەعد عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دەڵێ سروشتی سیاسی و پێکهاتەی لایەنەکان جیاوازە لە سلێمانی و هەولێر "هیچ لایەنێک لە سلێمانی 50+1 ی نییە، بۆیە بەناچاری دەبێت هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بکرێ، بەڵام پارتی لە هەولێر توانیویەتی 50 + 1 مسۆگەر بکات".

چنار سەعد هەروەها دەڵێ بەپێی ئەزموونی ڕابردوو کە پارتی بەتەنیا توانیویەتی بەبێ کێشە ئیدارەی پارێزگای هەولێر بکات، دەتوانێ لەم خولەشدا ئەوە بکات "بەڵام لە سلێمانی ئەو ئەزموونە نییە. دڵنیاشم ئەگەر یەکێتی و گۆڕان 50 + یان بەدەست بهێنایە، بە تەنیا ئیدارەی سلێمانییان پێکدەهێنا".

لەبارەی قسەکانی ئەو بەرپرسەی گۆڕان کە دەڵێت ئەگەر پارتی لە هەولێر هاوکارییان نەکات، ئەوانیش لە سلێمانی هەماهەنگی لەگەڵ ناکەن، چنار سەعد گوتی "ئێمە لە سلێمانی ڕاهاتووین لەگەڵ ئەوەی هیچ پۆستێکی ئیداریمان بەدەستەوە نەبێ، ئەگەر بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکیش پارتی بووبێت، لادراوە".

### کۆمەڵ: ساختەکاری هەڵوێستمان دەگۆڕێت

یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی، بە هەردووکیان 15%ی دەنگەکانی سلێمانییان بەدەستهێناوە، ڕەنگە هەر ئەوان بتوانن گرێ گەورە و ئاڵۆزەکەی سلێمانی بکەنەوە، یانیش ئەزموونی سەرۆکایەتی کابینەی پێنج و شەش تاقیدەکرێتەوە کە دوو ساڵ جارێک بۆ یەکێکیان بێت.

عەبدولستار مەجید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێکیان نەداوە لەگەڵ کێ هاوپەیمانی بکەن "بەڵام ئەگەر ئەو ساختەکارییانە ڕاست دەربچێ کە 4 حیزبەکە لە سلێمانی بەیاننامەیان لەسەر بڵاوکردەوە، ئەوە بێگومان هەڵوێستمان بۆ هاوپەیمانێتی دەگۆڕێ".

عەبدولستار، ڕەتیناکاتەوە کە ئەگەرەکان زیاتر ئەوان لە گۆڕان نزیک دەکەنەوە بەو پێیەی 4 ساڵ پێکەوە کاریان کردووە "بەڵام خۆ ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتیش نەبووە لە نێوانمان، دواتر دەبێ چاوەڕوانی ئەنجامی کۆتایی دەنگەکان بین".

### یەکگرتوو: ئامادەین بۆ گفتوگۆ

شێرکۆ جەودەت، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو دەڵێت "سیناریۆمان بۆ هەردوو جۆری هاوپەیمانێتی و زۆرینە و کەمینە ئامادەیە و ئامادەین بۆ گفتوگۆ".

ئایا یەکگرتووی ئیسلامی چاوەڕوانی پێکهاتن، یان ساخبوونەوەی گۆڕان و یەکێتی دەکات لە سلێمانی؟ شێرکۆ جەودەت دەڵێ "نەخێر". هۆیەکەش دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان گفتوگۆی خۆیان لەگەڵ هەر لایەک دەکەن داوای گفتوگۆیان لێبکات، گوتیشی "هەر جۆرە سیستمێک پەیڕەو بکرێ، داوای سەنگ و قورسایی خۆمان دەکەین بۆ پۆستەکان".

### گۆڕان کام بەڕێوەبەرانە دەگۆڕێ؟

چەند مانگێک پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، ئەوکاتەی کە گۆڕان و یەکێتی گفتوگۆی دانانی پارێزگاری نوێیان دەکرد، بەپێی زانیارییەکان بزووتنەوەی گۆڕان ئەوکات ناوی هەندێک بەرپرسی ئیداری دیاری کردبوو تاوەکو بیانگۆڕێت ئەگەر ئیدارەی پارێزگاکەی گرتە دەست.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) بەڕێوەبەری پۆلیس، شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە لەنێو ئەو ناوانەدا بوون بۆ گۆڕانکاری، بەڵام دانا عەبدولکەریم دەڵێ گۆڕان بۆ گۆڕینی هەر بەرپرسێکی ئیداریی "هەر دائیرەیەک سکاڵای زۆر لەسەر بێت لە ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانین بەرپرسی ئەو فەرمانگە و دائیرەیە بانگ بکەین و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەین".

گوتیشی "گۆڕان داوای ئەوە دەکات بەرپرسە ئەدا خراپەکان لاببرێن، ئەگەر لەگەڵ یەکێتیش ڕێکبکەوین، نابێ یەکێتی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ئەوە وەربگرێ کە بەرگری لە مانەوەی بەرپرسێک بکات پێشتر ئەدای خراپ بووبێت".

## ئەگەر پەرلەمان پرۆژە یاسای کۆمیسیۆن پەسەند بکات

# ریفراندۆمەکە 3 مانگی پێویستە

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە یەکەمین گفتوگۆی هێزە کوردییەکاندا دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، کورد پەیامێکی سیاسی نوێ ڕەوانەی بەغدا دەکات و وەک یەکێک لە بەشداربووەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ (ڕووداو)ی باسکرد "ئەگەر بەغدا ئامادە نەبێ بە ڕاستی گوێ لە داخوازییەکانی کورد بگرێت، ئەوا کورد دەرگایەکی نوێ بەسەر داخوازییەکانیدا دەکاتەوە".

جارێکی دیکە پرسی ڕیفراندۆم گەڕایەوە بۆ سەر مێزی سەرکردەکانی کورد، بەڵام ئەمجارەیان دوای چەند ساڵێک لە ئەزموونی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا و وەک خۆیان دەڵێن دوو دەستی خاڵی. بەپێی ئەو قسانەی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2014/5/17ی سەرکردەی حیزبەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کراون، لایەنە سیاسییەکان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێ بۆ 3 بژارەی (فیدراڵی، کۆنفیدراڵی، سەربەخۆیی)، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێشتا کۆمیسیۆنە کوردستانییەکەی هەڵبژاردن پێکنەهاتووە، ئەو بابەتە ڕەنگە بکەوێتە دوای پێکهاتنی حکومەتی نوێی عێراق.

محەممەد حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان کە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردبوو، دەڵێ ئەو یەکەمجار بیرۆکەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی بردووەتە نێو کۆبوونەوەکە "بۆ ئەوەی عێراق تێبگات ئەگەر جارێکی دیکە بیەوێت پەراوێزت بخات، تۆ وەک کورد چیت بەدەستەوەیە و چی دەکەیت".

محەممەد حاجی مەحموود پێیوایە پێویستە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکردنی یاسای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بکاتە کارە لە پێشینەکانی خۆی و گوتی "ئەوە کاری ڕاستەقینەی پەرلەمانە، نەک ئەو پرۆژە لاوەکییانەی خۆی پێوە سەرقاڵ دەکات".

محەممەدی حاجی مەحموود دەڵێ ئێمە توانیمان بەچەند کاژێرێک لیژنەی دانوستاندن دروست بکەین "دڵنیام ئەگەر پەرلەمان یاساکەی بۆ پەسەند بکات، بە مانگێک کۆمیسیۆنەکەش دروستدەبێ و ڕیفراندۆمەکە دەکرێ".

بەبڕوای هەموو سەرکردەکان و چاودێرانی سیاسیش، ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە هەر لە ئێستاوە ڕوونە و خەڵک دەنگ بە سەربەخۆیی دەدەن. محەممەدی حاجی مەحموود، کە بۆخۆشی لەوە دڵنیایە، دەڵێ ئەو کات ئێمە بە بەغدا دەڵێین "خەڵک داوای سەربەخۆیی دەکەن، بەڵام ئێمە کۆنفیدراڵیمان دەوێت و دەیکەین بە ئەمری واقیع".

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەو پێیەی سەر بەحکومەتی بەغدایە، ئامادە نییە هەڵبژاردن یان ڕاپرسی و ڕیفراندۆمێک ئەنجام بدات کە تایبەت بێت بە پرسی جیابوونەوە و خواستە نەتەوەییەکانی کورد، هەر بۆیە کورد ناچارە کۆمیسیۆنێکی هەڵبژاردنی تایبەت بەخۆی دروست بکات.

محەممەد حاجی، بەرپرسی پەیوەندییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ ڕاستە باسیان لە مەسەلەی ڕیفراندۆم کرد لەو کۆبوونەوەیەدا، بەڵام گوتی قەیرانی زۆر لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە "گوتمان ئەگەر هەر نەگەیشتینە ئەنجام، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و خەڵک".

هەرچەندە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی دیکە دوور دەبێ لە سەرئێشە و بەبێ سکاڵا و هاتوهاواری حیزبەکان کۆتایی دێت، بەو پێیەی هەموو لایەک پێشوازی لە ئەنجامەکەی دەکەن، بەڵام محەممەد حاجی دەڵێ "پێویستە کۆمسیۆن سەرپەرشتی ڕیفراندۆم بکات و پرۆژە یاسای کۆمسیۆنەکەش لە پەرلەمانە".

هەندرێن محەممەد، بەڕێوەبەری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەولێر، دەڵێت پێکهێنانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان زۆر ئاسانە. هێما بۆ چۆنێتی دروستکردنی کۆمسیۆنی ئێستاش دەکات و دەڵێ، ساڵی 2004 بڕیاردرا بۆ یەکەمینجار کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دروست بکرێت "لە ماوەی 4 مانگدا دروستکرا و هەڵبژاردنیش ئەنجامدرا، لە کاتێکدا هیچ ئەزموونێکیش نەبوو لە عێراق".

هەندرێن محەممەد گوتیشی ئەوەی زۆر گرنگە پرۆژە یاساکەیە کە پەرلەمان پەسەندی بکات "میکانیزمەکانی زۆر زەحمەت نییە، لەوانەیە لە کوردستان کۆمیسیۆن باشتر بەڕێوەبچێت، بەوپێیەی هەندێکجار کۆمسیۆنی ئێستا تایبەتمەندییەکانی کوردستان ڕەچاو ناکات لە هەڵبژاردنەکاندا".

بەبڕوای ناوبراو، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بتوانێ لەم مانگەدا، پرۆژە یاسای کۆمسیۆنەکەی کوردستان پەسەند بکات، دەتوانرێ لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا ڕیفراندۆمەکە بکرێ.

ساڵی 2012 پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ پرۆژە یاسای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان کرد و 4 ماددەشی لێ پەسەند کرد، بەڵام دواتر لەسەر دیاریکردنی ئەندامانی کۆمیسیاران پێکنەهاتن و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ڕیسەکە ببێتەوە بە خوری.



(فۆتۆ: AFP)

سالار مەحموود، ئەندامی فراکسیۆنی سەوز لەپەرلەمانی کوردستان، باسی ناکۆکییەکان دەکات و دەڵێ "فراکسیۆنی کوردستانی داوایکرد بە 50+1 ئەندامانی کۆمیسیاران دیاری بکرێن، بەڵام سێ لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکە داوای 2 لەسەر 3یان دەکرد، پاشتر هاتینە سەر ئەوەی بە کۆدەنگی دیاری بکرێن و ئینجا سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان داوایکرد دوابخرێ بۆ خولی داهاتوو".


ئەندامانی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ژمارەیان 7 کەسە، سالار مەحموود دەڵێ "ڕازی بووین بەوەی ئەوەی ئێمە ژمارەیان 9 کەس بێت تاوەکو نوێنەری هەموو لایەنەکانی تێدابێت، کەچی گۆڕان بەوەش ڕازی نەبوون، هەر بۆیە ئەگەر لەم خولەدا ئەو پرۆژە یاسایە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، دەبێ لە سفرەوە دەستپێبکرێتەوە".

کوردستانی
ژمارە (310) دووشەممە 2014/5/19

## "تاوەکو PKK نەبێتە پارتێکی سیاسی باس لە داماڵینی چەک ناکرێت"

**ڕووداو – تورکیا**

جەنگیز چاندار، نووسەر و رۆژنامەوانی ناسراوی تورکیا لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی بوگیونی چاپی تورکیا باس لە پێشهاتەکانی پرۆسەی ئاشتی دەکات لەو وڵاتە و پێیوایە پارتی کرێکارانی کوردستان دەست لە چەک هەڵناگرێت، هەتا رێگەی بۆ خۆش نەکرێت وەک پارتێکی سیاسی بە فەرمی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی تورکیا بکات. چاندار پێیوایە "ئێستا ئیرادەیەکی بەهێز هەیە بۆ ئاگربەست، بەڵام ناکرێت باس لە چارەسەر بکرێت، چونکە قۆناغەکە هیچ خەسڵەتێکی قۆناغی چارەسەری پێوە دیار نییە".



# کورد بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەن تۆمەتبار دەکرێت

**ڕووداو- بەرلین**



کۆنفرانسی ئەرمەنەکان لە تورکیا لەژێر ناوی "رۆڵی کۆمەڵگەی کوردی، ئەرمەنی و سریانی لە تورکیا"

چەند چالاکوانێکی ئەرمەن و سریانی رەخنە لە مێژوونووسانی کورد دەگرن کە سەرەرای هاوکاریی کورد بۆ دەوڵەتی تورک لەکاتی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکاندا، بەڵام دان بەو راستییەدا نانێن و "مێژوو دەشێوێنن".

هەفتەی رابردوو، کۆنفرانسێک لەبارەی کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی 1915ی ئەرمەنەکان لە تورکیا لەژێر ناوی "رۆڵی کۆمەڵگەی کوردی، ئەرمەنی و سریانی لە تورکیا" بەرێوەچوو.

ئەو کۆنفرانسە 7 کاژێری خایاند و هەریەک لە عەلی حەیدەر کۆچ، نووسەر و لێکۆڵەری مێژوویی، ئابوت جان، بەرێوەبەری جڤاکی سریانی لە هامبورگ، هۆفسەپ حەیرانی، نوێنەری کۆمەڵەی دیموکراتی ئەرمەنی لە بەلجیکا، نووسەر ئەردەم ئۆزول، د.بیلگەن ئایاتا لە زانکۆی ئازاد لە بەرلین ئامادەبوون.

هەروەها کەسایەتییە ئەکادیمیەکانی وەکو نلیا ئۆزۆک، لە زانکۆی دەنسۆن لە ئەمریکا لە بەشی مێژوو. رووکەن شەنگول لە زانکۆی تێکساس ئۆستنی ئەمریکی لە بەشی ئەنترۆپۆلۆژیا و د.یاوز ئایکان لە پەیمانگەی کارە ستراتیژییەکان (نانتەس)ی فەرەنسی، لەرێگای سکایپەوە بەشداری کۆنفرانسەکە بوون.

ئابوت جان، بەرێوەبەری کۆمەڵەی سریانی لە (St. Dimet) هامبورگ لە قسەکانیدا گوتی کە لە سەردەمی سەلجوقی و عوسمانیەکاندا زۆر لە سریانەکان ناچارکران ئاینی خۆیان بگۆڕن. جان هەروەها ئاشکرای کرد کە لەماوەی حوکمڕانیی عوسمانیدا زۆر لە سریانەکان بوونە عەلەوی.

ئابوت جان باسی کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی 1915ی کرد و نموونەی بە گوندێکی سریانەکان هێنایەوە و گوتی "لە گوندی زاز، کە سەر بە شارۆچکەی مەدیادە، نزیکەی 700 سریانی لەلایەن دانیشتووانی گوندێکی دراوسێیان کە کوردن کوژران".

ئابۆت جان ئەوەشی بیرخستەوە کە تورکەکان بەیارمەتیی کورد لە ساڵی 1071 هاتوونەتە ناوچەی ئەناتۆلیا و ئەم هاوکارییەیان تاوەکو "شەری رزگاری"ی کۆماری تورکیا بەردەوام بووە. هەروەها ئاماژەی بە رۆڵی کورد لەو کۆمەڵکوژیەدا کرد.

هۆفسەپ حەیرانی، نوێنەری کۆمەڵەی دیموکراتەکانی ئەرمەن لە بەلجیکا لە قسەکانیدا باسی نەریتێکی خراپی کۆمەڵگای کرد و گوتی رووبەڕووبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی پێویستە بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورکیا حیسابی ئەو تاوانانە بدات.

هۆفسەپ ئاماژەی بەوەدا کە کورد لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لە ژێر ناو و گرووپی جۆراوجۆر بەشدارییان پێکراوە لە کوشتنی ئەرمەنەکاندا، ئەو گوتی "هەرچەندە ئەم کارەساتە لەژێر دەستی دەوڵەتدا ئەنجام درابێت و کورد بەرامبەر ئەرمەنەکان بەکارهێنرابن، بەڵام ئەمە بەرپرسیارێتی کورد لەو کارەساتەدا بەلاوە نانێت".

حەیرانی رەخنەی لە مێژوونووسانی کورد گرت و گوتی "راستییەکانی مێژوو وەکو خۆی نابینن و نانووسن".

هەروەها عەلی حەیدەر کۆچ، نووسەر و مێژووناس و لێکۆڵەری مێژوویی باسێکی پێشکەشکرد و تێیدا ئاماژەی بە رۆڵی دەوڵەتانی وەکو ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا و رووسیا کرد و گوتی کە ئەوان رۆڵیان نەبووە، چونکە ئەو دەوڵەتانە لەو سەردەمەدا رێکنەدەکەوتن و بەرامبەر کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان بێدەنگییان هەڵبژارد. بەڵام بەهۆی ئەوەی بەڵگەنامە فەرمییەکانی ئەو سەردەمە ساختەکرابوون، بۆیە بەرپرسیارێتی ئەو دەوڵەتانە لەو رووداوانەدا بەتەواوی نازانرێت.

دوای پێشکەشکردنی سیمینارەکان، هەندێک لە میوانان نارەزایەتییان دەربڕی لەبارەی تێڕوانینەکانی ئابوت جان و هۆفسەپ حەیرانی و گوتیان ئەو سەردەمە هێزی باڵادەست و پلاندارێژەی ئەو کارەساتە دەوڵەت بووە و کوردیش قوربانی بوون و ئەو قسانەی کە کران دوورن لە راستی.

یەکێک لە رێکخەرانی کۆنفرانسەکە بەناوی مەدیحە لندنەر کە هاوکات ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری (KOMKAR)ە، پێداگریی کرد کە بەرپرسیارێتی سیاسی ئەو کۆمەڵکوژییە لە ئەستۆی دەوڵەتی تورکیایە و دەبێ دان بنێت بەو بەرپرسیارێتییە مێژوویی و سیاسییەی خۆی. بەڵام گوتی تورکیا بەردەوامی بە سیاسەتی رەتکردنەوە دەدات لە کاتێکدا کە پێویستە گفتوگۆیەکی ئارام و بێلایەنە لەسەر ئەو رووداوانە بکرێت.

# سەرۆک شارەوانییە گەنجەکەی باکووری کوردستان سزا دەدرێت



**ئوزەی بولوت**
**ڕووداو – ئەنقەرە**

گەنجترین سەرۆک شارەوانی باکووری کوردستان کە لە هەڵبژاردنەکانی ئاداری رابردوودا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لەلایەن دادگایەکی تورکیاوە حوکمی زیاتر لە چوار ساڵ بەندکردنی بۆ دەرچوو.

رێزان زوگورلی، 25 ساڵ، سەرۆکی شارەوانی لیجەی ئامەد لەسەر لیستی BDP، کە گەنجترین سەرۆک شارەوانییە، حوکمەکەی چوار ساڵ و دوو مانگە و تاوانەکەشی بەپێی یاسای دژە تیرۆری تورکیا بریتییە لە "ئەنجامدانی تاوان لە بری PKK بەبێ ئەوەی ئەندامی ئەو رێکخراوە بێت".

رێزان لە کاتی کامپینی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی 30 ئاداردا رایگەیاند کە بڕیاری داوە بەشداریی کاری سیاسی بکات بۆ ئەوەی راست و دروستی پرۆسەی ئاشتی تاقی بکاتەوە. رێزان لەو هەڵبژاردنەدا 91%ی دەنگی هاووڵاتیانی شاری لیجەی بەدەستهێنا.

لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی تورکیا بانگەشەی بەردەوامیدان بە پرۆسەی ئاشتی دەکەن، دادگایی چالاکوانانی کورد و ئەندامانی PKK و لایەنگرانی ئەو پارتە بەردەوامە.

داواکاری گشتی لە ساڵی 2012 دۆسیەی لێکۆڵینەوەی لە دژی رێزان کردەوە و سەرەتا داوای 35 ساڵ بەندکردنی بۆ رێزان دەکرد، لەبەرئەوەی کە رێزان ئامادەی سێ خۆپیشاندان بووە. لە هەڵمەتێکی هەڵکوتانە سەر ماڵەکەیدا، رێزان دەستگیر کرا، ئەوکات ساڵی یەکەمی بوو لە زانکۆی دیجلە و هەروەها کاری لە ئۆفیسی کاروباری ژنان و کەلتوور دەکرد لە شارەوانی باگلار لە ئامەد. رێزان کە تەنیا پەیداکەری بژێوی خانەوادەکەیەتی، دوای 13 مانگ لە زیندان ئازاد کرا.

رێزان تەنیا کەسی خێزانەکەی نییە کە بەهۆی چالاکیی سیاسی رووبەڕووی بەندکردن بووەتەوە، بەڵکو 10 کەسی خێزانەکەی لەسەر کوردایەتی کوژراون.

باوکی رێزان، ئیحسان تانریک ئۆغلو، کە سەرۆکی پێشووی لقی ئامەدی BDP بوو، بە زۆر تورکیای پێ بەجێهێڵرا. باوکی بە تاوانی ئەندامبوونی لە "رێکخراوێکی تیرۆریستی" حوکمی زیندانی بەسەردا سەپێنرابوو.

دادگاکان تەنانەت دایکی رێزانیشیان بەرەورووی دادگایی کردەوە. ئەو تا ئێستا دووجار بانگی دادگا کراوە. داواکاری گشتی داوای 20 مانگ زیندانی بۆ فەیروزی دایکی رێزان کرد بە تۆمەتی ئەوەی وێنەی کەسوکاری کە لەلایەن دەوڵەتەوە کوژراون لەسەر دیواری ژوورەکەی هەڵواسیوە و وێنەکان لەلایەن پۆلیسەوە دەستیان بەسەدا گیرا و وەکو بەڵگە پێشاندران کە گوایە ئەو وێنانە بەڵگەی بوونی پەیوەندییانە بە PKKوە.

فەیروز دەڵێت هەر لە ساڵی 1984وە کە خێزانەکەی ماڵیان بۆ ئامەد گواستووەتەوە، رووبەڕووی توندوتیژیی پۆلیس بوونەتەوە "باری دەروونیی منداڵەکانم وێران بوون. رێزان لە ماڵەکەماندا و لە پێش چاوی کوڕە 4 ساڵانەکەم دەستگیر کرا، هەر لەو کاتەوە کوڕەکەم کێشەی دەروونی بۆ دروستبووە".

تاهیر ئێلچی، سەرۆکی کۆمەڵەی پارێزەرانی ئامەد دەڵێت کە هەندێک لە یاساکانی تورکیا رێگە بەو ناعەدالەتییە دەدەن "یاسای دژە تیرۆری تورکیا دژی ئازادیی رادەربڕین و کاری رێکخراوەییە لە تورکیا. تەنانەت ئەو کەسانەی کە بەشداری خۆپیشاندان دەکەن یان بەیاننامە دەردەکەن بەپێی ئەو یاسایە سزا دەدرێن".

تاهیر بە (ڕووداو)ی گوت "دادگا تایبەتەکان داخراون، بەڵام بڕیاری ناعادیلانە تا ئێستاش هەر دەردەکرێن، چونکە یاسا دژە دیموکراسییەکان هێشتا لانەبراون."

بەپێی یاسای دژە تیرۆری تورکیا، دەکرێت کەسێک تاوانی ئەندامبوونی لە رێکخراوێکی تیرۆریستی بەسەردا بسەپێنرێت بەبێ ئەوەی ئەندامی ئەو رێکخراوە بێت و تۆمەتەکەی بە ئەنجامدانی تاوان لەبری رێکخراوێکی لەوجۆرە بەسەردا ساخ ببێتەوە.

رێکخراوی نێودەوڵەتی هیومان رایتس واچ دەڵێت یاسای دژە تیرۆری تورکیا پێناسەیەکی ناڕوون و فراوانی بۆ تیرۆریزم هەیە.

بێنیامین وارد، نوێنەری رێکخراوەکە لە ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاست دەڵێت "بەکارهێنانی یاسای دژە تیرۆر بۆ دادگایی سەرۆک شارەوانیەکان و ئەندامانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی کێشەیە و هەمووانیش زۆر جار دەبینین ئەوە روودەدات". ئەو هەروەها دەڵێت "بێ ئەوەی کە بەڵگەی تەواو بخەنەڕوو لەسەر ئەو کەسانەی دادگایی دەکرێن، دەردەکەوێت کە دادگاکان جگە لە هەوڵی سەرکوتکردنی سیاسی چ ئامانجێکی دیکەیان نییە".

رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵیش تێبینی لەسەر یاسای دژە تیرۆری تورکیا هەیە. ئەو رێکخراوە دەڵێت "پێناسەی تیرۆریزم لەم یاسایەدا زۆر فراوانە، ناڕوونە و ئەو مەرجە یاساییانەی تێدا نییە کە یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی داوای دەکات".

## سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان



# داوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریمان لێ دەکرێت

**دەنیز سێرنجی**
**ڕووداو- کۆپنهاگن**

خالید عەزیزی، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) دەڵێ، سەرقاڵبوونی وڵاتانی رۆژئاوا بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە وای کردووە کێشە گرنگەکانی دیکەی وەک مافی مرۆڤ و سەرکوتکردنی کورد لەو وڵاتە لەبیر بکرێت.

لەکاتی سەردانێکی ئەم دواییەی بۆ دانیمارک، عەزیزی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سیاسەتەکانیاندا لە بەرامبەر ئێران، بە تەنیا تەرکیز بخەنە سەر بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئەو وڵاتە، ئەوا رەنگە لەو سیاسەتەیاندا سەرکەوتوو نەبن."

عەزیزی رووی دەمی کردە وڵاتانی رۆژئاوا و گوتی "تکایە باس لە دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ بکەن و دەبێت رژێمی ئێران بەرپرسیار بکرێت لەبەرامبەر خەڵکەکەی. پێویستە تەرکیز بخەنە سەر مافی کورد".

عەزیزی لەسەردانەکەیدا چاوی بە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی دانیمارک کەوت بەمەبەستی پەیداکردنی پشتگیری بۆ خەباتی کورد و بەدەستهێنانی مافی زیاتر لە ئێران.

پاش کۆبوونەوەی لەگەڵ عەزیزی، هۆڵگەر نیلسن کە تاوەکو 2014/1/30 وەزیری دەرەوەی دانیمارک بوو، بەڵێنی دا کە سەرنجی زیاتر بدەنە بارودۆخی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام جەختی کردەوە کە ناتوانرێ بەراورد بکرێ لە نێوان گرنگیی بەرەنگاربوونەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتە.

نیلسن بە (ڕووداو)ی گوت "زۆر جێگەی مەترسی دەبێت ئەگەر ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستە بەردەوام بین لە رەخنەکانمان لەسەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا".

بەپێی وتەی ئەحمەد ئالیسی، مێژوونووس لەزانکۆی بۆگازیچی و شارەزای پرسی کورد، لە پاش شکستەکەی ساڵی 1984 لە بەرامبەر رژێمی ئێران، بزووتنەوەی کوردی لەو وڵاتە بەتەواوی رووی لەلاوازبوون کرد. بۆیە سەرنجەکانی رۆژئاوا زیاتر لەسەر کوردی عێراق و تورکیا و سووریایە.

ئالیس بە (ڕووداو)ی گوت "سەرەڕای ئەوەش، لە پاش کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکدارییان لەساڵی 1990 پارتە کۆنە کوردییەکانی ئێران هیچ پاڵنەرێکی سیاسییان نەماو تووشی جیابوونەوە بوون و ئەندامەکانیان بەرەو هەرێمی کوردستان و ئەوروپا رۆیشتن".

ئالیس پێیوایە هۆکارێکی دیکە نەبوونی سەرکردەیەکی کاریگەر و بەهێزە لە نێو کوردی ئێران. لەساڵی 1989 عەبدولڕەحمان قاسملو سکرتێری پێشووی پارتەکە لەکاتی گفتوگۆکانی لەگەڵ ئەفسەرانی هەواڵگریی ئێران لە ڤیەننا تیرۆرکرا. جێگرەوەکەی کە سادق شەرەفکەندی بوو، ساڵی 1992 لە بەرلین دیسان لەکاتی دانوستاندندا بەهەمان چارەنووسی ئەو گەیشت.

لەساڵانی نەوەتەکاندا، ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران چوونە هەرێمی کوردستان و لەپێناو رێگریکردن لە کاردانەوەی هێرشەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان، رازیبوون بەوەستاندنی هێرشەکانیان بۆ سەر ئێران لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە.

عەزیزی گوتی "هەندێک دەنگی ناو پارتەکەی داوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دەکەن"، بەڵام ئەو پێیوایە کە دەبێت کێشەی سیاسی و نەتەوەیی لە رێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێت.

"بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئەزموونی خەباتی چەکداریمان هەبوو، بەڵام وەڵامی کێشەکانمان نەبوو. خەباتی چەکداری تەنیا بیانوو بە ئێران دەدات وەک گرووپی توندوتیژ وێنامان بکات". عەزیزی وایگوت.

ژمارەی کورد لەئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەشت ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت بەبێ بوونی پارتێکی سیاسی کوردی رێگەپێدراو لەو وڵاتە.

عەزیزی گوتی پارتەکەی خوازیاری سیستمێکی فیدراڵییە بۆ ئێران کە تێیدا هەموو نەتەوەکان مافە سیاسی و کەلتوورییەکانیان پارێزراو بێت.

حیزبی دیموکرات بۆ دوو گرووپ دابەش بووە، یەکێکیان لەلایەن عەزیزییەوە بەرێوەدەبرێ و ئەوی دیکەیان لەلایەن مستەفا هیجری. ماوەیەکە گفتوگۆکان بەردەوامن بۆ یەکخستنەوەی هەردوو باڵەکەی ئەو حیزبە.

ڕووداو
ژمارە (310) دووشەممە 2014/5/19



## سەنعان قەساب دەردەكەوێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی ڕێكنەكەوتنی لایەنە توركمانییەكان لەسەر كاندیدی پۆستی وەزیری داد، ئێستا قسە لەسەر دانانی سەنعان قەساب، سەرۆكی پێشووی بەرەی توركمانی دەكرێت، كە ماوەیەكی زۆرە ناوی لەنێو گۆڕەپانی سیاسی ونبووە. ئایدن مەعرووف، ئەندامی فراكسیۆنی بەرەی توركمانی لە پەرلەمانی كوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە وەك بەرەی توركمانی هیچ كاندیدێكمان نییە بۆ وەزارەتی داد، بەڵام بەهێزترین كاندید ئێستا سەنعان ئەحمەد ئاغایە بۆ وەرگرتنی ئەو وەزارەتە". گوتیشی "هەموو كەسێك چاوەڕێ دەكات كە ئەو وەزارەتە بدرێتە سەنعان ئەحمەد ئاغا، بەهۆی ئەوەی خاوەنی ئیرادەی خۆیەتی و شارەزایە لەو بوارەدا و چەندین ساڵە پارێزەرە".

# پۆستە سیادییەكانی كوردستان دەكەونە دەست گەنجان

**مەحموود یاسین كوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆڕانكارییە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان بە خێرایی ڕوودەدەن، بە تایبەتی لە دوای هەڵبژاردنەكانی 21ی ئەیلولی 2013 كۆمەڵێك سیمای تازەی سیاسی نەناسراو هاتنە گۆڕەپانەكە، بە جۆرێك زۆربەی پۆستە سیادییەكانی هەرێمی كوردستان كەوتنە دەستی گەنجان.

### دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان هاوتەمەنن

د.یوسف محەممەد سادق سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان لە ساڵی 1978 لە دایكبووە، سەرۆكی بەشی زاستە ڕامیارییەكان بووە لە زانكۆی سلێمانی. پێشتر سەرۆكی بزووتنەوەیەك بووە بەناوی هەتا كەی. بەڵام ئەستێرەی بەختی ئەو گەنجە لەناو بزووتنەوەی گۆڕان هەڵكشا و لە هەڵبژاردنەكانی 2013 سەرۆكی لیستی بزووتنەوەی گۆڕان بوو كە 39 هەزار و 922 دەنگی بەدەستهێنا.

گۆران ئازاد محەممەد كە لەلایەن یەكێتی نیشتمانی دەستنیشانكراوە بۆ جێگری سەرۆكی پەرلەمان، لە 1978/6/5 لە كۆیە لەدایكبووە، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە یاسا. لەناو حیزبەكەی لێپرسراوی كۆمیتەی زانكۆ، بەڕێوەبەری كاروباری خوێندكارانی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان بووە. چالاكی سیاسی و حیزبی كەمترە لەچاو ئەو كەسانەی پۆستی باڵایان لەناو یەكێتی وەرگرتووە، بەڵام لە خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان لەسەر پشكی یەكێتی بە ئەندامی پەرلەمانی كوردستان هەڵبژێردرا. لە هەڵبژاردنی ڕابردووش 7711 دەنگی هێنا و بۆ خولێكی دیكە هەڵبژێردرایەوە.

بە گوێرەی زانیارییەكانی ڕووداو د.فەرسەت سۆفی كاندیدی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ سكرتێری پەرلەمانی كوردستان لە 1978/5/21 لە چۆمان لەدایكبووە، بڕوانامەی دكتۆرای هەیە لە یاسای نێودەوڵەتی، ئەندامی مەكتەبی ڕێكخراوە جەماوەری و پیشەییەكانی پارتی بووە، هاوكات ماوەیەك ئەندامی دەستەی ڕاوێژكاری دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم بووە، هەرچەندە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە ڕیزبەندی كاندیدەكانی پارتیدا ژمارە 100 بوو، بەڵام یەكێك بوو لەو كاندیدانەی زۆرترین دەنگیان هێنا و دەنگەكانی ئەو 17 هەزار و 331 دەنگ بوو.









### نێچیرڤان بارزانی ستانداردەكەی تێپەڕاندووە

نێچیرڤان بارزانی، 48 ساڵ، ئەگەرچی تەمەنی ستانداردی جیهانی گەنجانی تێپەڕاندووە، بەڵام بەلای زۆر كەسەوە یەكێكە لە گەنجە سیاسییەكان، ناوی تەواوی نێچیرڤان ئیدریس مستەفایە. لە ساڵی 1966 لەدایكبووە، لە زانكۆی تاران زانستە ڕامیارییەكانی خوێندووە. لە ساڵی 1989 لە كۆنگرەی پارتی بە ئەندامی مەكتەبی سیاسی ئەو حیزبە هەڵبژێردرا، لە ساڵی 1996 بە جێگری سەرۆكی حكومەت- ئیدارەی هەولێر دەستنیشان كرا، لە ساڵی 1999 بووە سەرۆكی حكومەتی ئیدارەی هەولێر و پاش یەكخستنەوەی ئیدارەكانی هەولێر و سلێمانیش بە سەرۆكی حكومەتی یەكگرتوو دەستنیشان كرایەوە، لە ساڵی 2012 بە سەرۆكی كابینەی حەوتەمی هەرێمی كوردستان دیاری كرا و ئێستاش كاندیدی پارتییە بۆ سەرۆكایەتی كابینەی نوێ.

### تاڵەبانیی جێگری بارزانی

قوباد جەلال حیسامەدین تاڵەبانی، كوڕە گچكەی مام جەلالە، لە 21 تەمموزی ساڵی 1977 لە دیمەشقی پایتەختی سووریا لەدایكبووە.

هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆسە لە ئەندازیاریی میكانیك لە زانكۆی كینگستۆن لە بەریتانیا. ساڵی 2000 لە ئەمەریكا وەك یاریدەدەری د.بەرهەم ساڵح نوێنەری (ی.ن.ك) كاری كردووە. ساڵی 2004 دەبێتە نوێنەری یەكێتی لە واشنتن. لە 2006 دەبێتە نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ئەمەریكا. دواتر لە كابینەی ڕابردوو كرایە سەرۆكی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجوومەنی وەزیران، لە كۆبوونەوەی مەكتەبی سیاسی یەكێتی لە ڕۆژی 2014/5/18 بۆ پۆستی جێگری سەرۆكی حكومەت دەستنیشان كرا.

### ئاسایشیش لە دەست گەنجانە

مەسرور بارزانی، لە ساڵی 1969 لە دەڤەری باڵەكایەتی لە دایكبووە. كوڕە گەورەی مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستانە. بڕوانامەی دیبلۆمی لە ئێران بەدەستهێناوە، لە ساڵی 1994 بۆ خوێندن چووەتە لەندەن و دواتر ئەمەریكا و لەوێ بەكالۆریۆسی لە زانستە سیاسییەكان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەكان وەرگرتووە.

بڕوانامەی ماستەری لە بواری (ئاشتی و چارەسەری قەیرانەكان) بە دەستهێناوە، لە كۆنگرەی 12ی پارتی بە ئەندامی سەركردایەتی و دواتر مەكتەبی سیاسی هەڵبژێردرا. لە ساڵی 2000 وەك بەرپرسی دەزگای پاراستن دەستنیشان كراوە و لە ساڵی 2011 بووە ڕاوێژكاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی كوردستان.

## كوردۆ باكسی، كاندیدی كورد بۆ پەرلەمانی ئەوروپا:

# كاندیدی كورد هەیە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا ئینگلیزی نازانێت

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- ستۆكهۆڵم**

كوردۆ باكسی، پاڵێوراوی ژمارە 8ی پارتی ژینگەی سوێد بۆ پەرلەمانی ئەوروپا، یەكێكە لە پێنج كاندیدی كورد لە سوێد بۆ پەرلەمانی داهاتووی ئەوروپا. باكسی ڕەخنە لە هەندێك كاندیدی كورد دەگرێت بۆ پەرلەمانی ئەوروپا و دەڵێت "ئینگلیزی نازانن".

باكسی لە بنەماڵەیەكی ناسراوی باكووری كوردستانە و زیاتر لە 30 ساڵە لە سوێد دەژیت. خێزانەكەیان وەك خێزانێكی سیاسی ناسراون. وەك خۆی دەڵێت "ئەمە وای كردووە وەك كورد و هاوكات وەك سوێدییەك بیر بكەمەوە".

باكسی زۆر هاوڕێی گەورە سیاسەتمەداری هەیە و بەهۆی ئەو پاشخانە بەهێزەی لە بواری فكر و نووسین و زمان هەیەتی، سەركردایەتی پارتی ژینگەی سوێد پێشنیازی كرد كە لەسەر لیستی ئەوان خۆی كاندید بكات. باكسی دەڵێت "وەك پێویستییەك بۆ كورد و بۆ خۆشم، بە پێویستم زانی پێشنیازەكە قبوڵ بكەم".

خێزانی باكسی وا ناسراون كە لە سۆسیال دیموكراتەكان نزیكن. ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە ڕابردووی نالین باكسی خوشكی كوردۆوە هەیە كە لەسەر لیستی سۆسیال دیموكراتەكان ئەندامی پەرلەمانی سوید بوو. بەڵام كوردۆ دەڵێت "پارتی ژینگە نزیكترین پارتە لە كورد".

### لەسەر خەڵاتەكانی دەژیت

خەڵاتی ئۆلف پاڵما بۆ ئاشتی، ساڵانە لەلایەن دامەزراوەیەكی پارتەكەی پاڵماوە دەدرێتە كەسایەتییە ناسراو و پڕ كاریگەرییەكانی وڵات. ئەو خەڵاتە لە ساڵی 2009 درایە كوردۆ باكسی.

خەڵاتەكە جگە لە لایەنە مەعنەوییەكەی، بڕی 50 هەزار دۆلاری لەگەڵدایە. كوردۆ بە پێكەنینەوە گوتی "ئەوە ژیانی چەندین ساڵی دابین كردم".

باكسی خاوەنی 10 خەڵاتی دیكەیە بەهۆی كارە ڕۆژنامەوانییەكانی كە زۆربەیان خەڵاتی ماددی بوون. ئەو بەپێكەنینەوە گوتی "هەموو ساڵێك خەڵاتی ماڵیی دێت".

جگە لە داهاتی خەڵاتەكان، داهاتی سەرەكیی كوردۆ باكسی لە ڕێگەی نووسینەكانیەتی. كتێبەكانی باكسی بە دەیان هەزاری لێدەفرۆشرێت". كوردۆ دەڵێت "پەرتووكەكانم بە سوێدی، فەرەنسی، ئیسپانی و ئینگلیزی بڵاوبوونەتەوە". ئەو پێیوایە پەرتووكەكانی بۆ ئەو چانسێكی باشن بۆئەوەی لەم هەڵبژاردنە دەنگی پێویست بهێنێ.

### "ژینگە لە سۆسیال دیموكراتەكان گونجاوترە"

پێشتر كوردۆ لەسەر سۆسیال دیموكراتەكان حیساب دەكرا، بەڵام ئێستا بەوە تۆمەتبار دەكرێت كە سەنگەری گواستووەتەوە. كوردۆ لەوبارەیەوە دەڵێت "هیچ پارتێك لەسەرمان ماڵ نییە". گوتیشی "سۆسیال دیموكراتەكان پاشەكشەیەكی گەورەیان كردووە و هەڵوێستیان بەرامبەر كوردیش باش نییە، سیاسەتی پارتی ژینگە زۆر گونجاوتر و باشترە بۆ كورد".

سۆسیال دیموكراتەكان لەسەر ئاستی سوید و دنیاش دژی سەربەخۆیی كوردستانن، بۆیە كوردۆ دەڵێت "چۆن لە پارتێكدا بم كە دژی سەربەخۆیی كوردستان بێت".

لە ئاستی كوردستان و پرسی كورد، كوردۆ باكسی لەلایەن زۆر لە كوردی سوێدەوە وا ناسراوە كە خۆی لە پارتەكانی دەسەڵات نزیكە و پارتەكەشی لە ئۆپۆزیسیۆن. بۆیە هاتنی ئەو بۆ ناو پارتی ژینگە دووبارە دەیخاتەوە بەردەم پرسیار، بەڵام ئەو دەڵێت "من نەك تەنیا پارتی و یەكێتی، لەگەڵ هەر 27 پارتەكەی سوید پەیوەندیم هەیە".

گوتیشی "ئۆپۆزیسیۆن شتێكی كاتییە و ئەمڕۆ ئۆپۆزسیۆنە، سبەینێ دەبێتە دەسەڵاتدار". سەبارەت بە نزیك و دووریشی لە پارتەكان هەروەها دەڵێت "نزیكیم لە پارتی ژینگەش بەهەمانشێوە كاتییە، بەڵام ئەوەی ستراتیژییە، پەیوەندی كوردستانیبوونە. منیش ئەو ڕۆڵە دەگێڕم". گوتیشی "بەهەمان شێوەی پەیوەندیم لەگەڵ سەركردەكانی دیكە، لەگەڵ نەوشیروان مستەفاش پەیوەندیم زۆرباشە".

سەبارەت بە بەشداریی خەڵك لە پرۆسەكانی دەنگدان و چۆنێتی دەنگدان، باكسی تەنیا كوردبوون بە گرنگ دەزانێت و دەڵێت "ئەوەی گرنگە كورد بچێتە پەرلەمانی ئەوروپا". بەڵام وەك دەڵێت پاشخانی ئەكادیمی و تەكنیكی زۆر گرنگە، بۆیە دەڵێت "لۆژیكی نییە تۆ بچیتە پەرلەمانی ئەوروپا و لانیكەم زمانی ئینگلیزی نەزانی". ئەوەش وەك ئاماژەیەك بۆ یەكێك لەو كاندیدە كوردانەی كە تەنیا كوردی و سوێدی دەزانێت، بۆیە دەڵێت "كورد دەبێ بزانێ دەنگ بە كێ دەدات و كێ دەتوانێت نوێنەرێكی بەهێزی ئەو بێت".

لە نەریت و ڕێسای هەڵبژاردنەكانی سوێددا، 10 یەكەمەكانی ڕیزبەندی كاندیدەكان، ئەگەری دەرچوونیان زیاترە و مافی لێدوان و دەركەوتنیان زیاترە. لەوبارەیەوە كوردۆ باكسی گوتی "بێگومان دەنگدەرانی كورد دەبێ بزانن بۆچی من لە ڕیزبەندییەكەدا ژمارە هەشتم".

### ● دەبێ كورد بزانێت بۆچی من ژمارە هەشتم



## سەرۆكی پەیمانگەی سیاسەت و ئایین لە مۆسكۆ:

# دەستوورەكەی سەدام زۆر باشتر بوو لەوەی ئێستا هەیە

**خۆشەوی محەممەد**
**ڕووداو- مۆسكۆ**

سەرۆكی پەیمانگەی سیاسەت و ئایین لە مۆسكۆ پێیوایە دەستووری هەمیشەیی عێراق بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ سیاسەتی ئێستای عێراق ناگونجێت و دەڵێت "دەستوورەكەی سەددام شتی خراپی تێدابوو بۆ كورد، بەڵام لەو دەستوورەی ئێستا باشتر بوو".

سەرەتای ئەم مانگە مینی كۆنفرانسێك لەبارەگای سەرەكی تۆڕی هەواڵی ڕیانۆڤست لە مۆسكۆی پایتەختی ڕووسیا لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ژێر ناوی "هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی 30 نیسانی عێراق، كاریگەری دەبێت لەسەر بەرقەراركردنی ئاسایش لە وڵاتدا؟" ساز كرا. د.ئاسۆ تاڵەبانی، نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستان وەك لایەنی كوردی بەشداربوو، هەروەها حەسەن نەدەوی، نوێنەری حیزبی شیوعی عێراق لە ڕووسیا وەك لایەنی عەرەبی عێراق و پرۆفیسۆر ئەلێكساندەر ئەلێكساندەرۆڤیچ، سەرۆكی پەیمانگای سیاسەت و ئایین لە مۆسكۆ وەك توێژەری سیاسی تایبەت بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پسپۆڕی جیۆپۆلەتیكی ڕووسی وەك بەشداربوویەكی سەرەكی ئامادەی كۆنفرانسەكە بوو.

حەسەن نەدەوی، باسی خراپیی بارودۆخی ئەمنیی عێراق و كاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنەكان كرد و گوتی "كێشە ئەمنییەكانی عێراق زۆرتر دەبن ئەگەر جارێكی دیكە ڕێگە بە مالیكی بدرێت ببێتەوە سەرۆك وەزیرانی عێراق".

د.ئاسۆ تاڵەبانی، سەبارەت بە ئەنجامەكانی هەڵبژاردن قسەی كرد و گوتی "بەپێی ئەنجامە بەراییەكان مالیكی زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە، چانسی زیاتری دەبێت بۆ ئەوەی جارێكی دیكە ببێتەوە بە سەرۆك وەزیرانی عێراق". بەڵام گوتی "ویلایەتی سێیەمی مالیكی بەلای كوردەوە تا ڕاددەیەك ئەستەمە و جێی قبوڵكردن نییە. چونكە مالیكی لە ماوەی دوو خولی ڕابردوودا نەك داواكارییەكانی كوردی جێبەجێ نەكردووە، بگرە دژایەتی كوردیشی كردووە. بۆیە دەبێت مالیكی بتوانێت دڵی كورد و عەرەبی سوننە لە خۆی ڕازیبكات و قەرەبووی ئەو هەڵانە بكاتەوە كە لە ڕابردوودا كردوونی دژ بەلایەنە عێراقییەكان بۆ ئەوەی بتوانێت خولی سێیەمی دەسەڵات بۆ جارێكی دیكە وەربگرێتەوە".




لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا مالیكی بەپێی ڕێككەوتننامەیەك كە لە شاری هەولێر بە هەوڵەكانی مەسعود بارزانی واژۆ كرا، بۆ جاری دووەم بووەوە سەرۆك وەزیرانی عێراق، بەڵام پابەند نەبوو بەجێبەجێكردنی خاڵەكانی نێو ڕێككەوتنەكە، لەوانەش پابەند بوون بە دەستوور و جێبەجێكردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق. جگە لەوەش چەندین گرفتی بۆ كورد دروست كرد، دوا كارتی مالیكیش دژی كورد بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی كوردستان بوو.

ئەلێكساندەر ئەلێكساندەرۆڤیچ باسی لە گرنگی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەكەی عێراق كرد و هەروەها باسی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاكانی ڕاگەیاندنی كرد لە ڕووسیا كە لەو ماوەیەدا چەندینجار پەیوەندییان پێوە كردووە بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بابەتە قسەیان بۆ بكات كە بەڕای ئەو، ئەوەش گرنگیی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی عێراق نیشان دەدات.

ئەلێكساندەر باسی كێشە ناوخۆییەكانی عێراقی كرد و ئەمریكاییەكانی بە بەرپرسی ئەو كێشانە دانا، بە تایبەتی پۆڵ بریمەر، حاكمی كاتیی عێراق. ناوبراو باسی دەستووری عێراقی كرد كە مالیكی لە زۆربەی قسەكانیدا پابەندبوونی خۆی پێیەوە دووپات دەكاتەوە و گوتی "دەستوور بەهیچ شێوەیەك ناگونجێت لەگەڵ سیستەمی سیاسیی عێراق، دەستوورێكی خراپە".

ئینجا ئەو دەستوورەی لەگەڵ دەستووری كاتی سەردەمی سەدام حوسێن بەراورد كرد و گوتی "هەرچەندە گەلی كورد و هەندێك لایەنی دیكە زەرەرمەند بوون بە هۆكاری جیاواز، لەوانەش هاوردەكردنی عەرەبەكان لە ناوچەكانی دیكەوە و نیشتەجێكردنیان لەسەر خاكی كورد، بەڵام دەستوورەكەی سەردەمی سەددام باشتر بوو لەم دەستوورەی ئێستا".

ئەلێكساندەرۆڤیچ ڕوونكردنەوەی لەوبارەیەوە دا و گوتی "دەستووری ئەوكات توانیبووی تارادەیەك باڵانس ڕابگرێت لە نێوان لایەنە عێراقییەكاندا".

سەبارەت بەپشتگیریی ڕووسیاش بۆ هەرێمی كوردستان لەكاتێكدا ئەگەر بیەوێ ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ڕێكبخات، ئەلێكساندەر ڕاشكاوانە گوتی "من لەگەڵ گەلی كورد هاوڕام كە بە مافی خۆیان بگەن، بەڵام دەبێت لە چوارچێوەی یاسا بێت، ئەوە ڕای شەخسیی خۆمە، ئەوەندەی من ئاگادار بم ڕووسیاش هەمان سیاسەت و ڕای سەبارەت بە كوردستان هەیە".

# بەریتانیا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکۆڵێتەوە

چارلس تریپ، پرۆفیسۆری خوێندنی ئاسیایی و ئەفریقایی لە زانکۆی لەندەن:

حکومەت بە وریاییەکی لە ڕادەبەدەرەوە مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە

**هارڤی مۆریس**
**ڕووداو- لەندەن**

سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەریتانیا لە کاتێکدایە کە لە ماوەی ڕابردوودا پەرلەمانی بەریتانیا کۆبوونەوەیەکی تایبەت کرد بە کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق. لەوێ بە پەرلەمانتارە بەریتانییەکان گوترا بۆ ئەوەی بەغدا نیگەران نەبێت، وڵاتەکەیان حەزەری زۆر دەکات لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەریتانیا، ئێستا سەرقاڵی پێداچوونەوەی سیاسەتەکانی حکومەتەکەیەتی لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان و لەو ساردوسڕییەی حکومەتی بەریتانیا بەرامبەر کورد دەکۆڵێتەوە.

گارێس ستانفیلد، پرۆفیسۆر لە زانکۆی ئێکستەری بەریتانیا کە یەکەم کەس بوو لەبەردەم کۆمیتەکەدا دەرکەوت، هۆشداری دا لەوەی ڕەنگە کۆمپانیا بەریتانییەکان زەرەرمەندبن لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەوە، سەرەڕای ئەوەی بەریتانیا وەک هاوبەشی هەڵبژاردە لەلایەن هەولێرەوە تەماشا دەکرێت.

گارێس ستانفیلد گوتی "حەزەر هەیە دەربارەی پەیوەندییەکانی بەریتانیا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها ئاستی مامەڵەی ئابووری بەریتانیا لە کوردستان زۆر کەم بووە".

ئەو گوتی ئەم هەڵوێستەی بەریتانیا ئەنجامی ئەو سیاسەتەیە کە کارێک نەکات هەڕەشە بێت بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و دەستووری عێراق.

چارلس تریپ، پرۆفیسۆری خوێندنی ئاسیایی و ئەفریقایی لە زانکۆی لەندەن گوتی ئەو سیاسەتەی بەریتانیا پەیڕەوی دەکات لە ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان بەغدا و هەولێر دەکرێت وەک حەزەرێکی لە ڕاددەبەدەر سەیر بکرێت.

"هێشتا حکومەتی بەریتانیا هەیمەنەی بەغدای لەخۆی دانەدڕیوە. بەریتانیا زۆر بە وریاییەوە ڕۆڵی گێڕاوە و دەتوانین بڵێین بە وریاییەکی لەڕادەبەدەرەوە مامەڵەی کردووە".

تریپ گوتیشی، ئەنجامەکە ئەوەبووە کە دەبینرێ، بەریتانیا ڕۆڵێکی کەمی گێڕاوە لە دامەزراندنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پرۆفیسۆر ستانفیلد گوتی حکومەتەکانی دیکەی ئەورووپا سوودێکی باشتریان وەرگرتووە لەو هەلە ئابوورییانەی کە هەرێمی کوردستان پێشکەشی کردووە "ئەنجامەکە ئەوە بووە کە لە هەندێ ڕووەوە حکومەتەکانی دیکە پێشەنگییەکەیان دزیوە. ئێمە لەدواوەین لەوەی ئێستا چی دەکەین و چۆن دەیکەین."

هەردوو پرۆفیسۆرەکە کۆک بوون لەسەر ئەوەی ئەو سیاسەتەی بەریتانیا پەیڕەوی دەکات ڕەنگدانەوەی مێژووی ڕابردووی بەریتانیایە لە عێراق کە وەک دەستتێوەردەر لە کاروبارەکانی عێراق تەماشا دەکرێ.

"لە تێڕوانینی بەغداوە، هەرگیز خەڵک لەوە زیاتر تووڕە نابێت کە بەریتانیا وەک هێزێکی سەرچاوەی هەڕەشە و داگیرکەر لە عێراق وێنا بکرێ". پرۆفیسۆر تریپ گوتی "هەر هەنگاوێک و کارێک ماف بە جیابوونەوەی هەرێمێک بدات بێگومان لەلایەن عێراقەوە بە هەند وەردەگیرێت".


پەرلەمانی بەریتانیا

بە بڕوای ستانفیلد، بەریتانیا ڕۆڵێکی باشی گێڕاوە لە پشتگیریکردنی سەرکردەکانی کورد لە مێژووی نوێدا، بەڵام گوتیشی "جار هەبووە کە کورد و پێگەکەی بە گرنگییەوە تەماشا نەکراوە لەلایەن بەریتانیاوە. جار هەبووە هەڵوێستی وەلانان بەرامبەر پێگەی کورد هەبووە".

گوتیشی "بەریتانیا تەرکیزی خستووەتە سەر تەفسیرێکی توندی دەستووری عێراق. سیاسەتی بەریتانیا لەسەر جەختکردن لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق بەهەموو نرخێک، وای کردووە ئەو وڵاتە شکست بهێنێ لە دەستپێشخەریکردن وەک ناوبژیوانێکی بێلایەن لەنێوان بەغدا و هەولێر".

ئەو شارەزایانە گوتیان، ئەو حەزەرەی بەریتانیا وای کردووە حکومەت بە فەرمی هەڵمەتی ئەنفال وەک جینۆساید نەناسێنێت، سەرەڕای دەنگدانی پەرلەمانی بەریتانیا لەسەر ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید.

پرۆفیسۆر ستانفیلد گوتی بە "جینۆساید نەناساندنی ئەنفال لەلایەن بەریتانیاوە بووە مایەی تووڕەیی خەڵکی کوردستان". بەڵام تریپ ئاماژەی بەوەکرد کە حکومەت دوودڵ بوو لە پشتگوێخستنی چەوسانەوەی کورد لەترسی ئەوەی وەک کەمتەرخەم لە ئاست نەهامەتی عێراقییەکان لە سەردەمی سەدام حوسێن تەماشا بکرێت".

کۆمیتەی کاروباری دەرەوە کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەستنیشانکراوە بۆ شیکردنەوەی سیاسەتەکانی دەرەوەی بەریتانیا، بڕیارە پرسیار لە شارەزایانی دیکە بکات بەر لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی.

هەڵبژاردنی ئەو بابەتە بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیارەکانی بۆ پێداچوونەوەی سیاسەتەکانی حکومەت لەبەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەیە بۆ زیادبوونی گرنگیی هەرێمەکە بۆ سیاسەتمەدارانی ئەورووپا.

---

## لەناو کۆمەڵ زۆرترین و لەناو گۆڕان کەمترین گلدانەوەی مووچە هەیە

# پلەدارانی کۆمەڵ و گۆڕان و یەکگرتوو مانگانە 357 ملیۆن دینار دەدەنە حیزب



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بە زیادبوونی ژمارەی نوێنەرەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پارێزگاکان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی دەتوانن قازانجێکی باشتریان لەڕووی داراییەوە دەستبکەوێ، بەو پێیەی نیوەی مووچەی نوێنەرەکانیان بۆ حیزبەکەیە، بەڵام هەرسێ لایەنەکە لە بڕی مووچە گێڕانەوەکەدا وەک یەک نین.

هەرچەندە پێگە و قەبارەی کۆمەڵی ئیسلامی 4 ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوو بەراورد نەدەکرا، بەڵام لە ڕێگەی لێبڕینی مووچەی پەرلەمانتارانی، هێندەی ئەو دوو حیزبە پارەی بۆ دەگەڕێتەوە، لەدوای ئەو یەکگرتووی ئیسلامی و ئینجا بزووتنەوەی گۆڕان دێت.

### کۆمەڵ نیوە زیاتر دەبڕێ

ئەحمەد ڕەشید، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵ و ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوت بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێ "کۆمەڵی ئیسلامی یەکەم حیزبی کوردی بووە ئەو سیستەمەی پەیڕەو کردووە بۆ ئەوەی خۆژێینی باشتر بەڕێوە ببات".

کۆمەڵی ئیسلامی، 58%ی مووچەی هەر ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان گلدەداتەوە بۆ حیزب کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان 8 ملیۆن و 400 هەزار دینار وەردەگرێت و ئەوەش زۆرترین پارەیە بە بەراورد لەگەڵ حیزبەکانی دیکە لە پەرلەمانتار گل بدرێتەوە.

ئەو حیزبە لە خولی پێشووتری پەرلەمانی کوردستاندا 3 ئەندامی پەرلەمانی هەبووە، لە خولی دواتردا ژمارەی ئەندامەکانی بوونە 4 کەس و لەم خولەشدا زیادی کرد بۆ 6 ئەندامی پەرلەمان. لەو 4 ساڵەی خولی سێیەمدا، هەر ئەندامێکی پەرلەمان 4 ملیۆن و 500 هەزار دینار لە مووچەکەی گلدراوەتەوە. هەروەها 2 ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و 3 ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و 3 ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێری هەیە، جگە لە وەزیر و بریکاری وەزیر لە بەغدا و خانەنشینی تایبەت.

پەرلەمانتارانی بەغدای ئەو حیزبە کە هەر یەکێکیان بڕی 31 ملیۆن دینار وەردەگرن، گلدانەوەی زیاتر دەیانگرێتەوە.

ئەحمەد ڕەشید دەڵێ "لەو مووچەیە تەنیا 5 ملیۆن دینار دەدرێتە مامۆستا عەلی باپیر، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام مامۆستا فاتیح داراغایی کەمتری پێدەدرێت و بڕی 3 ملیۆن و 800 هەزار دینار وەردەگرێ".

جگە لە پەرلەمانتاران و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و مووچە بەرزەکان، ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ مووچەخۆرەکانی دیکەشیان پارە دەدەنە حیزب "پۆلیسێک 25 هەزار دینار دەدات، بەڵام ئەوە بەپێی دەستکورتیی ئەوان دەگۆڕێ".

بەو سیستەمەی کۆمەڵی ئیسلامی پەیڕەوی دەکات، مانگانە لە مووچەی پەرلەمانتارانی کوردستان 18 ملیۆن و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا 2 ملیۆن و 850 هەزار دینار و لە پەرلەمانتارانی بەغدا 35 ملیۆن دیناری گلداوەتەوە، بەمەش کۆمەڵ مانگانە 120 ملیۆن دیناری دەستدەکەوێت.

بودجەی مانگانەی کۆمەڵ کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەردەگرێت 350 ملیۆن دینارە.

### یەکگرتوو: زۆر جێگەی بۆ گرتین

سیستمی گلدانەوەی بەشێک لە مووچەی پەرلەمانتار و کاربەدەستە حکومییەکان، مۆدێلێکی ڕۆژئاوایی کۆنە کە حیزبەکان ناچاربوون پەیڕەوی بکەن بۆ ئەوەی بتوانن قورسایی خەرجییە نێوخۆییەکانی حیزب سووکتر بکەن. دواتریش لە ناوچەکە، پارتی ڕەفاهی تورکی و پاشتر دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتداری ئێستای تورکیا دەستیانکرد بە پەیڕەوکردنی.

د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو دەڵێ مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی لە ساڵی 2005 دوو بڕیاری گرنگی دەرکردووە "ئەوانەی دەبنە پەرلەمانتار و وەزیر و بریکاری وەزیر، بەشێکی مووچەکەیان بدەنە یەکگرتوو، هیچ کەسیش بۆی نەبێ جارێکی دیکە پۆستی حکومی وەربگرێتەوە".

ناوبراو باسی وردەکارییەکانی گلدانەوەی مووچەی پەرلەمانتاران و وەزیرەکان دەکات و دەڵێ 40%ی مووچەی پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان و 500 هەزار دینار لە مووچەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و 30% لە خانەنشینی تایبەت و 40% لە مووچەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و وەزیرەکان دەبڕدرێت بۆ حیزب.

یەکگرتووی ئیسلامی لەدوای دروستبوونییەوە، بەشداری کاری پەرلەمانی و کابینەکانی حکومەتی کردووە. لەهەر کابینەیەک وەزیرێک و بریکاری وەزیریان هەبووە، پاشتریش لە حکومەتی یەکگرتوو پۆستی ئیداری زۆرتریان وەرگرت تاوەکو ئەوکاتەی لە 2009 بوونە ئۆپۆزیسیۆن. ئەمە جگە لەوەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی ئەو حیزبە لە پەرلەمانی کوردستان، لە 4 کەسەوە بوونە 6 کەس و لەم هەڵبژاردنەشدا ژمارەیان بۆ 8 کەس بەرز بووەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی مانگانە 400 ملیۆن دینار بودجە لە حکومەت وەردەگرێت. لە کۆی ئەو پارانەشی کە لە مووچەی نوێنەرانی خۆی گلیدەداتەوە، هەر مانگێک 200 ملیۆن دینارە. د.محەممەد ئەحمەد دەڵێ ئەو پارەیەی دەدرێتە حیزب "جێگایەکی باشی بۆ هەندێک خەرجی و پێداویستی ڕۆژانەی یەکگرتوو گرتووە و پەرلەمانتاران و نوێنەرانی ئێمە لە حکومەت لە سەری بەردەوام دەبن".

### گۆڕان: قەیرانی دارایی ڕایگرتووە

ئەحمەد ڕەشید، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ بزووتنەوەی گۆڕان کاتێک ویستوویانە دەست بە بەرنامەی لێبڕینی بەشێک لە مووچەی پەرلەمانتارەکانیان بکەن، داوایان لەوان کردووە ئەو شێوازەی خۆیانیان بۆ ڕوونبکەنەوە تاوەکو بیکەنە بنەمایەک بۆ سیستەمەکەی خۆیان.

ئەو بزووتنەوەیە لە خولی ڕابردوودا 25 پەرلەمانتاری هەبوو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵ و یەکگرتوو کەمترین پارەی لە مووچەی پەرلەمانتارانی گلدەدایەوە کە بۆ هەر ئەندامێکی پەرلەمان بڕی 800 هەزار دینار دیاری کرابوو. بەوجۆرەش لە مانگێکدا بڕی 19 ملیۆن و 200 هەزار دیناری مووچەی پەرلەمانتارەکانی کوردستانی بۆ دەگەڕایەوە.

ڕێباز محەممەد، ئەندامی ژووری ئابووری بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، مووچەی ئەندامی پەرلەمان بۆ 50%ی کەمی کردووە "بۆیە لەم ماوەیە کەس پارە لە مووچەکەی نەبڕاوە، تاوەکو ئەو کاتەی مووچەکانیان وەک خۆی لێدێتەوە".

لەبارەی مووچەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراقیشەوە کە بزووتنەوەکە 6 ئەندامی لە پەرلەمانی عێراق هەیە، 30% دەبڕدرێت و کۆی بڕینەکە لە مانگێکدا 18 ملیۆن و 400 هەزار دینار دەکات، بۆیە لە کۆی ئەو پارانە بزووتنەوەی گۆڕان 37 ملیۆن و 600 هەزار دینار لە پارەی پەرلەمانتارانی بۆ گەڕاوەتەوە.

بزووتنەوەی گۆڕان بودجەی مانگانەی لە حکومەت 500 ملیۆن دینارە.

ڕێباز محەممەد، لەبارەی لێبڕینی مووچەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا گوتی "تاوەکو ئێستا لە مووچەی کەسیان نەبڕاوە، چونکە مووچەکانیان زۆر نییە".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (310) دووشەممە 2014/5/19

## بە ئینتەرنێت بزانە چەند پارەی کارەبات بۆ هاتووەتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای هەولێر ئاگاداری هاوڵاتیانی سنووری ئەو پارێزگایە دەکاتەوە، کە دەتوانن لە ڕێگەی وێب ساتێکی ئەلیکترۆنی بزانن چەند پارەی کارەبایان بۆ هاتووەتەوە. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە کۆپییەکەی بۆ (ڕووداو) هاتووە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ڕایگەیاندووە کە هاووڵاتیانی سنووری پارێزگای هەولێر دەتوانن لە ڕێگەی وێبسایتی www.pswla.com دەتوانن پسووڵەی کارەباکانیان ببینن یان وێنەی پسوڵەکانیان بگرن و بۆ وێب سایەتەکەی بنێرن.

### خۆیان فێری زمانی چینی دەکەن

# بازرگانانی کورد لە چین بە حاسیبە قسە دەکەن

**ئارام کاکەخان**
**ڕووداو- کوانجۆ**

ئەو بازرگانە کوردانەی هاتوچۆی چین دەکەن، دەڵێن بەهۆی ئەوەی هیچ لە زمانی چینی تێناگەن، لەکاتی مامەڵە لەگەڵ چینییەکان حاسیبە بەکاردێنن. هەندێک لەو بازرگانانەش دەڵێن خۆیان فێری چەند وشەیەکی چینی کردووە کە بتوانن لە بازاڕ مامەڵەی پێ بکەن.

بەپێی زانیارییەکانی نێردراوی (ڕووداو) بۆ چین، نزیکەی 100 هاووڵاتی کوردی باشووری کوردستان لە شارەکانی چین نیشتەجێن و لەوێ بە کاری بازرگانییەوە سەرقاڵن.

ئەو هاووڵاتیانە زۆرتر لە دوای ساڵی 2004ەوە ڕوویان لەو وڵاتە کردووە و ئێستا 3 چێشتخانەی کوردییان کردووەتەوە بۆ ئەو بازرگانە کوردانەی ناتوانن خواردنی ئەوێ بخۆن.

ئەوەی تێبینی دەکرێ، زۆربەی ئەوانەی هاتوچۆی چین دەکەن گەنجن، تەنانەت هەندێک لەو گەنجانە لەوێ ژنیان هێناوە و ئێستا هەوڵدەدەن خۆیان فێری زمانی چینی بکەن.

### چین لە هەولێر کونسوڵخانە دەکاتەوە

22 وڵاتی جیهان کە باڵیۆزخانەیان لە بەغدا هەیە، نوێنەرایەتی بازرگانی یان کونسولخانەیان لە هەرێمی کوردستانیش کردووەتەوە، بەڵام چین کە دەمێکە باڵیۆزخانەی لە بەغدا کردووەتەوە، هێشتا کونسولخانەی لە هەرێمی کوردستان نییە، ئەمە لە کاتێکدایە کاڵای چینی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانی تەنیوە.

جەوهەر حەسەن، تەنیا کارمەندی کورد لە باڵیۆزخانەی عێراق لە پەکین دەڵێت، ڕێوشوێنەکانی کردنەوەی کونسوڵخانەی چین لە هەرێمی کوردستان تەواو بووە، تەنیا ماوە شوێنێک بۆ بینای کونسوڵخانە دەستنیشان بکرێت.

جەوهەر حەسەن باسی گەرموگوڕیی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان عێراق و چینی کرد و گوتی ساڵی ڕابردوو 24 هەزار عێراقی لە باڵیۆزخانەی چین ڤیزای چینیان وەرگرتووە، لە بەرامبەریشدا 10 هەزار هاووڵاتی چینی ڤیزای عێراقیان وەگرتووە. گوتیشی کە "قەبارەی بازرگانیی عێراق و چین گەیشتووەتە 24 ملیار دۆلار".

سەبارەت بەو ڤیزایانەی وەردەگیرێن، جەوهەر دەڵێت ئەو ڤیزایانەی وەردەگیرێن بە دەگمەن بۆ گەشتیارین "عێراقییەکان لێرە کاری بازرگانی دەکەن و کاڵا دەکڕن، چینییەکانیش لە عێراق کار دەکەن و کۆمپانیای تایبەت بە نەوتیان هەیە و زۆربەی کارەکانیشیان لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقە".

### خۆیان فێری زمانی چینی دەکەن

عارف جەوهەر، بازرگانێکی کوردە و چەند ساڵێکە هاتوچۆی چین دەکات، ئەو چەند وشەیەکی کەمی چینی دەزانێت، بەڵام بەشی ئەوە ناکات مامەڵەی پێ بکات، بۆیە دەڵێت "لەکاتی مامەڵە حاسیبە بەکاردێنم، بۆ نموونە بە حاسیبە نرخی کاڵام پێدەڵێن و منیش هەر بە حاسیبە نرخەکە کەمدەکەمەوە تاوەکو ڕێکدەکەوین".




### چینییەکانیش فێری کوردی بوون

لە چێشتخانەی شاخەوان لە شاری ئیۆی بازرگانی، شاگردێکی چینی بە ڕوویەکی خۆشەوە بە زمانی بە کوردی پێت دەڵێت "فەرموو چی دەخۆیت".

شاخەوان گەنجێکی هەڵەبجەییە و دەمێکە ئەو چێشتخانەیەی کردووەتەوە، دەڵێت "ناوی تەواوی خواردنەکانم بە زمانی کوردی و چینی نووسیوە و زۆربەی موشتەرییەکانم کوردن، بۆیە شاگردە چینییەکانم فێری هەندێک وشەی کوردی بوون".

بێجگە لە چێشتخانەکەی شاخەوان، لە بازاڕی ئەوێش گوێت لە زۆر وشەی کوردی دەبێت. ئەو بازاڕە لە کاژێر 5ی ئێوارە دەکرێتەوە تاوەکو 4ی بەرەبەیان. بازاڕەکە لە ماوەی 20 خولەکدا دروست دەکرێت.

ئەم بازاڕەش چەند چینییەکی لێیە کە زۆر بەباشی چەند وشەیەکی کوردی فێر بوونە و بە زمانی کوردی مامەڵە دەکەن. چیرۆکی ژنە قەڵەوەکە هەموو ئەو کوردانە دەیزانن کە دانیشتووی ئەم شارەن. ئەم ژنە ژمارەکان زۆر بەباشی بە کوردی دەزانێت و مامەڵە بە کوردی دەکات و هەندێکجاریش دەڵێت "زەرەرمە نایفرۆشم".

لە شاری کوانجۆ کە شارێکی پیشەسازی و بازرگانییە، نزیکەی 30 کوردی لێ دەژی. ساڵانە گەورەترین پێشەنگا لەم شارە دەکرێتەوە. ئەو پێشانگایە کە تەمەنی 77 ساڵە لە ساڵێکدا دووجار دەکرێتەوە. پێشەنگای یەکەم لە 2014/4/15 کرایەوە و 22 هەزار و 750 کۆمپانیا بەشدارییان تێدا کرد. نزیکەی 3 ملیۆن کەس سەردانی ئەو پێشەنگایەیان کرد کە بازرگانی کوردیشی تێدابوو.

ئازاد حاجی عومەر، بازرگانێکی شاری دهۆکە، وەک خۆی دەڵێت چوارەمین ساڵە سەردانی ئەم پێشانگایە دەکات و کەلوپەلی کارەبایی دەکڕێت. ئەو دەڵێت "زۆر بە دەگمەن چینییەک زمانێکی دیکە بێجگە لە زمانی چینی دەزانێت، هەر بۆیە کوردی ئێرە خۆیان فێری زمانی چینی کردووە، یەکەم وشەش کە هەموویان فێری بوون (نیهاو) ە واتا بەخێربێی، دوای ئەویش وشەیەکی دیکە فێر بووین، (شیشێ) واتا سوپاس".

### سەرمایەداری کورد لە چین

بازرگانانی کورد لە چین خاوەنی نزیکەی 40 کۆمپانیای گواستنەوەن لەگەڵ 4 چێشتخانە. بازرگانێکی کوردیش کارگەیەکی گڵۆپی هەیە و چەند کوردێکیش کۆمپانیای فڕۆکەوانی و مۆبایلیان هەیە.

دەشتی ئەنوەر، 9 ساڵ لەمەوبەر لە ڕێگەی کوڕە پوورێکییەوە سەردانی چینی کرد بۆ ئەوەی کارێک بدۆزێتەوە، ئێستا خاوەنی کۆمپانیای گواستنەوەیە لە شاری کوانجۆ. دەشتی دەڵێت "ڕووخانی ڕژێمی بەعس و کرانەوەی کورد بە ڕووی جیهان هەلێکی باشی بۆ ئێمە ڕەخساند تاوەکو بە ئاسانی ببینە سەرمایەدار، ئێستا چەندین گەنجی وەکو من لێرە سەرقاڵی کاری بازرگانین و سەرمایەیەکی باشیان هەیە".

شاخەوان کە خاوەنی چێشتخانەیە، پێشتر کرێکاری کۆمپانیایەکی کوردی بوو لە چین، ئەو دەڵێت "3 ساڵ لێرە کارم لە کۆمپانیایەکی کوردیدا کرد، پاشان خۆم کارم کرد و ئەم چێشتخانەیەم دانا، ئێستا کورد و چینی و بیانییەکان سەردانی چێشخانەکەم دەکەن و خاوەن کاری خۆمم".



# سەرمایەی وەبەرهێنان لە کوردستان 39 ملیار دۆلاری تێپەڕاند

**محەممەد هادی**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە دەستەکەیان ئێستا زیاتر گرنگی بە کەرتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ و گەشتیاری دەدات، ئینجا کەرتی نیشتەجێبوون. هەروەها ئاشکرای کرد کە سەرمایەی وەبەرهێنان لە کوردستان گەیشتووەتە 39 ملیار و 200 ملیۆن دۆلار.

سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی دیوان لە دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند ماوەی دوو ساڵە دەستەی وەبەرهێنان زۆرترین مۆڵەتی بۆ وەبەرهێنان لە کەرتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ و گەشتیاری داوە. لە دوای ئەوانەوە کەرتەکانی دیکەی وەک نیشتەجێبوون، خوێندن، تەندروستی و خوێندنی باڵا و گواستنەو و گەیاندن دێن. گوتیشی "تا ئێستا چەندین پرۆژەی ستراتیژی لە بواری پیشەسازی و گەشتیاری ئەنجامدراون، یەکێک لە پرۆژە گەورەکانی پیشەسازیش پرۆژەی کارگەی ئاسنی سلێمانییە کە گەورەترین کارگەی ئاسنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەفتەی ڕابردوو کرایەوە. گەورەترین پرۆژەی گەشتیاریش بە قسەی سامان عارەب کە ئێستا جێبەجێ دەکرێت، شاری گەشتیاریی سەفینە.

بەڵام سەبارەت بە مۆڵەتی نیشتەجێبوون ڕایگەیاند کە دوای ڕاگەیاندنی پرۆژەی چاکسازی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، لە 2012/6/27ەوە مۆڵەتی پرۆژەی نیشتەجێبوونیان ڕاگرتووە.

سامان عارەب دەربارەی کەرتی کشتوکاڵیش ڕایگەیاند "چەندین وەبەرهێن لە بواری کشتوکاڵ وەبەرهێنان دەکەن و حکومەتیش بە کردنەوەی بانکی کشتوکاڵ و پێدانی پارە بە قەرز بە جوتیاران گرنگییەکی زیاتری بەم کەرتە داوە.

بەپێی ئاماری دەستەی وەبەرهێنان، لەدوای دامەزراندنی ئەو دەستەیە لە ساڵی 2006 تاوەکو ئێستا مۆڵەت بە 680 پرۆژەی وەبەرهێنان دراوە، 20%ی ئەو مۆڵەتانەش دراون بە وەبەرهێنی بیانی.

بەڵام خودی یاسای وەبەرهێنان هەمیشە جێی مشتومڕی شارەزایانی بواری ئابووری بووە. سامان عارەب لەبارەی ئەو یاسایەوە گوتی "لە خولی نوێی پەرلەماندا یاسای وەبەرهێنان هەموار دەکرێت و لە یاسای داهاتوودا گرنگییەکی زیاتر بە وەبەرهێنانی بیانی دەدرێت بۆ ئەوەی بێن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن".

ئێستا چەندین کۆمپانیای گەورەی بیانی لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان دەکەن، بە تایبەتی لە بواری نیشتەجێبوون، لەوانەش کۆمپانیای ئیعمار و ماریۆس و چەند کۆمپانیایەکی دیکەی جیهانی.

سامان عارەب دەڵێت "بە بوونی ئەم کۆمپانیا گەورانە، پێگەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بەرەو ئاستێکی بەرز و کاریگەر دەچێت".

قسەکانی ئەو بەرپرسەی دەستەی وەبەرهێنان لەکاتێکدایە کە یەکێتی وەبەرهێنەران زانیاری پێچەوانە سەبارەت بە قەبارەی وەبەرهێنان دەدەن.

یاسین مەحموود، گوتەبێژی ئەو یەکێتییە دەڵێت کە پێکنەهاتنی حکومەت و پەسەندنەکردنی بودجەی عێراق کاریگەری خراپی لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان هەبووە.

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران کە ڕێکخراوێکی ناحکومییە، گوتیشی تا ئێستا بایی نزیکەی دوو ملیار دۆلار پرۆژە مۆڵەتیان وەرگرتووە لەکاتێکدا ساڵی ڕابردوو تا ئەم کاتە، واتە مانگی ئایار، بایی نزیکەی 7 ملیار دۆلار مۆڵەت بە پرۆژەکان درابوو. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێستا بایی نزیکەی 10 ملیار دۆلار پرۆژە ئامادەن، بەڵام بەهۆی گرفتی بودجە و پێکنەهاتنی حکومەت و ئاڵۆزی و ناڕۆشنیی بارودۆخی سیاسی نەکەوتوونەتە بواری جێبەجێکردن.

گوتەبێژەکەی یەکێتی وەبەرهێنان ڕایگەیاند: "بەهۆی ئەو گرفتانەوە زۆر لە پرۆژەکان لە هەر سێ پارێزگادا وەستاون، زۆر لەو پرۆژانە پرۆژەی گەورەن وەک شاری پیشەسازی لە سلێمانی کە بایی دوو ملیار دۆلارە و هەروەها پرۆژەی هۆتێل شیراتۆنی سلێمانی.

بەڵام بەڕێوەبەری گشتی دیوانی دەستەی وەبەرهێنان دەڵێت: "پێکنەهاتنی حکومەت و پەسەندنەکردنی بودجە کاریگەری ناڕاستەوخۆی هەبووە، چونکە حکومەت کارەکانی خزمەتگوزاری دوادەخات وەک ڕێگاوبان و کارەبا و خزمەتگوزاریی دیکە، کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو پرۆژانە هەبووە کە لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ دەکرێن". گوتیشی کە بە پەسەندکردنی بودجە و پێکهاتنی حکومەت ئەو کێشانە چارەسەر دەبن.

# سکای لە کوردستانە

**زنار ئاڵا**
**ڕووداو- مەدرید**

ئاژانسی هەواڵی ئیسپانی (EFE) و چەند ڕۆژنامەیەکی ئەو وڵاتە، چەند ڕاپۆرتێکیان بڵاوکردەوە لەسەر ئەزموونی لگۆر ئورزار، مامۆستای وەرزش لە کوردستان کە خەڵکی هەرێمی باسکی ئیسپانییە. هەروەها تەلەڤزیۆنی باسکی ئیسپانی ڕاپۆرتێکی لەسەر سکای (خلیسان لەسەر بەفر) لە کوردستان بڵاوکردەوە.

لگۆر لە زستانی 2010ەوە ساڵانە سەردانی شارۆچکەی پێنجوێن دەکات. ئەو بەهۆی کۆمەڵەی هەرێمەکانی ناڤارا ڕاهێنانی بە چەند ڕاهێنەرێکی کورد کردووە کە ئەو ڕاهێنەرانە دەتوانن سوود لە ئەزموونی لگۆر وەربگرن، هەر هیچ نەبێت سەرچاوەیەکی ئابووری بۆی خۆیان و خێزانەکەیان لە وەرزی زستان مسۆگەر دەکەن.

ئەو گەنجە تەمەن 37 ساڵییە دەڵێت هۆکاری بەشداربوونی لەو دەسپێشخەرییەدا ئەوە بوو کە وەرزشی سکای لە هەرێمی کوردستان بەرەوپێش بچێت بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا سەرنجی گەشتیاران ڕابکێشێت. ئەو باسی پێنجوێن دەکات کە شوێنێکی گونجاو نییە بۆ ئەم وەرزشە، چونکە بەرزیی ئەم شارە لەڕووی دەریاوە لە هەزار مەتر زیاترە، بەڵام ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەتوانرێت جێگای باشتر لە هەرێمی کوردستان بدۆزێتەوە: "کاتێک بەفر دەبارێت، ئێمە لە شار یاریی سکای دەکەین و ناچین بۆ شاخ. چونکە ئەو کاتەی بەفر لەناو شار دەتوێتەوە لە شاخیش نامێنێت. هەروەها شارەکە زۆر نزیکە لە سنووری ئێران و لەوانەیە دروستکردنی وێستگەی سکای لەسەر شاخ کێشەی لێ دروست ببێت".

ئەو ئامێرانەی سکای کە لە کوردستان بەکاردێن، لەلایەن خەڵکی هەرێمی ناڤاراوە نێردراون. لگۆر دەڵێت ئەوان هەوڵدەدەن چالاکی بۆ منداڵان ڕێکبخەن، بۆ منداڵانی ئەو هەرێمانەی کە بەفر لەناوچەکانیان نابارێت، بەمەبەستی بەرەو پێشبردنی پێکەوەژیان لەنێو منداڵانی سەر بە ڕۆشنبیرییە جیاجیاکانی وەک ئێزدی، موسڵمان و کریستیان.

ئەو مامۆستا باسکییە دەڵێ لەوانەیە وەرزشی سکای ماوەیەکی درێژی پێویست بێت تاوەکو لەنێو خەڵکیدا بڵاوبێتەوە. بەڵام هەندێک ئاماژە هەن بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم وەرزشە "هەندێک گەشتیار لە پایتەخت (هەولێر)ەوە هاتوون کە لە تەلەفزیۆن کارەکەی ئێمەیان بینیبوو، چالاکییەکمان بۆ ئەوانیش ڕێکخست. کورد لەو کاتەوەی کە ئارامی بەدەستهێناوە، ڕێگایان بۆ چالاکییەکانی خۆشی کردووەتەوە و شتی جیاواز دەکەن".

زوو زوو هەواڵی تەقینەوە و توندوتیژی لە عێراق لە ڕۆژنامەکانی ئیسپانیادا بڵادەبێتەوە، بەڵام باسی ئارامیی کوردستان ناکرێت، لگۆر دەڵێت "شەڕی عێراق دەگاتە ناوچەیەکی کوردستان، بەڵام نەک لە باکوور. لەوانەیە شتێکی سوریالیش بێت، بەڵام ئێمە 200 کیلۆمەتر لەو ناوچانە دوورین کە لەوانەیە شتێکی لێ ڕوویدات، بەڵام هەرێمی کوردستان ئارامە".





## عیرفان مەلا عەلی، رابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ رووداو:

# فکری ئیخوان باسی کوردایەتی تێدا نەبوو، بۆیە مامۆستا عوسمان تەڵاقی دا

عیرفان عەلی عەبدولعەزیز، رابەری گشتیی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی هۆکارەکانی زیادنەبوونی دەنگی ئیسلامییەکان دەکات لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا و بەشێکی ئەو بەرپرسیارێتییە دەخاتە ئەستۆی "فیکری ئیخوانی". هەروەها باسی هۆکاری بەشدارینەکردنیان لە حکومەتی نوێ و پێکنەهێنانی لیستی هاوبەشی ئیسلامی و پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ نوری مالیکی دەکات.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی

> خیانەتێکی گەورەیە مەلاو بانگخواز وەکو تەڵە کاندید بکەی بۆ دەنگ کۆکردنەوە

> هەر کەسێکی ئیسلامی لەناو گۆڕان ئیش بکات خزمەت بە پرۆژەی عەلمانی دەکات

**رووداو: ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئێوە پێشبینیکراو بوو یان تووشی شۆکی کردن؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** بە نیسبەت ئێمەوە ئەم دوو هەڵبژاردنە راستەوخۆ لە دوای کۆنگرەی بزووتنەوەی ئیسلامی بوون، بۆیە زۆر باش خۆمان بۆ ئامادە نەکردبوو، ئەگەرچی چەند برایەک لەگەڵ ئەو پێشنیازە بوون کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بکشێینەوە، بەڵام ئێمە بەشداری پرۆسەی سیاسیمان کردووە و دەشبێ بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەین، چونکە کشانەوە لە هەڵبژاردن باجەکەی زۆرتر بوو. لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە بارودۆخەکە دیار بوو، بەتایبەتی لە قوڵبوونەوەی کێشەکانی هەرێم و بەغدا و بڕینی مووچەی خەڵک و ئەوە کاریگەریشی لەسەر ئێمە دروست کرد، چونکە نزیکەی 5 مانگە بودجەی ئێمە براوە، بۆیە لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردن لەڕووی سەرفکردنی پارەو لاوازیی ماددی زۆرمان پێوە دیار بوو، ئێمە لەڕووی ماددی و مەعنەوی کەموکوڕیمان زۆر بوو.

لایەنێکی دیکە پەیوەندی بە ناوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە هەبوو، ئێمە ویستمان لە دوای کۆنگرەوە بزووتنەوە بکەین بە حیزبێکی موئەسەساتی و نێو ماڵی خۆمان رێکبخەین کە لەسەر بنەمای کادیری مەبدەئی ئیش بکەین، ئەمەش بابەتێکی ستراتیژییە و کاتی زۆری دەوێ لەڕووی کردنەوەی دەزگا و ئۆرگانی نوێ و پێگەیاندنی کادیر.

**رووداو: بۆچی پێش هەڵبژاردن هەوڵی دروستکردنی لیستی ئیسلامیتان نەدا؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** بەشداریکردنی سێ حیزبە ئیسلامییەکە بە لیستی جیا وا لە دەنگدەری ئیسلامی و خەڵکی دیندار دەکات بە دڵگەرمی و گوڕوتینەوە بەشداری هەڵبژاردن نەکات، بە قەناعەتی من بەشداریکردنی هەرسێکمان بە یەک لیست دەنگەکانمانی دوو بەرابەر زیاد دەکرد.

بە سەدان کادیر و خەڵکی ئیسلامی و مامۆستاو زانای ئاینی بەشداری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان نەکرد و لە ماڵەوە دانیشتن، حەزیان نەکردووە ئەم سێ لایەنە ئیسلامییە بەجیا بەشداربن، ئێمە پێمان خۆش بوو لیستی ئیسلامی دروست ببێت، بەس ئێمە لە تەلەفزیۆنەوە دوو حیزبە براکەی دیکەمان بینی کە دەیانگوت پێیان باشە بە جیا بەشداری بکەن.

**رووداو: ساردی و کێشەی نێوان ئێوە و کۆمەڵی ئیسلامی هۆکاری شکستی لیستی ئیسلامی نەبوو؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** نەخێر، چونکە کێشەیەکی ئەوتۆ لە نێوان ئێمە و برایانی کۆمەڵ نییە، تەنانەت لە کۆبوونەوەکانیش هەموو لایەک گەشبین بوون بە دروستکردنی لیستی ئیسلامی، ئیتر نازانم لە ژێرەوە کەسانێک هەبووبن لە نێو لایەنە ئیسلامییەکان دژی پێکهێنانی ئەو لیستە بووبن.

**رووداو: بۆچی لە کوردستان رابوونی ئیسلامی لە پاشەکشێدایە و نابێتە جێی متمانەی خەڵک؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** من کاتی خۆیشی وەڵامی ئەو پرسیارەم داوەتەوە و گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا تەنها یەک فیکری ئیسلامی لە کوردستان هەبووە، ئەویش فکری ئیخوان موسلیمین بووە، لە ئەدەبیاتی ئیخوانیشدا باسی نەتەوایەتی کورد و عەرەب نەبووە، بەڵکو بە عەقڵیەتی عەرەبی سوننە مامەڵەیان کردووە. ئەوان زۆریان پێ ناخۆش بوو باسی کوردایەتی و کێشەی نەتەوەیی بکرێت. لەگەڵ کیانێکی سیاسی و مەعنەوی نەبوون بۆ کورد. ئەم بارودۆخە درێژەی کێشا تا ساڵی 1987، کە جەنابی مامۆستا عوسمان تەنزیمی ئیخوانی تەڵاق داو بزووتنەوەی ئیسلامی دامەزراند.

**رووداو: ئەمە هۆکارێکە، بەڵام هۆکاری دیکە چییە خەڵک دەنگ بە ئیسلامییەکان نادەن، مەبەستم نەوەی نوێیە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** مەبەستی من هەرسێ لایەنە ئیسلامییەکە بوو کە هەڵقوڵاوی ئەو فکرەین، تا ساڵی 1987 ئیخوان بە رەسمی و عەمەلی هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەر ئەو هەموو تاوانە نەبوو کە بەرامبەر گەلی کورد کران، بۆیە خەڵکی دیکە بە ناوی عەلمانییەوە هاتن و بوونە خاوەنی ئەو شۆڕشە جەماوەرییە و ئیشیان لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کرد. بەراورد بە وڵاتانی ناوچەکە کورد کێشەی نەتەوایەتی هەیە، بۆیە ململانێیەکە لە کوردستان بەو شێوەیە نییە کە لە وڵاتانی عەرەبی هەیە، لەوێ ئیسلامییەکان دەنگی زۆرینە دەهێنن، بەڵام لێرە لەبەر ئەوەی هێشتا کێشەی نەتەوایەتی هەیە و ئیسلامییەکانیش درەنگ هاتنە گۆڕەپانەکەوە،

> بەشداریمان لە کابینەکانی شەش و حەوت زیانی زۆری پێگەیاندین

> مالیکی چەند جارێک داوەتی کردووین کە لەگەڵی دابنیشین

بۆیە ئەمڕۆ دەبینین ناگەنە رێژەی 20 %..

**رووداو: بەڵام بۆچی ئیسلامییەکان ناتوانن قەناعەت بە نەوەی نوێ بکەن؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ئیسلامییەکانی دوای 1987 هیچ درێغییان نەکردووە، لە هەموو گۆڕەپان و بوارێکدا هەبوون، خوێنیان بەخشیوەو خەباتیان کردووە، بەڵام ئەمە پەیوەندی بە زانستی کۆمەڵناسییەوە هەیە، کاتێک خوێندنەوەیەکی ورد بۆ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان دەکەی، دەبێ بزانین لە دوای ساڵی 1992 ئەم دەسەڵاتە لەم هەرێمە چۆن دروست بووە، کاتێک دوو حیزب قووت و دەسەڵات و پارەو سەروەت و سامان و هەرچی رێکخراوی ناوخۆ و بیانی هەیە دەگرنە دەست و دەوڵەتیان بەدەستەوەیە، بە دڵنیاییەوە دەتوانن تەعبیئەی خەڵک بە گەنج و پیرو ژن و پیاوەوە بکەن نەک ئیسلامییەکی وەکو من کە لە پەراوێزدام و هیچم نییە، ئەو ناهاوسەنگییە لە ساڵی 1992ەوە دەستیپێکردووە، ئەوان رۆژ

> تەحسینی برام نە قاعیدە بوو نە تاڵیبان

دوای رۆژ گەورە دەبوون و ئێمەش لاواز و بچووک دەبووینەوە.

**رووداو: ئەی بۆچی کۆمەڵ و یەکگرتوو دەنگ ناهێنن؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** دیسانەوە دەبێ لە روانگەی زانستی کۆمەڵناسی و سیاسییەوە لێکدانەوە بۆ ئەو حاڵەتە بکەین. دەنگدەری کوردستان دوو جۆرە، جۆرێکیان دەنگ بە دوو حیزبی عەلمانی دەدات، چونکە دەسەڵات و قووت و دامەزراندن و ژیان و سەروەت و سامانیان بە دەستە، یاخود دەنگ بە حیزبێکی عەلمانی دیکە (گۆڕان) دەدات بۆ ئەوەی ئەو قووت و سەروەت و سامانەی بۆ بگێڕێتەوە. ئەو خەڵکەی دەنگ بە ئیسلامییەکە دەدات لەبەر پرۆژەی سیاسی و چاکسازی نییە، بەڵکو بۆ خۆراکی رووح و بابەتی قیامەت و سەلامەتیی دین و عەقیدەکەیەتی، بۆیە دەبینین ئەوانەی زۆرترین دەنگیش لەناو حیزبە ئیسلامییەکان دەهێنن داعی و ئەو کەسانەن کە خۆراکی رووحی بۆ موسڵمانان دابین دەکەن.

**رووداو: ئیسلامیەکان پرۆژەی سیاسییان نییە یان پرۆژەکەیان بە خەڵک نەگەیشتووە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** هەیانە، بەڵام خەڵک چاوەڕێی پرۆژەی سیاسی و ئابووری لە ئیسلامیەکان ناکات، بەڵکو چاوەڕێ دەکات بەرەو دینداری و خواپەرستی بیبات، بۆیە دەبینین لەناو حیزبە ئیسلامیەکان مەلاو بانگخواز دەنگ زیاتر دەهێنن نەک سیاسەتمەدار و خەڵکی ئەکادیمی.

**رووداو: تۆ لەگەڵ کاندیدکردنی مەلا و بانگخواز نیت؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** هەرگیز لەگەڵ ئەوە نیم، چونکە پێموایە خیانەتێکی گەورەیە حیزبە ئیسلامییەکان ئەو تەوەقوعە بۆ خەڵک دروست بکەن کە دەنگ بە مەلا و داعی بدەن، داعی ئیشی ئەوە نییە سیاسەت بکات، بەڵکو ئیشی ئەوەیە بچێتە ناو خەڵک و مزگەوت و ئامۆژگاری خەڵک بکات و خۆراکی رووحیی ئیمانداران دابین بکات، ئەوە ئیشی سیاسەتمەدار و خەڵکی پسپۆڕە سیاسەت بکات، ئێمەش کەمتەرخەم بووین و رۆڵمان هەبوو لەوەی ئەو بۆچوونە لەلای خەڵک دروست بکەین، من بە خیانەتی دەزانم حیزبێکی ئیسلامی مەلایەک یان بانگخوازێک وەکو تەڵە کاندید دەکات بۆ دەنگ کۆکردنەوە، حیزبی سیاسی دەبێ پرۆژەی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیریی هەبێت، نابێ بانگخوازەکان تێکەڵ بە کاری سیاسی و حیزبی بکەین.

**رووداو: هەست ناکەن جیاوازیی نێوان ئیسلامی و عەلمانییەکان لە کوردستان کاڵ بووەتەوە، بەتایبەتی هێزێکی وەکو بزووتنەوەی گۆڕان کە بە واجیهەیەکی ئیسلامی ئیش دەکات، بەشێکی زۆری گەنجە ئیسلامییەکانی لەخۆگرتووە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** گۆڕان دروشمی کارکردن بە ئیسلامی بەرز نەکردووەتەوە و خۆشیان عەلمانیبوونیان ناشارنەوە، هەرکەسێکی ئیسلامی لەناو گۆڕان ئیش بکات خزمەت بە پرۆژەی عەلمانی دەکات وەکو چۆن کەسێکی عەلمانیش بێتە ناو حیزبە ئیسلامییەکان دواجار خزمەت بە پرۆژەی ئیسلامی دەکات، ناکۆکی و جیاوازیی لەسەر فیکر و مەبدەئە. ئێمەش هەڵەمان هەیە کاتێک سەدان کادیر پەروەردە دەکەین و دروستیان دەکەین، بەڵام شوێن نییە تەوزیفی تواناو لێهاتوویيان بکەین، بۆیە بەرەو حیزب و لایەنەکانی دیکە دەڕۆن، ئەمەش پەیوەندی بەوە هەیە دەسەڵات هەموو دەرگایەکی لێگرتووین، ئەو گەنجە بەرگەی ئەو هەموو فشارو گەمارۆیە ناگرێت، لە هەمان کاتدا ئێمەش هەڵەمان هەیە خۆ مەعسوم نین، لەوانەیە شێوازی بیرکردنەوەی سیاسی و حیزبیمان بەرامبەر گەنجەکان تەسک بێت، بۆیە ئەو گەنجانە بەرەو شوێنی دیکە دەڕۆن.

**رووداو: خەڵک و دەنگدەر دەپرسن جیاوازیی نێوان ئەو سێ حیزبە ئیسلامییە چییە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** لە دوای نەمانی موعەسکەری ئیشتیراکی جیاوازی لە نێوان حیزبەکان نەما، لە کوردستان سێ حیزبی عەلمانی هەیە کە هیچ جیاوازیان نییە، ئاساییە سێ حیزبی ئیسلامیش هەبێت. ئێمە لە 1987 لە کەس جیانەبووینەوە تا جیاوازییەکانمان لەگەڵ لایەنی دیکەی ئیسلامی بەراورد بکەین، من هەر لە شوێنی خۆمم، دەبێ لەو برایانە بپرسی کە لە ئێمە جیابوونەتەوە.

**رووداو: کەواتە تا ئێستاش بەو ئومێدەن خەڵک بگەڕێنەوە ناو بزووتنەوە نەک ئێوە لەگەڵ دوو لایەنە ئیسلامییەکە یەک بگرن؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ئێمە هەرگیز دەرگامان دانەخستووە، جەنابی مامۆستا عەلی لە ساڵی 1999 داوای لە ئیسلامخوازانی کوردستان کرد لە ژێر چەتری بزووتنەوەی ئیسلامی یەکبگرن.

**رووداو: بەڵام ئێوە دەتانەوێ لە ژێر سەرکردایەتی بنەماڵەکەی ئێوە یەکبگرن.**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** نەخێر وا نییە، لەکاتی یەکگرتنیشمان لەگەڵ بزووتنەوەی نەهزە ئەو حاڵەتەمان تێپەڕاند، ئەگەرچی ئەوان لە ئێمە بچووکتریش بوون، بەڵام یەکبوونمان راگەیاند، ئێستاش ئەگەر ئیسلامییەکان یەکبگرن من یەکەم کەس دەبم ئیستیقالە دەکەم و با کەسێکی دیکە بێتە شوێنم.

**رووداو: کاری لێژنەی هاوبەش و هەماهەنگیی نێوان سێ لایەنە ئیسلامییەکە بە کوێ گەیشت؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ئەمەش یەکێکە لە کێشەکان، بەڕاستی کاری ئەو لێژنانە دیار نییە و بووەتە میزاجی، رۆژێک کۆدەبنەوە و ماوەیەک باس و خواسیان نامێنێ، بەداخەوە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر نەبووە، دەبێ کاری ئەو لێژنانە چالاک بکرێت و سێ لایەنە ئیسلامییەکە لە یەک نزیک بکەنەوە.

**رووداو: بەشداریی ئێوە لە کابینەی شەش و حەوت زیانی بە ئێوە گەیاندووە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** بەڵێ زیانی زۆری پێگەیاندووین، چونکە بەشداریی ئێمە وەکو وەزارەتی ئەوقاف هەماهەنگ نەبوو لەگەڵ خودی حکومەت. یەک پرۆژەش لەو وەزارەتە جێبەجێ نەکرا، پشکی دامەزراندن هەر لە وەزارەتەکەی ئێمە کەمدەکرایەوە و دژایەتییەکی زۆر دەکراین لەلایەن خودی حکومەتەوە. ویستمان ئیشی زۆر گەورە بکەین، بەڵام حکومەتەکە دەستی دەگرتین و نەیدەهێشت.

**رووداو: بۆچی نەکشانەوە لە حکومەت؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ویستمان بکشێینەوە بەیانیشمان دەرکرد، بەڵام لە هاتوچۆی نێوان ئێمە و حکومەت کاتەکە بەفیڕۆچوو، چونکە دوای دانیشتنی ئێمە و حکومەت لێژنە دروست کرا، ئیتر کاری لێژنەکەش پەکیکەوت، من تێناگەم بۆ دەبێت لە حکومەت بەشدار بیت و دژایەتی بکرێی، پاشان ئێمە بووینە شەریک لە هەرچی گەندەڵی و خراپەکاری هەیە لەو حکومەتە لە کاتێکدا ئێمە هیچ پەیوەندیمان بەوەوە نەبوو، وەکو عەرەب دەڵێ (لا ناقە فیها ولا جمل)، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن لە بەردەم رای گشتی ئێمەی بەشدار کرد لەو گەندەڵیانە و لەبەرچاوی رای گشتی ناشیرین و سووک کراین. بۆیە کاتێک بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هاتە لامان، گوتمان ئێمە زۆر موهتەم نین بۆ بەشداریکردن لە حکومەت و بەلامانەوە باشترە بزووتنەوە ناوماڵی خۆی رێکبخاتەوە.

**رووداو: نزیکایەتی ئێوە لە پارتی کاریگەری هەبوو لەسەر هەڵوەرینی دەنگەکانتان؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ئێمە بە یەک ئاست پەیوەندیمان لەگەڵ هەردوو حیزبەکە و تەنانەت گۆڕانیش هەیە، بەڵام بەحوکمی ئەوەی ناکۆکی و شەڕ لە نێوان ئێمەو یەکێتی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ هەبووە و لەگەڵ پارتی ئەوەمان نەبووە، خەڵک وا تێگەیەنراون کە ئێمە پەیوەندییەکی ستراتیژی و توندوتۆڵمان لەگەڵ پارتی هەیەو خەزێنەی ئەو حیزبە بۆ بزووتنەوە کراوەیە، بە ئارەزووی خۆمان خەڵک تەعین دەکەین و پارە دابەش دەکەین، ئەم پروپاگەندانە زەرەری زۆری لێداین. رایەکی گشتی لەناو ئیسلامخوازان دروست بووە کە بزووتنەوە لە پارتی نزیکە، ئێمەش باجی ئەوە دەدەین.

**رووداو: ئایندەی حکومەتی داهاتوو چۆن دەبینی کە یەکەمجارە گۆڕان بەشداریی تێدا دەکات؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** لە حەقیقەتدا ئەوەی من دەیبینم، بەتایبەتی لە دانیشتنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمان موزایەداتێکی سیاسیی زۆر هەبوو لەناو فراکسیۆنەکان، بۆ چوار ساڵی ئایندە پێشبینی دروستبوونی کێشە لە نێوان پەرلەمان و دوو سەرۆکایەتییەکەی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران دەکەم، ئەگەر بەم نەفەسە ئیش و کاری پەرلەمان بڕوات گرژی لە نێوان پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن دروست دەبێت کە هیواداریشم وا نەبێت.

**رووداو: خوێندنەوەت بۆ هەستانەوە و دەنگەکانی یەکێتی چییە لەم هەڵبژاردنە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** لە ماوەی 20 ساڵی رابردوودا یەکێتی بووەتە بەشێک لە دەسەڵات و حوکمڕانی لە دەڤەری سلێمانی، چونکە حیزبەکە قووڵ رۆچووەتە ناو سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەت هەر لە فەرمانگەکان و پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش و سلکی ئابووری... حیزب و حکومەت لە یەک جیانەکراونەتەوە، بۆیە لەوانەیە هێزێکی ئیقلیمی و تەنانەت جیهانیش پێی خۆش نەبێت یەکێتی لەناوبچێت و ئەو موئەسەساتانە نەمێنن، کەسیش و خودی یەکێتیش پێشبینی ئەو دەنگانەی نەدەکرد. چونکە سەختە هێزێکی سیاسی بسڕدرێتەوە.

**رووداو: چاوەڕێ دەکەی کورد ئەمجارە لە پێکهێنانەوەی حکومەتی عێراقی چ پۆستێکی سیادی وەربگرێ؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** خۆی دابەشکردنی پۆستەکان لە عێراق لەسەر بنەمای تائیفییە، پۆستی سەرۆکی حکومەت بۆ شیعەیە، هەرچی پۆستی سەرۆک کۆمار و پەرلەمانە بۆ سوننەیە، بۆ عەرەبی سوننە و کورد کە هەردوو لایەن بە سوننە حسابکراون. بەداخەوە کورد وەکو نەتەوەیەکی مەزڵوم مامەڵە ناکات، خاوەنی کیانێکی سەربەخۆیە و دامەزراوەی سیاسی و قانونیی خۆی هەیە، ئەوە دوو ساڵە پۆستی سەرۆک کۆمار لە عێراق بەتاڵەو ئەو هەموو

> رازی نین گەنجی کورد بچێتە سووریاو ببێتە سووتەمەنی شەڕی ئەبوفلان و ئەبوفیسار

> لەلایەن خودی حکومەتەوە دژایەتی وەزارەتی ئەوقاف دەکرا

کێشەیە روویداوەو چارەسەر نەکراوە، دەکرێت پۆستێکی گرنگی وەها بەرەڵا بکەی؟ ئەوەی ئێستا جێگری سەرۆک کۆمارە و ئیشەکانی تاڵەبانی دەکات هەر لە حیزبی دەعوەیە، سەرۆکی حکومەتەکەش هەر لە حیزبی دەعوەیە، هیچ میللەتێک ئەمە قبووڵ دەکات لە کاتێکدا کورد کێشە و گرفتی لەگەڵ حیزبی دەعوە هەیە؟ کورد دەسەڵاتێکی شلی هەیە لە عێراق بۆیە لەئاستی چاوەڕوانی هاووڵاتیانی کوردستان نییە.

**رووداو: پێت باشە کورد هەوڵی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار بدات یان سەرۆکی پەرلەمان؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** بەڕای من پۆستی سەرۆکی پەرلەمان گرنگترە، چونکە دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار تەشریفاتییە. بە ئینسافەوە قسە بکەین کەسایەتی تاڵەبانی پۆستەکەی گەورە کردبوو، بەڵام بەڕای من بۆ کورد وا باشە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێت، چونکە زۆربەی یاساکان لەوێ دەردەچن.

**رووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ مالیکی وەکو دۆستی دێرینی بزووتنەوە چۆنە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** مالیکی چەند جارێک داوەتی کردین کە لەگەڵی دابنیشین، بەڵام ئێمە لەبەر کێشە و ململانێی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بە باشمان نەزانی بە تەنیا بچین. هەفتەی رابردووش نامەی بۆ ناردبووم کە باسی حکومەتی زۆرینەی دەکات. ئێمە لە حیزبی دەعوە و ئەنجومەنی باڵا زۆر نزیک بووین، بەڵام ئێمە لە کوردستان کۆمەڵێک کێشەی ستراتیژیمان لەگەڵ بەغدا هەیە، بۆیە ناکرێ لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە مامەڵە لەگەڵ مالیکی بکەین.

**رووداو: راتان چییە لەسەر ئەوەی هەڤاڵ ئەبوبەکر ببێتە پارێزگاری سلێمانی؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** کێشەمان نییە و پێشمان خۆشە هەڤاڵ ئەبوبەکر ئەو پۆستە وەربگرێت. کوڕێکی وریا و عاقڵە و خۆی خۆی دروستکردووە و هیچ کێشەیەکمان لەگەڵی نییە، ئەو قسانەشی لەسەری کران، قسەی بێتام بوون، گەنجێکی شازدە حەڤدە ساڵ چوزانێ جاسوسی و بەعسی چییە؟

**رووداو: مەلەفی مەلا کرێکار بەکوێ گەیشتووە، بەنیازی هێنانەوەی نین؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** کێشەکانی مامۆستا کرێکار گەورەن و لەو ئاستە نین ئێمە بە ئاسانی چارەسەری بکەین. کێشەی مامۆستا کرێکار لەگەڵ حکومەتی نەرویج و ئەمریکایە، ئەوان بە بەشێک لە قاعیدەی دەزانن ئەگەرچی بەرگری و قسەی خێرمان بۆ کردووە، حەقیقەت و پاکێتیی خۆی چۆن بووە وامان گوتووە، ئێمەش ئاگادارین کە قسە لە تەرەفی مامۆستا کرێکار و دەسەڵاتی کوردستان کراوە بۆ پرسی هاتنەوەی، چاوەڕێ دەکەین بزانین بەچی دەگات.

**رووداو: وەفدێکی باڵای بزووتنەوە سەردانی ماڵی ئاسۆ هەولێری سەرکردەی ئەنسارتان کردووە، بەنیاز نین لەگەڵ پارتی قسە بکەن بۆ ئازادکردنی؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** هەوڵمان داوە ئازادیان بکەین بە رێگای قانونی، پرسیومانە کە بۆ دادگایی ناکرێن؟ بە ئێمەیان گوت ئەگەر دادگایی بکەن لە بەرژەوەندی ئەو نییە و مەسەلەی لەسێدارەدان دێتە ناو باسەکە، بۆیە برادەران بە ئێمەیان گوت دادگایی ناکەین بۆئەوەی لەسێدارە نەدرێ، چونکە مەلەفی ئەوان جوندلئیسلام و پاشان ئەنسارە و لەناو گۆڕەپانی شەڕ گیراون. ئەوان کاک ئاسۆیان وا هێشتووەتەوە، چونکە بەگوێرەی ماددەی تیرۆر حکومی لەسێدارەدان دێتە پێش، هیوادارم کەشی سیاسی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا بێت و ئەوانیش ئازاد بکرێن و ببنە بەشێک لە پرۆسەی سیاسی و وەکو هاووڵاتییەک لەماڵەوە دابنیشن و خەریکی ژیانی خۆیان بن.

**رووداو: بۆچی پەنجەی تۆمەت بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی درێژ دەکرێت لە چوونی گەنجانی کورد بۆ سووریا بۆ جیهاد؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** یەک ئەندامی بزووتنەوەی ئیسلامی نەچووەتە سووریا، ئێمە پێشتر گوتوومانە کە رازیمان نییە هیچ گەنجێکی کورد بەناوی جیهاد بچێت بۆ سووریا، چونکە شیکردنەوەو لێکدانەوەی شەرعیمان بۆ ئەو بابەتە کرد، کاتێک کەسێک بانگەوازی جیهاد دەکات کە کەسێکی ناسراو و متمانەپێکراو و خۆشەویست بێت و خەڵک سیقەی بە دین و عەقیدەی هەبێت، ئێستا لە سووریا ئەبو فلان و ئەبو فیسار دروستبوونە، ئەو گەنجە جوانە کوردە بەناوی جیهادەوە دەکەنە سووتەمەنی شەڕی نێوانیان، بۆیە بە هیچ شێوەیەک رازی نین گەنجی کورد بچێتە سووریا. رازی نین گەنجی کورد ببێتە سووتەمەنی شەڕی ئەو ئەبو فلان و فیسارانە. گەنجانی بزووتنەوەش مولتەزیم بوون بە بڕیاری ئێمە، ئەوانەی دەچن زۆربەیان گەنج و منداڵی هەرزەکارن کە بزووتنەوەشیان نەناسیوە.

**رووداو: دەمانەوێ هەندێ زانیاری لەبارەی کوژرانی تەحسینی برات بزانین؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** حاجی تەحسین کەسایەتییەکی خۆشەویست بوو لەناو خەڵک، لە سیما و روخساردا لە باوکی رەحمەتیم دەچوو، زۆریش لەگەڵ باوکم بووە و لە تەوێڵەش بووە فەرماندەی هێزی تایبەت. کە ئێمە چووینە ئێران ئەو لەوێ مایەوە، نە قاعیدە بوو نە تاڵیبان، بەڵکو بە کەسیان رازی نەبوو، رەخنە و تێبینی لە شێوازی ئیشکردنی ئەوان زۆر هەبوو، بۆیە کاتێک کە شەهید بوو پرسە و سەرەخۆشیمان لە هەموو لایەکەوە بۆ هات.

**رووداو: بەڵام بە فڕۆکەی ئەمریکیی بێ فڕۆکەوان کوژرا، کەواتە کەسێکی ئاسایی نەبووە و لە پێنتاگۆنەوە بڕیاری تەسفیەی دراوە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** بەڵێ راستە بە گوێرەی زانیارییەکانی ئێمە بە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان شەهید کراوە، هەر لە دێیەکی باشووری وەزیرستان لە پاکستان بەخاک سپێردراوە، بەڵام شوێنەکە وا نییە ئێمە بچین.



## کاروان کامیل دەیکاتە سۆرانی

**ئەڤین سەلاح – هەولێر**

هونەرمەندی لاو کاروان کامیل سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ئەلبوومێکە کە 10 تراکە و چواریان بە شێوەزاری سۆرانی دەڵێت. کاروان بە (رووداو)ی گوت "حەزم کرد ئەم ئەلبوومەم چەند گۆرانییەکی بە شێوەزاری سۆرانی تێدا بێت، چونکە هەست دەکەم هەوادارێکی باشم هەیە کە حەز دەکەن بە شێوەزاری سۆرانی گۆرانی بڵێم". ئەو هونەرمەندە باسی ئەوەی کرد کە هەندێک لەئاوازەکانی ناو ئەلبوومەکەی هی خۆیەتی "تا ئێستا ناوم بۆ ئەلبوومەکەم دانەناوە، بەنیازم کە سەرجەم کارەکانی تەواو بوو ئینجا ناوی بۆ دابنێم، ئێستاش هەندێک لە گۆرانییەکان تۆمار کراون و ئامادەن".

### مەزهەری خالقی، هونەرمەندی ناسراوی کورد:

# سوێند دراوم کاری سیاسی نەکەم

● ئێستاش هونەر لە سنە لە هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان پێشکەوتووترە

● لەنێو یەکێک لە ژوورەکانی (ئینستیتوتی کەلەپووری کوردی)، کە چەندین ئامێری میوزیکی تێدایە. پیاوێک لە بەرامبەر کۆمپیوتەرەکەی سەرقاڵ دەردەکەوێ. ململانێ لەگەڵ پرکاری و تەمەنی هەڵکشاوی خۆی دەکات. مەزهەری خالقی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) مژدە دەداتە هەوادارانی دەنگی هونەرمەندی فارس شەجەریان و دەڵێت دوای پێکهێنانی حکومەت داوەتی دەکات بۆ باشووری کوردستان.

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود

فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان



**رووداو: دەگوترێ لە تەمەنی 13 ساڵیدا بوویتە شیوعی و بەو هۆیەشەوە 15 رۆژ زیندانی کراوی، ئەوە بەهۆی کاریگەریی مامۆستاکەت بوو کە بوویتە شیوعی؟**

**مەزهەری خالقی:** ئەو دەمە بزووتنەوەی چەپ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باو بوو، ئێرانی لە پێش هەموو شوێنێک گرتبوووەوە، هەر ئەودەمەش حیزبی توودە بەهێزترین حیزبی کۆمۆنیستی بوو لە ئێران. زۆر گرنگ بوو بۆ گەنجەکان کە سمێڵیان وەک ستالین بهێڵنەوە. من نەمدەزانی شیوعییەت چییە لەو تەمەنەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی کاکم چەپ بوو، ئێمەش لە برا گەورەکەمانەوە پەیوەندیمان پەیدا کرد. لەناو کۆمەڵگە و قوتابخانەش گرنگ بوو خۆت بە چەپ بزانی.

**رووداو: شیوعیبوونە کورتخایەنەکەی تۆ کاریگەری لەسەر ئەوە هەبوو ببیتە هونەرمەند؟**

**مەزهەری خالقی:** بێگومان یەکێک لە شتەکان کە چەپی لەلای ئێمە خۆشەویست کردبوو، ئەوە بوو کە شیوعییەکان خەڵکیان هاندەدا بۆ هونەر و کاری هونەری، بەڵێ ئەوە کاریگەری هەبوو.

**رووداو: دەڵێن کە لە زیندان ئازادکرای سوێند درایت کاری سیاسی نەکەیتەوە؟ کێ سوێندی دای؟**

**مەزهەری خالقی:** بەڵێ کە ئازاد کراین ئێمەیان بردە مزگەوتی جامیعە. لەوێ حوجەتولئیسلام موجتەهیدی سوێندی داین کە توخنی سیاسەت نەکەوین و لە حیزبی کۆمۆنیست و توودە چالاکیمان نەبێ. ئێمەش سوێندمان خوارد. تاوەکو ساڵانی سەرەتاش دەمگوت بەزۆر سوێندیان داوم و بڕوام بە سوێندەکە نەبوو. بەڵام دواتر لە زانکۆ لەوە تێگەیشتم دەبێت هونەرمەند بیروباوەڕەکەی بۆخۆی بێت و هونەرەکەی بۆ خەڵک بێت.

**رووداو: هەندێک لە گۆرانیبێژانی رۆژهەڵات بەلایەنگیرییان بۆ حیزبەکان کەوتنە بەر رەخنەی خەڵک، ئایا خەڵک نایەوێ هونەرمەند سیاسی بێت؟**

● هەرچی ناوبانگم هەیە هی دەنگەکەمە

● کامکارەکان کوڕی راستەقینەی باوکی خۆیانن

**مەزهەری خالقی:** کاری هونەر مرۆییە و جیاوازە لە سیاسەت. هەر حیزب و ئایدیۆلۆژیایەک ژمارەیەک کەس لەخۆدەگرێت، ئەگەر بچیتە نێو ئەو چوارچێوە سیاسییە، خۆت لە تەواوی خەڵک دوور دەخەیتەوە و دواتر هونەرەکەت بچووک دەکەیتەوە.

**رووداو: لە نزیکەوە محەممەد رەزا شات بینیوە؟**

**مەزهەری خالقی:** یەکجار بینیومە، لە ساڵی 1952 بوو، دیدارەکە گشتی بوو هاتبووە کرماشان و من لەوێ بە رواڵەت بینیم کە سەردانی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی کرد.

**رووداو: نەیگوت گوێ لەدەنگت دەگرم؟**

**مەزهەری خالقی:** نەخێر، ئیمپراتۆرێکی وا، نەک من بەهیچ کەس ناڵێ گوێ لەدەنگت دەگرم یان حەزم لە دەنگی تۆیە.

**رووداو: پەیوەندیت لەگەڵ شەجەریان و حومەیرا و هایدە و ئەوانە چۆن بوو؟**

**مەزهەری خالقی:** لەگەڵ زۆربەیان دۆست بووم، ئێستاش پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستا شەجەریان هەیە. جاری پێشوو من داوەتم کرد بۆ سلێمانی. چاوەڕوانم کە حکومەت پێکهات داوەتی بکەم بۆ هەولێر و سلێمانی.

**رووداو: ئەو رای چی بوو بەرامبەر بە کورد؟**

**مەزهەری خالقی:** من ناتوانم لە زمانی ئەوەوە بابەتێکی سیاسی باس بکەم، بەڵام دەزانم کە مرۆڤێکی ئازادیخوازە. خاوەنی کەسایەتی خۆیەتی.

**رووداو: ئەی سەبارەت بە داریوش؟**

**مەزهەری خالقی:** ئەوان جیلی دوای ئێمە بوون، پەیوەندی وامان نەبووە، شێوازی کارکردن و شتەکانمان جیاواز بوون. بەشێکیان لە ئاهەنگ و ریستۆرانت و ماڵان گۆرانییان دەگوت و ئێمە نەماندەگوت و پێمان عەیب بوو لەو شوێنانە گۆرانی بڵێین.

**رووداو: ساڵانێک بەڕێوەبەری رادیۆی کوردی بوویت لە تاران، ئەوە تاچەند یارمەتی دایت کەسایەتی و ئەستێرە گەورەکانی ئێران بناسیت؟**

**مەزهەری خالقی:** من دانی پێدا دەنێم هەرچی لەبارەی ناوبانگم هەیە هی دەنگەکەمە و هیچم لە پۆست و پارە وەرنەگرتووە. خۆشەویستی هونەر لەگەڵ هیچ شتێک ناگۆڕدرێتەوە.

**رووداو: موجتەبای میرزادە کاری میوزیکی بۆ کردووی؟ بۆچی نەمبیستووە ناوی بهێنی؟**

**مەزهەری خالقی:** کەمتر لەگەڵ ئەو کارم کردووە، دوو کار لەکرماشان کردوومانە، تەنیا ئەوەندە بووە و کاری سەرپێییمان بەیەکەوە کردووە. دوای ئینقیلاب موزیسیانەکان هەموو پەرشوبڵاو بوونەوە، ئەو توانی موزیسیانەکانم بۆ ئامادە بکات.

**رووداو: وادەست دەکەم سنە زیاتر لە هەر شارێکی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان کەشوهەوایەکی هونەری هەبێت؟**

**مەزهەری خالقی:** راستە، سنە بەدرێژایی حکومەتی ئەردەڵانییەکان پایتەخت بووە. ئەوە یارمەتییەکی هەرە گەورەی هونەر و فەرهەنگی کوردی ئەو سەردەمەی داوە. سنە ئێستاش لە هەموو شارێکی پارچەکانی دیکەی کوردستان پێشکەوتووترە.

**رووداو: بێژەن کامکار دەڵێ من مەزهەری خالقی بە مامۆستای خۆم دەزانم، ئەی تۆ رات چییە لەسەر کامکاران؟**

**مەزهەری خالقی:** کامکارەکان کوڕی راستەقینەی باوکی خۆیانن. توانییان بەباشی جێگەی باوکیان بگرنەوە، باوکیان یەکێک لە دانەرانی پایەی موزیک بووە لە سنە لە ساڵانی چلەکان. پۆلی فێرکردنی میوزیکی هەبوو. ئەوان توانییان ئەو هونەرەی باوکیان بگوازنەوە. ئێستا یەکەمین گرووپن لەباری میوزیکی کوردی لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی کوردستان. چەند رۆژێک لەمەوبەر هاوسەری بێژەن کامکار، گۆرانییەکی منی گوتەوە، هێندە بە چێژ و سۆز گوتییەوە، حەزم دەکرد بەدەنگی ئەو گوێم لێبێت نەک خۆم.

**رووداو: تۆ دووساڵ لەمەوبەر گوتت بەرهەمی نوێم هەیە و تاوەکو ئێستاش هیچت دیار نییە؟**

**مەزهەری خالقی:** گۆرانی هەمیشە لە ژیانمدایە و لێم جیانابێتەوە. هەندێک گۆرانیم بە ستایلی تازە هەیە، بەڵام بەڕاستی تاوەکو ئەوکاتەی دەرفەت و توانام نەبێت، کار بە ناتەواوی جێناهێڵم. ئۆرکێستراکەی بۆ ئامادە کراوە و هەمیشە لەبیری ئەوەم کاتی پێبدەم و هیوادارم درەنگ نەبێ، چونکە 10 ساڵە هیچم نەگوتووە. زۆر سەختە بیر لەوە بکەمەوە، خەفەتیشم پێدەدات. هیچ کاتێکیش کارم بە نیوەچڵی جێنەهێشتووە.

● کە حکومەت پێکهات شەجەریان داوەت دەکەم

● شیوعیبوونەکەم کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی کە ببمە گۆرانیبێژ

**رووداو: ئاگات لە کاروباری هونەری رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە؟**

**مەزهەری خالقی:** دوور بە دوور، لە رێگەی ئیمەیل و رێگای جیاوازەوە کارەکانیان بۆ من دەنێرن و دەیانبینم. بزووتنەوەی میوزیک لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە 1981 ەوە تاوەکو ئێستا زۆر خێرابووە. سەتان کوڕ و کچی نوێ پەیدا بوون و پێشکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە. لایەنی زانستییان زۆرباشە، بەڵام توانای داراییان باش نییە.

**رووداو: کۆنسێرتی عەدنان کەریم و بەهجەت یەحیا لەگەڵ کامکارەکان ئەوە ناگەیێنێ کە ئێستا لە رۆژهەڵاتی کوردستان توانایەکی میوزیکی زۆرباش هەیە؟**

**مەزهەری خالقی:** بەڵێ بەڵێ، ئێستا لە بۆکان و سنە و سەقز و مهاباد و تاران و کرماشان، گرووپ و میوزیسیانی زۆرباش هەن. میوزسیانی زۆرباشمان هەیە کە لەگەڵ شەجەریان کاردەکەن.

**رووداو: پەیوەندیت لەگەڵ هێمن موکریانی چۆن بوو؟**

**مەزهەری خالقی:** من خولیای شیعرەکانی مامۆستا هێمن بووم، لە بەردی کوردستان سەختترە بەرامبەر بە داگیرکەر، لە وێنەکردنی جوانیی کچێکی کوردیش ناسکترە، بەڕای من تاکە شاعیری کوردە کە لە پاڵ پێشمەرگایەتیدا، جوانی و لەرینەوەی کۆڵوانەی کچێک بەیەکەوە وا کۆبکاتەوە کە مرۆڤ خۆی تێدا بدۆزێتەوە.

**رووداو: رۆژهەڵات پارچەیەکی بێ چانسی کوردستانە، هەر هونەرمەندێک لەوێ پێدەگات ناچارە بەجێی بهێڵێ، تۆ لەو رووەوە هەستت چۆنە؟**

**مەزهەری خالقی:** دوو گرفتی لێدەکەوێتەوە، یەکەم: ئەو کەسە ناتوانێ لەو ژینگەیە پەرە بە بەرهەمەکەی بدات و دواتر ئەو کۆمەڵگەیە زیانی لێدەکەوێ. دووەم: ئەندێشمەند و شارەزایان پێویستن بۆ کۆمەڵگە. هەتا بتوانین هەر یەکێک لە خاکی خۆمان بین باشترە و لەگەڵ میللەتەکەمان بمێنینەوە باشە.

**رووداو: دووری چەند یارمەتی تۆی دا ببیتە ئەو مەزهەری خالقییەی ئێستا؟**

**مەزهەری خالقی:** من بە بیرەوەرییەک وەڵامت دەدەمەوە. کاتی خۆی مامۆستا شێرکۆ بێکەس لە شاخەوە هاتە ئەورووپا و لە لەندەن بینیم، پێمگوت حەیفت کرد کوردستانت جێهێشت و ئیدی تۆ هەستێکی دیکەت بۆ پەیدا دەبێت و دەبیتە شێرکۆ بێکەسێکی دیکە. گوتی بۆ؟ گوتم لەبەر ئەوەی دێیتە نێو ژینگەیەکی دیکە و دەبیتە شێرکۆیەکی دیکە. کاتێک چووە سوید بینیمان بەرهەمەکانی بوونە ئاهوناڵە و هەڕەشەکان بوونە شتی دیکە.

بۆ خۆشم کە چوومە دەرەوە، بەرهەمەکانم گۆڕان، هونەری تاراوگە جیاوازیی هەیە لەگەڵ هونەری وڵاتی خۆت.

**رووداو: کاری ئەم ئینستتیوتە گەیشتووەتە کوێ؟**

**مەزهەری خالقی:** ماوەی ساڵ و نیوێکە لە لووتکەی کارەکانماندایین، ئارشیڤەکەمان تاراددەیەک دەوڵەمەندە و بەرهەمەکانمان باشن و پێناسەی کارمان لە شوێنە دیارەکانی دەرەوە دیارە. ماوەتەوە سەر ئەوەی بەکاربین و هێزی ئەوەمان هەبێت سەنتەرەکەمان بکەینەوە بەڕووی خەڵکدا. رەنجی 10 ساڵەی خۆم و هاوکارەکانم و هاوکاری و خۆبەخشیی سەدان کەس لەناوچەکە کەوتووەتە سەرپێ.

# هەڵۆ سپییەکانی پۆڵەندا هەڵپەڕکێی کوردی دەکەن

**ئاڤا مۆما**

**رووداو- تۆرنتۆ**

ئەمساڵ یەکێک لە نمایشەکانی مەراسیمی کردنەوە و داخستنی فێستیڤاڵی ساڵانەی زمانی تورکی نمایشێکی هەڵپەڕکێی کوردی دەبێت.

فێزی کاراکێچلی کە مامۆستایەکی هەڵپەڕکێی کوردییە، راهێنانی بە چەندین گرووپ لە نەتەوەی جیاواز کردووە و ئامادەی کردوون بۆ ئەم فێستیڤاڵە.

گرووپەکەی کاراکێچلی کە نوێنەرایەتی کەنەدا دەکەن، لە مانگی مایس و حوزەیرانی ئەمساڵدا لە ئیستەنبوڵ، ئەنقەرە، ئیزمیر، غازی عەنتاب، ئامەد و ماردین بەشداری چەند نمایشێک دەکەن.

بۆ ئەندامانی گرووپەکەی کاراکێچلی فێربوونی هەڵپەڕکێی کوردی مانای فێربوونی کەلتوور و زمان و مێژووی کوردە.

یەکێک لە قوتابییەکان گوتی "لەسەرەتاوە دەستگرتن لەگەڵ هەمان رەگەز و جوڵان لەسەر ئەژنۆ و شتەکانی دیکە زۆر قورس بوون، بەڵام ئێستا ئاسانترەو چێژێکی زۆر لە هەڵپەڕکێی کوردی دەبینین، لە راستیدا زۆر حەزمان لە هەڵپەڕکێی کوردییە".

"سوپاس، رۆژباش فێزی"، ئەمە سڵاوی یەکێک لە قوتابیەکان بوو بە زمانی کوردی. گرووپەکە ناوی "هەڵۆ سپییەکانی پۆڵەندا"یە و بە نوێنەرایەتی کەنەدا بەشداری لە فێستیڤاڵی ساڵانەی زمانی تورکی دەکەن لە مانگی مایس و حوزەیرانی ئەمساڵدا. هەرچەندە گرووپەکە ناوی پۆڵەندای پێوەیە، بەڵام ئەندامەکانی خەڵکی وڵاتانی ئۆکراینا، رووسیا، بەریتانیا و چەند وڵاتێکی دیکەن.

کاراکێچلی کە بەڕێوەبەرو راهێنەری یەکەمین گرووپی هەڵپەڕکێی بالێی کوردییە بەناوی (مەموزین) و قوتابی دکتۆرایە لە زانکۆی یۆرک، توانیویەتی جوانیی هەڵپەڕکێ و مۆسیقاو ئەدەب و نەریتی کوردی لە سەرتاسەری کەنەدا بە زانکۆی ئیزابێلی تۆرانتۆوەش نیشان بدات.

لە ساڵی 2013ەە کاراکێچلی راهێنانی هەڵپەڕکێی فۆلکلۆری و مۆدێرن و باڵێ بە سەماکەرانی قوتابخانەیەکی کەنەدا دەکات.

کاراکێچلی کە ئەندامیشە لە بۆردی کۆمەڵگەی فۆلکلۆری و هونەریی تۆرنتۆ، لەلایەن کۆمیتەی فێستیڤاڵی زمانی تورکییەوە بانگهێشت کراوە بۆ تورکیا لەگەڵ گرووپەکەی بە نوێنەرایەتی کەنەدا.

کاراکێچلی لە شاری ئورفای باکووری کوردستان لەدایکبووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە هەڵپەڕکێی فۆلکلۆر لە تورکیا وەرگرتووە و ماستەریش لە زانکۆی تەکنیکی لە ئیستەنبوڵ.

لەوکاتانەی ناوهێنانی وشەی کوردی لە تورکیا قەدەغە بوو، کاراکێچلی بۆ ماوەی حەوت ساڵ وەک مامۆستا لە زانکۆی غازی عەنتاب و ئیستانبوڵ وانەی گوتووەتەوە پاشان لە ساڵی 2001 چووەتە کەنەدا بۆ تەواوکردنی ماستەری دووەم لە زانکۆی یۆرک لە بواری هەڵپەڕکێ.

بۆ توێژینەوەی بڕوانامەی دکتۆراکەی، کاراکێچلی کار لەسەر زانستی نەریت و کەلتووری کۆمەڵگە و تاکی کوردی دەکات لە زەماوەندی ژن و ژنخوازیدا و هەروەها هەڵپەڕکێ لە کوردستان و تاراوگە.

دوایین کاری کاراکێچلی نمایشکردنی تابلۆی هەڵپەڕکێی "نەورۆز و هەڵپەڕێکی رەنگا و رەنگ". بوو کە لە 2014/5/16 لە هۆڵی شانۆی ئیزابیل بەیدەر لە تۆرنتۆ نمایش کرا.



ڕووداو
ژمارە (310) دووشەممە 2014/5/19

## کوردێک دەبێتە ئەندامی دادگای باڵای کارگێڕی سوێد



**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

بۆ یەکەمجار لەسەر سۆید، کوردێک بەناوی مەحموود باران، بووە ئەندامی دادگای باڵای کارگێڕی سوید، کە بە یەکێک لە دامەزراوە دەوڵەتییە باڵاکانی سوید دادەنرێت. ئەو دادگایە 16 ئەندامی هەیە و لە کەسانی بە ئەزموونی بواری دادوەریی و ڕاوێژکاریی یاسیی پێکهاتوون. باران، 56 ساڵ، پسپۆڕی بواری باجە و 13 ساڵ لە دامەزراوەی باجی سوید کاری کردووە. لە ساڵی 1988 ماستەری لە بواری کارگێڕی بزنس وەرگرتووە. بڕوانامەی یاسای لە زانکۆی ستۆکهۆڵم وەرگرتووە. ئەندامی کۆمەڵەی پارێزەرانی نێودەوڵەتیی سویدە.

# دوو کورد دەبنە کاریگەرترین کەسایەتی سوێد

**ڕووداو– ستۆکهۆڵم**

ڕۆژنامەیەکی سوێدی، ناوی دوو گەنجی کوردی خستە لیستی کاریگەرترین کەسایەتییەکانی سوێد.

ڕۆژنامەی میترۆ کە ڕۆژنامەیەکی ناسراوی ئەورووپایە و لە چەندین وڵات بە هەمان سایز و فۆرم و بە زۆرترین تیراژ بڵاودەبێتەوە، ساڵانە لەڕێی لیژنەیەک لە کەسانی پسپۆڕ و لەسەر بنەمای کارە پڕ کاریگەرییەکانیان، کەسایەتی ساڵ بڵاودەکاتەوە، ئەمەش بووەتە کەلتوورێکی دیاری وڵاتانی ئەورووپا و زۆر جاریش خەڵاتی گەورەی ماڵیی لەگەڵدایە.

بۆ ئەمساڵ و لە چوارچێوەی ئەو 50 کەسە کاریگەرەی سوێد کە ڕۆژنامەی میترۆ بڵاوی کردوونەتەوە، هەریەک لە سۆران ئیسماعیل، 26 ساڵ، لە ڕیزبەندی 22. هەروەها ئۆز نوژەن 38 ساڵ، لە ڕیزبەندی 45ی لیستەکەدان.

ژمارەی دانیشتووانی سوێد نزیکەی 9.5 ملیۆن کەسە. ڕۆژنامەکە 50 کەسی لە سوێد وەکو کەسایەتی کاریگەری ساڵ دەستنیشان کردووە کە دوویان کوردن و هەردووکیشیان گەنجن.

ئەوان وەک کەسانی پڕ جەماوەر و کاریگەر لەسەر خەڵک و ڕای گشتی ناویان هێنراوە. وەک ڕۆژنامەکە دەڵێت "ئۆز نوژەن پرسی هەستیار و قەدەخەکراوی ورووژاندووە". هەروەها دەڵێت "بوێر و چاونەترس بووە و ڕێگەیەکی درێژی پڕ لە مەترسی بڕیوە".

لەبارەی سۆران ئیسماعیلیش ڕۆژنامەکە نووسیویەتی "جیاوازییەکی زۆر لە نێوان کۆمیدیبوون و کاریکاتێردا هەیە". باس لە سۆران دەکات کە "وەک کەسایەتییەکی بەهێز لە ڕێگەی تەنزەکانی کاریگەری لەسەر ڕای گشتیی سوید هەبووە".

ئۆز، کەسایەتییەکی ناسراوی سویدە کە خەڵکی باکووری کوردستانە. لە چەندین بەرنامەی پڕبینەری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی سوید بەشداری کردووە. لەدوای بەرنامەیەکی لە هەردوو تەلەڤزیۆنی فەرمیی نەرویج و سوید کە ڕەخنەی توندی لەسەرۆک وەزیرانی پێشووی نەرویج گرت، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە هەردوو وڵات دروست کرد، بە ئەندازەیەک تەلەڤزیۆنی نەرویجی بە ناچاری قسەکانی نوژەنی سانسۆر کرد.

سۆران ئیسماعیلیش کە خەڵکی باشووری کوردستانە و نزیکەی 20 ساڵە لە سوێد دەژی، کاریگەری لەسەر پرسە سیاسییەکان هەیە. لە ساڵی 2010 دوو پەرلەمانتاری پارتی سوێدییە دیموکراتەکان کە پارتێکی ڕەگەزپەرستە، هێرشیان کردە سەر سۆران، دوای ئەو ڕووداوە پەرلەمانی سوێد حەسانەی لە هەردوو پەرلەمانتارەکە وەرگرتەوە.



سۆران ئیسماعیل

ئۆز نوژەن

# کاندیدە کوردەکەی هۆڵەندا داوای دەنگ دەکات



**ئاشتی عومەر سندی**
**ڕووداو– هۆڵەندا**

تاکە کاندیدە کوردەکەی هۆڵەندا داوا لە کوردی نیشتەجێی ئەو وڵاتە دەکات دەنگی پێبدەن بۆ ئەوەی نوێنەرایەتییان بکات لە پەرلەمانی ئەورووپا. ئەو کاندیدە دەڵێت لە پەرلەمانی ئەورووپا کار بۆ دۆزی کورد دەکات.

ڕۆژی 25ی ئەم مانگە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپا لە سەرانسەری ئەو کیشوەرە بەڕێوەدەچن. نزیکەی 350 پارت و کیانی سیاسی و زیاتر لە 8 هەزار کاندید ڕکابەری لەسەر 726 کورسی پەرلەمانی ئەورووپا دەکەن.

یونس لوتفوڵڵا گۆران، چالاکوانێکی دیاری کوردە لە هۆڵەندا. مانگی شوباتی ڕابردوو بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی دەستنیشانکرا وەکو کاندیدی ئەو پارتە بۆ پەرلەمانی ئەورووپا.

یونس گۆران خەڵکی باشووری کوردستانە و ماوەی 19 ساڵە لە هۆڵەندا دەژیت. 11 ساڵە ئەندامی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی (SP)یە و ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی ناوەڕاستە. هەروەها گوتەبێژی ئەو پارتەیە.

یونس لە ساڵی 2002ەوە وەکو ڕاوێژکار لە وەزارەتی ئاسایش و دادی هۆڵەندا کاردەکات. سەبارەت بە کاندیدکردنی لەلایەن پارتەکەیەوە، یونس دەڵێت "من لە ساڵی 2011ەوە گوتەبێژی پارتەکەمم. هەروەها شارەزاییم هەیە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرکەوتنم لەو بوارەدا وایکرد پارتەکەم داوام لێبکات و دواتر بە زۆربەی دەنگی ئەندامانی پارت ببمە کاندیدی ژمارە 22 بۆ پەرلەمانی ئەورووپا".

یونس تاکە کاندیدی کوردە لە هۆڵەندا بۆ ئەم هەڵبژاردنە، بۆیە داوا لە کوردی نیشتەجێی هۆڵەندا دەکات دەنگی پێبدەن "کاتی ئەوە هاتووە کوردی هۆڵەنداش ئەندامی هەبێت لە پەرلەمانی ئەورووپا، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانێ دەنگیان بگەیەنێتە پەرلەمانی ئەورووپا."

یونس لوتفوڵڵا گۆران دەڵێ ئەگەر هەڵبژێردرا، ئەوە کێشەی کورد دەبێتە گرنگترین خاڵی کارکردنی و بەردەوام دەبێت لەسەر ناساندنی کێشەی کورد لە ئەورووپا.

یونس گۆران هەروەها داوا لە هەموو بەرپرسانی کورد دەکات زیاتر گرنگی بە کوردی تاراوگە بدەن، چونکە پێیوایە کوردی تاراوگە دەتوانن پێگەی کورد لە دەرەوە بەهێزتربکەن.

# کوردی کالیفۆرنیا شێخەکەیان لە دەست دا



**ئەمیر شەریفی**
**ڕووداو– کالیفۆرنیا**

تالب بەرزنجی کە لە نێو کوردی باشووری کالیفۆرنیا بە شێخ تالب ناسرابوو، لە تەمەنی 80 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. کوردی باشووری کالیفۆرنیا بە خەم و پەژارەن بۆ ئەو چالاکوانە سیاسی و کەلتوورییە کە لە سەرەتای ئەم مانگەدا بەهۆی نەخۆشیی دڵەوە ماڵئاوایی لێکردن. ئەوان بەریگریکارێکی ڕاستەقینەی مافە کەلتوورییەکانیان لەدەست دا، بۆیە وا بە ئاسانی لە دڵیان دەرناچێت.

ژیانی بەرزنجی پڕبوو لە خەباتی سیاسی و نەتەوەیی. شێخ تالب لەساڵی 1934 لە شاری کەرکووک لە دایکبووە. بەشێک لە تەمەنی منداڵی و تەمەنی هەرزەکاری لە شاری سلێمانی بەسەر بردووە. مامۆستای ئینگلیزی بووە لە خوێندنگە دواناوەندییەکاندا. دواتر پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە. وەکو زۆر کوردی دیکە دوای شۆڕشی 1975 ئاوارەی ئێران بووە، پاشان ڕووی کردووەتە ئەمریکا.

لە هەندەران هەرچەندە وەکو لایەنگری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ناسراوە، بەڵام هەمیشە داکۆکی لە بۆچوونە سیاسی و فکرییەکانی خۆی کردووە و بۆچوونێکی گشتگیری سیاسی و ڕۆشنبیریی هەبوو. سەرەڕای تەمەنی زۆر و دڵێکی نەخۆش، لە کالیفۆرنیا لە چالاکییە سیاسییەکانی بەردەوام بوو.

وەکو وەرگێڕێکی لێهاتوو، هەر لەگەڵ گەیشتنی بە ئەمریکا بووە نوێنەری ئاوارە کوردەکان، شێخ هاوکاری ئاوارەکانی کردووە بۆ ئەوەی لە ماڵە نوێیەکەیاندا جێی خۆیان قایم بکەن، هەروەکو چۆن خۆی لە ئێران بە هەمان بارودۆخدا تێپەڕیبوو.

هەر لەسەرەتاوە بە کاری ڕێکخراوەییەوە سەرقاڵ بووە و هەوڵی داوە ڕێکخراوی سیاسی و کەلتووری پێکەوە بنێت و سەنتەری کۆمەڵایەتی کوردی و سەنتەری کۆمەڵایەتی کوردی باشووری کالیفۆرنیای لە ساڵەکانی 1970 و 1980 دامەزراندووە.

شێخ بڕوانامەی لە خوێندنی ئیسلامی، زمانی ئینگلیزی و کۆمەڵناسی هەبوو. بەهۆی دوورکەوتنەوەی لە خێزانەکەی لە کوردستان، لە هەندەران خێزانێکی نوێی پێکەوە ناوە، بەڵام دواتر دوو لە کوڕەکانی لە ژنی یەکەمی دەگەنە لای. ئەو هەروەها کچێکی لە ژنی دووەمی هەیە.

کورد و نا-کورد هەموو وشە زیندوو و پڕجۆشەکانی ئەویان لەیادە. دەم بەخەندەیی و توانای قسەکردنی وای لێکردبوو کە هەرکەسێک چاوی پێی بکەوتایە بە کەسایەتی سەرسام دەبوو.



تالب بەرزنجی

ئەو خۆشەویستیەکی زۆری بۆ زمان هەبوو، زمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسی، ئینگلیزی و ئیسپانی بە باشی دەزانی.

جارێک لێیدەپرسن چۆن ئەو هەموو زمانە فێربووی، لە وەڵامدا دەڵێت "ژمارەی ئەو وڵاتانەی کردوومن، لە ژمارەی پێڵاوەکانم زیاترن". هاوڕێ کوردەکانی ئێرەییان بە پاراویی کوردییەکەی بەرزنجی دەهات و بە گوێگرتن لە شێخ بۆیان دەردەکەوت زمانی کوردی چەندە شیرینە.

لە کاتی مامۆستاییدا فێرببوو کە چۆن زمان و کەلتووری کوردی برەو پێبدات. زانیارییە زۆرەکەی لەسەر زمانی کوردی کردبووی بە پێودانگێک بۆ دەربڕینی کوردایەتی لە بۆنەکاندا. ئەو لە هەموو شتێک زیاتر داکۆکی لە زمان و ئەدەبی کوردی دەکرد و خۆی وەکو پیاوی وشە و هۆنراوە دەبینی.

ئەو خەبات و مێژوو، چیرۆکی پاڵەوانانی کوردستانی لە شیعری کلاسیکیدا دادەڕشتەوە و بە هەست و سۆزەوە بۆ خەڵکی دەخوێندەوە. زانیاری پڕی لەسەر زمان و وشەسازیی کوردی، هاوکاریی دکتۆر ڕەشید قەرەداخی کرد بۆ ئەوەی فەرهەنگی کوردی- ئینگلیزی دابنێت.

هەروەها هاوکاری منی کرد لە وەرگێڕانی "ئاوێنە بچکۆلەکان"ی شێرکۆ بێکەس.

شێخ تالب لە زۆربەی خۆپیشاندانەکانی کوردی کالیفۆریا بە قاتە قاوەییە کوردییەکەیەوە لە ریزی پێشەوەی خۆپیشاندەران بوو.

ڕووخانی سەدام حوسێن خۆشییەکی زۆری بۆ شێخ هێنا. ئەو زۆرجار ئەو ڕۆژەی بەبیر دەهاتەوە کە خۆی و 65 کەسی دیکە لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی هەڵاتن. دوای سەردانێکی کوردستان، بە نائومێدی لە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕایەوە، ئەو لەوێ داوای خانەنشینی کردبوو بۆ ئەرکی مامۆستاییەکەی کە بەهۆی پەیوەندیکردن بە شۆڕشەوە وازی لێهێنابوو.

شێخ تالب هەرگیز پشتی لە نەتەوەکەی خۆی نەکردووە. دوا نەورۆزی لە کوردستان لە پێش شکستی شۆڕش گێڕابوو، دواترین نەورۆزیشی لەساڵی 2014 لە شاری لۆس ئانجلس بە ڕوحێکی زیندووەوە گێڕا. پێش دوا هەڵپەڕکێی لێم پرسی، ساڵی نوێی کوردی چ مانایەکی لای ئەو هەیە، گوتی "ساڵی نوێی کوردی واتە بەرەوپێش ڕوانین. ئەمە وای لە ئێمەکرد کە لە دوای شکستی شۆڕشیش هەر بەردەوام بین. دەبێت بەرەو پێش بڕوانین."







Empire World
Building the Future

تاوەرەکانی ئیمپایر دایموند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە بۆ فرۆشتن

Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com


ببە بەخاوەنی تۆیۆتای خۆت
بە قیستی مانگانەی گونجاو
مۆدێل و ڕێژەی ئۆتۆمبیلەکان پابەندە بە ژمارەی ئۆتۆمبیلی بەردەست.
TOYOTA
بە دڵنیایی
LAND CRUISER Hardtop 2dr 2013 پێشەکی $6,988 3 ساڵ $740
HIACE Van 2013 پێشەکی $5,175 3 ساڵ $548
LAND CRUISER VXR 5.7L V8 2013 پێشەکی $27,980 3 ساڵ $1,481
FORTUNER 4x4 2014 پێشەکی $7,538 3 ساڵ $766
COROLLA XLi 2014 پێشەکی $5,175 3 ساڵ $516
ئۆتۆمبێلی خەونەکانت بکڕە بە قستی مانگانەی بچووک کە گونجاوە لەگەڵ هەموو بودجەیەک. ئۆتۆمبێلەکەت هەڵبژێرە، قیستی مانگانەکەت هەڵبژێرە و ئۆتۆمبێلە تازەکەت لێبوخڕە! خێراکە و سەردانی نزیکترین پێشانگای ساز بکە. ئەم ئۆفەرە بەردەوامە تا ئۆتۆمبێلەکان مابێت.
ڕەزامەندی و ژمێرکاری پابەندە بە ڕەزامەندی بانک.
هەولێر
سلێمانی
دهوک
ساز لخدمات المركبات ذ.م.م
SAS AUTOMOTIVE SERVICES CO L.T.D
A MEMBER OF
Sardar GROUP
TOYOTA GENUINE PARTS
TOYOTA QUALITY SERVICE
TOYOTA ACCESSORIES
www.sasiraq.com
toyotasales@sasiraq.com
/ToyotaSASIraq
فرۆشتن خزمەتگوزاری
هەولێر 0750 541 1111 0750 856 8882
دهوک 0750 352 2222 0750 856 8881
بەغداد 0780 540 0555 0780 150 8882
سلێمانی 0750 563 3333 0770 449 8882


SSANGYONG
Korean Made
msn otomotiv
تەنها بە 30% پێشەکی
ببە بە خاوەنی ئۆتۆمبێلەکانی سانگ یونگ
بە قیستی مانگانە بۆ ماوەی 3 ساڵ بێ بانک سانگ یونگ بکرە چەندین مۆدیل و ڕەنگی جۆراوجۆر لە مار کەکانی سانگ یونگ ببینە جگە لە خزمەتگوزاری دوای کرین بە گرێنتی [ 2 ] ساڵ یا 100,000 کم پارچەی یەدەگی نەسڵی ڕۆن و فلتەر بە خۆرایی ڕۆژانە بە 24 کاتژمێر خزمەتگوزاری لە بەشی چاککردنەوە
هەولێر چوار ریانی راستی تەنیشت گراج بەغدا.
korando SPORTS
NEW korando
REXTON
هەولێر 0750 3442601 0750 3442602 0750 3442603
سلێمانی 0771 157 4639 0770 6847483
دهۆک 0750 3869652 0750 1976202
کرکوک 0750 1442027 0750 3442605

## کچە قوتابییەک خۆی خنکاند



**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2014/5/13 لە ناحیەی پیرمامی سەر بە قەزای شەقڵاوە، کچە قوتابییەکی تەمەن 15 ساڵ بە ناوی (م. ف.خ) خۆی خنکاند. یەکێک لە هاوڕێکانی (م) لە قوتابخانەی هەڵانی کچان لە پیرمام بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کچە لە قوتابخانەی (هەڵانی کچان) بوو لە پیرمام، لە نێو ماڵی خۆیان بە پەت خۆی هەڵواسی و یەکسەر گیانی لەدەستدا". تاوەکو ئێستا بۆ ئەو قوتابییە و کەسوکاریشی ڕووننەبووەتەوە کە (م) بۆچی خۆی خنکاندووە، چونکە هیچ شوێنەوارێکی دوای خۆی جێنەهێشتووە تاوەکو هۆکارەکەی بزانرێت.

## سلێمانی لە دەستدرێژی لە پێشەوەیە

# هەولێر توندوتیژترینە بەرامبەر ژنان

**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان، لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 1612 حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر ژنان تۆمار کراوە و زۆرترین حاڵەتیش لە شاری هەولێر بووە، دوای هەولێر، دهۆک بە پلەی دووەم دێت و سلێمانیش بە پلەی سێیەم.



### هەولێر لە کوشتنی ژنان یەکەمە

بەپێی ئاماری ئەو سێ مانگە، 11 ژن لە هەرێمی کوردستان کوژراون کە 7یان لە هەولێرن، 2 لە دهۆک و دوو ژنیش لە سۆران کوژران، بەڵام هیچ ژنێک لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا لە سنووری پارێزگای سلێمانی، ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان نەکوژراوە.

هەر لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا، 6 ژن خۆیان کوشتووە (2 لە هەولێر، 2 لە دهۆک، یەکێک لە گەرمیان و ژنێکیش لە سلێمانی).

### ئاگر 88 ژنی لەناوبردووە

بەپێی ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە ماوەی سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 88 ژن بەهۆی ئاگرەوە گیانیان لە دەستداوە (64 ژن سووتاون و 24 ژنیش خۆیان سووتاندووە).

وەک لە ئامارەکەدا دەردەکەوێت، لە سووتانی ژنانیشدا هەولێر لە پلەی یەکەم دێت کە 22 ژن لەو ماوەیەدا سووتاون. هەروەها (14 ژن لە سلێمانی، 10 ژن لە گەرمیان، 7 ژن لە ڕاپەڕین، 6 ژن لە سۆران و 5 ژن لە دهۆک) سووتاون.

بەڵام لە خۆسووتاندنی ژناندا دهۆک پێش هەولێر کەوتووە و 10 ژن لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا خۆیان سووتاندووە. هەروەها 7 ژن لە هەولێر، 3 ژن لە سلێمانی، 2 ژن لە گەرمیان و 2 ژنیش لە ڕاپەڕین خۆیان سووتاندووە.

### ژنانی هەولێر زۆرترین سکاڵایان تۆمارکردووە

ئەوەی لە ئامارەکانی توندوتیژی دژی ژنان تێبینی دەکرێت، زۆربوونی ژمارەی سکاڵاکانی ژنانە کە بە بڕوای هەندێک کەس ئەوە بۆ زۆرتر هۆشیاربوونەوەی ژنان دەگەڕێتەوە، بەڵام هەندێک کەسیش وەک ئاماژەیەک دەیبینن بۆ زۆربوونی توندوتیژی دژی ژنان.

بەپێی ئاماری ئەو سێ مانگە، ژنان لە هەرێمی کوردستان 1467 سکاڵایان تۆمار کردووە، زۆرترین سکاڵاش ژنانی هەولێر تۆماریان کردووە کە 582 سکاڵا بووە. هەروەها لە دهۆک 359 سکاڵا، سلێمانی 279 سکاڵا، گەرمیان 146 سکاڵا، ڕاپەڕین 67 سکاڵا و لە سۆران 34 سکاڵا تۆمار کراون.

### سلێمانی لە دەستدرێژی لە پێشەوەیە

ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، ئاماری ئەو ژنانەشی تێدایە کە دەستدرێژییان کراوەتە سەر.

بەپێی ئامارەکە، لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا 40 حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون، زۆرترین حاڵەتی دەستدرێژیش بۆ سەر ژنان لە سلێمانی تۆمار کراوە کە 17 حاڵەت بووە، ئینجا شاری دهۆک کە 12 حاڵەتی تێدا تۆمار کراوە. هەروەها لە ڕاپەڕین 5 حاڵەت، هەولێر 4 حاڵەت، گەرمیان 2 حاڵەتی دەستدرێژی تۆمار کراوە، بەڵام لە سۆران هیچ حاڵەتێک تۆمار نەکراوە.

### 80%ی ژنان سکاڵا تۆمار دەکەن

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ساڵی 2007 بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی بە داواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان دامەزرا، بەڵام لە ساڵی 2011 بەڕێوەبەرایەتییەکە وشەی "بەدواداچوون"ی لادا و وشەی "بەرەنگاربوونەوە"ی لە شوێنی دانا، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەو کەسانەی توندوتیژی دژی ژنان دەنوێنن. پاشان لە پەرلەمانی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دەرچوو.

ئێستا ئەو بەڕێوەبەرایەتییە 13 نووسینگەی لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەیە. ڕۆژانە ژنان روو لەو نووسینگانە دەکەن کە بەپێی قسەی بەرپرسانی ئەو نووسینگانە 80%ی ئەو ژنانەی سەردانیان دەکەن سکاڵا تۆمار دەکەن.

ڕائید بارزان سەلیم، بەڕێوەبەری نووسینگەی قەڵا کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ئافرەتانە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کەیسانەی دێنە لامان جۆراوجۆرن و زۆربەیان لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی و لەیەک تێنەگەیشتنە، بەڵام هۆکاری سەرەکی زۆربەی کێشەکان پیاوانن، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشبەختانە توانیومانە زۆربەی ئەو کەیسانەی دێنە لامان دوای تۆمارکردنی سکاڵا چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە".

بەپێی قسەی ڕائید بارزان، ڕۆژانە دۆسیەیەک لەو نووسینگەیە بۆ کێشەی ژنان دەکرێتەوە. ناوبراو دەڵێ "زۆربەی ئەو ژنانە شوویان کردووە و کێشەیان لەگەڵ مێرد یان برا یان باوکدا هەیە".

### پیاوانیش پەنای بۆ دەبەن

هەر ژنان نین پەنا بۆ نووسینگەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دەبەن، بەڵکو هەندێک لەو پیاوانەی پێیانوایە لەلایەن ژنەکانیانەوە غەدریان لێکراوە و توندوتیژییان بەرامبەر کراوە، هانا بۆ ئەم نووسینگانە دەبەن.

بەپێی ئاماری نووسینگەی منارە کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانە لە هەولێر، لە ماوەی 4 مانگ و نیوی ڕابردوودا 162 پیاو و 143 ژن لەم نووسینگەیە سکاڵایان تۆمار کردووە.

نەقیب فلامینا واحید، بەڕێوەبەری ئەو نووسینگەیە لەبارەی تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن پیاوانەوە لەلای ئەوان بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بە ناوی ئافرەتانەوەیە، بەڵام ئێمە بە گشتی کێشەی خێزان چارەسەر دەکەین، جا پیاو بێت یان ژن".

سەبارەت بە ناوەڕۆکی دۆسیەکانیش گوتی "زۆربەی ئەو ژنانەی سکاڵا تۆمار دەکەن، ئازاری جەستەیی یان دەروونی دراون لەلایەن کەسوکاریانەوە، بەڵام پیاوەکان زۆرتر لەسەر خیانەتی هاوسەرگیری سکاڵا تۆمار دەکەن".

**ئاماری توندوتیژی دژی ژنان لە هەرسێ مانگی (3-2-1)ی 2014**

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتاندن | سکاڵا | سێکسی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 7 | 2 | 22 | 7 | 582 | 4 | 624 |
| دهۆک | 2 | 2 | 5 | 10 | 359 | 12 | 390 |
| سلێمانی | - | 1 | 14 | 3 | 279 | 17 | 314 |
| گەرمیان | - | 1 | 10 | 2 | 146 | 2 | 161 |
| ڕاپەڕین | - | - | 7 | 2 | 67 | 5 | 81 |
| سۆران | 2 | - | 6 | - | 34 | - | 42 |
| کۆی گشتی | 11 | 6 | 64 | 24 | 1467 | 40 | 1612 |

# فەیسبووک خێزانێکی هەڵوەشاندەوە

**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

بە ڕوخساریدا دیاربوو ویژدانی ئازاری دەدات، بەڵام دەرینەدەبڕی و دەیگوت "پەشیمان نیم لەوەی کردم، چونکە لەو ڕۆژەوەی شووم پێکرد خۆشمنەویستووە". ئێستا ئەو چیدی ئەو ژنە ئازادە نییە کە سەربەست بوو لەوەی بۆ کوێ بچێت.

(ش.ع) 35 ساڵ، مامۆستای قۆناغی ئامادەیی جلوبەرگێکی جوان و کەشخەی لەبەردایە. جارجار چاوەکانی بەملاولای خۆیدا دەگێڕا وەک ئەوەی بۆ کەسێک بگەڕێت "من بە 19 ساڵی شووم کرد، زۆر زوو شووم کرد، منداڵ بووم".



ئەو ژنە لە خانەیەکی داڵدەدانی ژنانە لە سلێمانی، چاوەڕوانی ئەوەیە دادگا چارەنووسی یەکلایی بکاتەوە، دوای ئەوەی هاوسەرەکەی پۆلیسی هێنایە سەری و سکاڵای لە دژی تۆمارکرد.

ئەو نایشارێتەوە کە هاوسەرەکەی خراپ نەبووە لەگەڵی، بەڵام ئەو خۆشینەویستووە "ڕێگەی پێدام خوێندنەکەم تەواو بکەم و بوومە مامۆستا، مێردەکەم دەوڵەمەند بوو، هەموو شتێکی بۆ دەکردم، ئۆتۆمبێلێکی بۆ کڕیم بە 20 هەزار دۆلار، بەڵام چی لە ماڵی دونیا بکەم کە من ئەوم خۆشنەوێت".

(ش.ع)، باس لە درێژەکێشانی ژیانی هاوسەرێتییان دەکات بەبێ ئەوەی بتوانێ هاوسەرەکەی خۆشبوێت "هەمیشە دەمگوت دەبێت وازم لێبهێنی، بەڵام ئەو ڕازی نەدەبوو". هەمیشە خزم و ناسراوەکانی پێیانگوتووە "با منداڵتان ببێت، بەو شێوەیە نامێنن". بەڵام سەرەڕای ئەوەی دوو منداڵیان بووە، دڵی (ش) هیچ نەرم نەبووە بەرامبەر مێردەکەی.

دەستی برد بۆ پەرداخێک ئاو و خواردییەوە، دەستەکانی دەلەرزین وەک ئەوەی هەست بە تاوانێک یان توڕەبوون بکات "لە ڕێگەی فەیسبووکەوە ئەو کوڕەم ناسی کە ئێستا بووەتە خۆشەویستم، ڕۆژانە بەبەردەوامی قسەمان دەکرد تاوەکو لەڕێگەی ڤایبەریش فریای قسەکردن نەدەکەوتین، ئەوەندە تامەزرۆی یەکتر بووین".

(ش) وەک خۆی باسی کرد گلەیی لە گیرفان و توانای سێکسی پیاوەکەی نەبووە، بەڵام نەیتوانیوە ئەو بۆشاییە سۆزدارییەی بۆ پڕ بکاتەوە کە ئەو پێویستی پێی هەبووە "لە سۆز و خۆشەویستیدا بۆشاییم هەبوو، مێردەکەم هەر خەریکی پارە و بازرگانی بوو، ئەگەر دوو ساڵیش لەگەڵی نەخەوتبام هەر باکیشی نەبوو، چونکە شەوان درەنگ دەهاتەوە و بەس فریای خەوتن دەکەوت".

پەیوەندی نێوان (ش) و ئەو کوڕەی خۆشدەویست لە پەیوەندی تەلەفۆن و فەیسبووک تێدەپەڕێت و چەند جارێک یەکدی دەبینن لە شوقەیەکی کوڕەکەدا. (ش) دەڵێت "من دڵنیام ئەو کوڕە منی خۆشدەوێت و هەر دەمهێنێت".

(س،م) کە هاوسەری (ش)ە باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە بە قسەی خۆی نهێنی ژیانی ژنەکەی ئاشکرا کردووە "بەیانییەک دەچوو بۆ قوتابخانە منیش دوای کەوتم، بینینم نەچووە قوتابخانەکەی و بەرەو شوقەیەک ڕۆیشت، بەڵام ئەو شوێنە نەماڵی خزمی منی لێبوو نە خزمی ئەوان، هیچم نەکرد چاوەڕێم کرد تاوەکو هاتە دەرەوە".

هاوسەرەکەی دەڵێ "زیاتر لە 6 کاژێری پێچوو تاوەکو هاتە دەرەوە، یەکسەر چوومە بەردەمی و پێمگوت تۆ دەبێت لە قوتابخانە بوویتایە ئەمە ماڵی کێیە، کە لە 8ی بەیانییەوە لێرەیت؟ هیچی نەگوت، منیش دەستمگرت و بردمە بەردەمی ماڵەکە".

کاتێک بردوویەتیە بەردەم دەرگای ئەو شوقەیەی لێی هاتووەتە دەرەوە، بینیویەتی کوڕێکی تازە پێگەیشتوو دەرگاکەی کردووەتەوە "جلی زۆری لەبەرنەبوو، وەک پێیگوتم لە ئەورووپا گەڕاوەتەوە، منیش هەردووکیانم گرت و تەلەفۆنم بۆ پۆلیس کرد، بەڵام کوڕەکە لەدەستم ڕایکرد، ئەوە ماوەیەکە پۆلیس بەدوایدا دەگەڕێت و هێشتا نەدۆزراوەتەوە".

بەپێی گێڕانەوەی خۆی، ماوەی 6 مانگ دەبێت هەستی بە ژنەکەی کردووە کە خەریکی شتێکە "گوتم بەڵکو خۆی هەست بکات کە هەڵە دەکات و پەشیمان بێتەوە، بەڵام سوودی نەبوو".

ئەو دەستەکانی توند گرتبوو، جار جارێکیش بە قاچی ڕاستیدا دەکێشا و دەیگوت "ڕاستە من لەگەڵ ئەو گەنجەدا گرتوومە، بەڵام ئێستا ئاشکرام کردووە کە لەگەڵ 3 پیاوی دیکەش پەیوەندی هەبووە، هەموو بەڵگەکانم پێیە کە بە مۆبایل و نامە قسەی لەگەڵ کردوون".

ئینجا دانی بەوەدانا کە لە سەرەتاوە زانیویەتی هاوسەرەکەی خۆشی ناوێت "بەڵام من وامکرد هەموو شتێکی پێبدەم و ئازادییەکی زۆرم پێدابوو، نەمزانی ئەو کارە دەکات، من لێی خۆش نابم و چاوەڕێی دادگام کە حوکمی بدات بە تۆمەتی ناپاکی هاوسەرێتی".

سەبارەت بە هەڵوێستی کەسوکاری ژنەکەش (س) گوتی "کەسوکاریم لەو کێشەیە ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام کەسیان هیچ قسەیەک ناکەن".

## گەنجێک لە سلێمانی خۆی کوشت



**ڕووداو- سلێمانی**

شەوی 2014/5/17 لە شەقامی ئۆرزدی سلێمانی گەنجێک خۆی کوشت، سەرکەوت ئەحمەد گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی هەواڵەکەی بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) پشتڕاستکردەوە و گوتی "ئەو گەنجە تەمەنی دەوروبەری 18 ساڵە، تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری سلێمانی کراوە، تا هۆکاری و چۆنیەتی خۆکوشتنی ئەو گەنجە ئاشکرا بێت، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

بکوژەکەیان پۆلیسە

# کچ و کوڕێک پێکەوە دەکوژرێن



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو – بەردەڕەش**

بینینی کوڕ و کچێک بە یەکەوە بەس بوو بۆ ئەوەی برای کچەکە دەستی بچێتە خوێنی هەردووکیان، لە کاتێکدا هەردووکیان تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمتر بوو. بەپێی قسەی پۆلیسی ناوچەکە هەر دوای ڕووداوەکە کەسوکاری کچ و کوڕەکە بە سوڵحی عەشایری کۆتاییان بە کێشەکە هێناوە.

ئەو تاوانە لە گوندی بەرگێلی سەر بە شارۆچکەی بەردەڕەش لە کاژێر 11ی شەوی 2014/5/12 ڕوویدا. کچەکە بەناوی (ف.ئـ.م) و کوڕەکە بەناوی (س.م) بە دەستی (م.ئـ.م) کە برای کچەکەیە کوژران. تاوانبارەکە دواتر خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە و بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی ڕەوانەی زیندان کراوە.

کچ و کوڕە کوژراوەکە دانیشتووی یەک گوندن و دایکیان خوشکە، بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس، هەردووکیان لەدایکبووی 1996ن، (ف) کچی ماڵەوە بووە و (س)یش کاسب بووە.

نەقیب عەفان عەبدولحەمید، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان لە بەردەڕەش، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوە یەکەم حاڵەتی کوشتنی ئافرەتانە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە ناوچەکەمان".

بەپێی قسەکانی نەقیب عەفان، تاوانەکە لە شەودا ڕوویداوە "بەپێی ئەو ئیفادەی کە وەرگیراوە، ئەوان ئەو کچ و کوڕەیان لە شەودا پێکەوە بینیوە لەناو خانوویەکی تەواونەکراودا". گوتیشی "پێدەچێت کچ و کوڕەکە پەیوەندییان هەبێت، ئەگەر پەیوەندییان نەبووبێت چۆن لە شەودا بە تەنیا پێکەوە دەبن، بەڵام ئەوەی بینراوە ئەوانە تەنیا پێکەوە بوون، ئەگینا هیچ پەیوەندییەکی ناشەرعی لە نێوانیاندا نەبووە، هێشتا ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری ماوە تا چۆنیەتی ڕووداوکە ئاشکرا بکات".

وەک نەقیب عەفان گوتی "سەرەتا کچەکە بزر بووە، کەسوکارەکەی بەدوایدا گەڕاون، پاشان برای کچەکە چووە کەمینی بۆ داناوەتەوە و لە هەردووکیانی داوە، چووینە شوێنی ڕووداوەکە تەنیا 4 قەوان دۆزرایەوە، کچەکە یەک دوو گوللە بەسەری کەوتووە و یەکسەر گیانی لەدەستداوە، کوڕەکەش یەک گوللە بە سکی کەوتووە و بە سەختی بریندار بووە".

تەرمی کچەکە ڕەوانەی پزیشکی دادوەری دهۆک دەکرێت، کوڕەکەش بە برینداری دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر، دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە و گیان لەدەستدەدات. دوای ڕووداوەکە برای کچەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس دەکات، بەپێی بڕیاری دادگای بەردەڕەش دەست کرا بە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە، (م) کە تۆمەتباری سەرەکییە و تەمەنی 23 ساڵە، پۆلیس بووە لە بەڕێوەبەرایەتی بنکەی پۆلیسی ناحیەی کەڵەک.

نەقیب عەفان دەڵێت، دەمانچەی پۆلیس بەکارنەهاتووە لە تاوانەکەدا، کلاشینکۆف بەکارهاتووە "وەکو زۆربەی ئەو خەڵکە چەکیان لە ماڵەوە هەبووە و بەکاری هێناوە".

یەکێک لە هاوڕێکانی (م) کە لە بنکەی پۆلیسی کەڵەک پێکەوە دەوام دەکەن، بە (ڕووداو)ی گوت "(م) چەند ساڵە لەگەڵ ئێمە پۆلیسە، هەرگیز باسی نەکردووە لە ماڵەوە کێشەیان هەبێت، هەتا ئێستا لای ئێمە کێشەی نەبووە، تووشی شۆک هاتین کە ئەو ڕووداوەی لە دەست قەوما".

دوای ڕووداوەکە، وەک بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان لەبەردەڕەش باسی کرد "کەسوکاری کوژراو و بکوژ هەر لە ڕۆژی یەکەم سوڵحیان کرد، کێشەکەیان کۆتایی پێهێنا، بۆیە کەس سکاڵای تۆمار نەکرد، بەڵام ئەوە کار لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان ناکات، پۆلیس هەموو کارێکی خۆی دەکات، دۆسیەکەی ڕەوانەی دادگا دەکات، هەرچەندە ئەوە مافی گشتی تێدایە و سزای قورسە، بەڵام بەهۆی ئاشتەواییەوە حوکمەکەی سووکتر دەبێت، دادوەری دادگای تاوان لە دهۆک بڕیار دەدات".

زۆربەی توندوتیژییەکانی دەڤەری بەردەڕەش وەک نەقیب عەفان دەڵێت کێشەی نێو خێزانە "85%ی کێشەکانی ئێرە کێشەی نێو خێزانە، وەک ڕێز نەگرتن و جوێندان و لەگەڵ خراپبوون و دەرکردن و مەسرەف نەکردن.. کێشەی بچووکن و زۆربەیان لای ئێمە سوڵح دەکەن".



تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de

# پەتای درۆ

بەهاری ساڵی 2006 تازە لە ئەڵمانیاوە گەڕابوومەوە کوردستان، هاوڕێیەکی ڕۆژنامەنووس پێیگوتم لێرە ژیان سەختە، ئێمە لە بەیانییەوە تا ئێوارە درۆ دەکەین، شەویش لە ژێر لێفە لەگەڵ ژنەکانمان درۆ دەکەین. بەڵام من بڕوام نەکرد و گوتم هەر کەس لەخۆیەوە سەیری دونیا دەکات.

بیرم نایەتەوە کەی یەکەمجار درۆم کردووە، بەڵام دڵنیام لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنەوە لە قوتابخانە فێری درۆ بووم، لەو کاتەوەی دەیانگوت دارا دوو داری دی، دارا مرد و سیستەم بوو بە سوێدی، کەچی ئەو دارانەی هەر نەدی. کە مامۆستای بیرکاری خاوەنی هیچ بیرێک نەبوو، تەنها بۆ پاسەوانی بەردەرگای زیندان باش بوو، دەستەکانی سوور دەکردمەوە بە لێدان، لە ماڵەوە بۆ دایکم نەدەگێڕایەوە. لە ترسی ئەو پاسەوانە ماوەیەکی زۆر خۆم لە مەکتەب دەدزییەوە، ئەگەر باسی دارەکەی مامۆستای بیرکاریم بکردایە دایکم دەیگوت تۆ کە چوویتە قوتابخانە ئێمە بە مودیری مەکتەبمان گوتووە گۆشتی بۆ ئێوەو ئێسقانی بۆ ئێمە. دوای ئەوەی کەمێک تێگەیشتم، ناچار بووم هەندێک جار درۆ بکەم بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆم بکەم. هەرگیز حەزم لە درۆ نەبووە، بەڵام نەموێراوە ڕاستییەکان وەک خۆیان بگێڕمەوە. لەناو خێزان و کۆمەڵگەی کوردیدا ئەگەر ڕاستیش بڵێی هەر گومانت لێدەکەن. لەوانەیە ڕاستییەکان هەندێک جار ژیانمان لێ بکەنە دۆزەخ، بۆیە ئەو درۆیانەی کە کردوومن درۆی سپی بوون و ئازاری کەسم نەداوە، ئەگەر ئازارێکی هەبووبێ تەنها بۆ خۆم بووە.

لەم دواییانەدا بۆم دەرکەوت کە هەموومان درۆ دەکەین و هەستەکانمان لە قوڕی درۆ دروستکراون. کابرا تا 2003 بەعسی بووەو دوا سەموونی لەگەڵ سەددام لەتکردووە، کەچی ئێستا خۆی بە خاوەنی خەباتی شاخ دەزانێ و دەڵێ خەت مائیل بووم.

ڕەوشی پەروەردە مەترسیدارە، هەمووان درۆ دەکەن و منداڵان فێری درۆ دەکەن. کەس بڕوای بە کەس نەماوە، خەڵک بەڵێنی زۆر بەیەکتر دەدەن و جێبەجێی ناکەن. هەموانیش پێتدەڵێن باوەڕ بەکەس نەکەی. باشە ئەی قوڕی کوێ خەستە بیکەین بەسەری خۆماندا؟ جاران خەڵک لە ڕەوشێکی زۆر مەترسیداردا خەباتی نهێنییان دەکردو بڕوایان بەیەکتری هەبوو، کەچی لەم ئازادییەی ئەمڕۆدا خەڵک متمانەیان بەیەکتر نییە. حیزب لە پێناوی بەدیهێنانی زۆرترین دەنگ بەڵێنی درۆ بە جەماوەر دەدات. ئیسلامی سیاسی بەڵێنی حۆری و غیلمان لەو دونیا بە خەڵک دەدەن و بەناوی خوداوە درۆ لەگەڵ خەڵک دەکەن. سۆسیال دیموکراتەکان بڕوایان بە هیچ بنەمایەکی دیموکراسی نییە. درۆ وەک دووکەڵی جگەرە بە هەناومانەوە نووساوە. بۆیە لەمەودوا هەرکەس دەبێ کار لەسەر خۆی بکات و دان بەوەدا بنێ کە درۆی کردووە و خۆی لەنەخۆشیی درۆ بپارێزێت بۆ ئەوەی ژینگەیەکی تەندروست بۆ نەوەکانی داهاتوو بەرهەم بهێنین. ژینگەیەک خاڵی لە پەتای درۆ.

دایکی دەڵێت لەسەر کوردایەتی گیراوە

# تورکیا گەنجێکی هەولێری
# بە 30 ساڵ زیندانی سزا دەدات

**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێکی دانیشتووی هەولێر ماوەی 9 ساڵە لە تورکیا گیراوە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا دەڵێت ئەو کوڕە لەسەر تاوانی "دزی بەزەبری چەک" دەستگیر کراوە و سزا دراوە، بەڵام دایکی کوڕەکە دەڵێت کوڕەکەی لەسەر "کوردایەتی" گیراوە.

بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراقی ناردووە لەبارەی دۆسیەی ئەو کوڕە، کاروان ئومێد کەریم، بە تۆمەتی دزیکردن بە زەبری چەک دەستگیر کراوە، دوای دادگایی سزای 30 ساڵ بەندکردنی بەسەردا سەپێنراوە.

نەسرین عەبدولڕەحمان، دایکی کاروان کە دانیشتووی گەڕەکی تەیراوای شاری هەولێرە، بەسەرهاتی کوڕەکەی و دەستگیرکردنی لە تورکیا بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە.

وەک دایکی کاروان باسی کرد، خێزانەکەیان کە پێکدێت لە 5 کوڕ و 2 کچ، لە ساڵی 1998 بەهۆی خراپیی ڕەوشی ناوخۆی کوردستان ڕوو لە تورکیا دەکەن کە ئەوکات کاروان تەمەنی تەنیا 10 ساڵ بووە.

باوکی کاروان لە تورکیا گیان لەدەست دەدات، بۆیە نەسرین دەبێتە باوکیش بۆ منداڵەکانی. کاروان کە کوڕە بچووکی نەسرینە، ئەوکاتەی دەستگیر کراوە تەمەنی 16 ساڵ بووە.

بەقسەی نەسرین، کوڕەکەی لەسەر کوردایەتی گیراوە و دەڵێت "ئەو کاتەی مام جەلال و نێچیرڤان بارزانی سەردانی تورکیایان کرد، چەند تورکێک جنێویان بە گەلی کورد دابوو، قسەی ناشیرینیان بە سەرکردەکانی کورد گوتبوو، کوڕەکەشم هەستی کوردایەتی جووڵابوو وەڵامی دابوونەوە".

وەک نەسرین باسی کرد، دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژێک بەسەر ئەو ڕووداوە، پۆلیس تۆمەتێکی "ناڕەوا"ی بۆ کوڕەکەی دروستکردووە و بەو هۆیەشەوە دەستگیری کردووە.

### 30 ساڵ حوکم دراوە

کاروان دوای دەستگیرکردن و دادگاییکردنی، سزای 30 ساڵ زیندانی بۆ دەبڕێتەوە. نەسرین دەڵێت "کوڕەکەم بێتاوانە و تۆمەتی بۆ هەڵبەستراوە لەلایەن پیاوێکی تورک، دواتر ئەو پیاوەش دەستگیر کرا و دانی بە تاوانەکەدا ناو گوتی کوڕەکەی من تاوانبار نییە، بەڵام کوڕەکەمیان ئازاد نەکرد".

شوان ئومێد، برای کاروان داکۆکی لە براکەی دەکات و بەبێ تاوانی دەزانێت، شوان دەڵێت "براکەم بەپێی یاسایەک سزا دراوە، گوایە ڕێگەی بە خەڵک گرتووە و دزی کردووە، ئاخر براکەم ئەو کات لەو تەمەنەدا نەبووە کە بتوانێت ڕێگە لە خەڵک بگرێت و دزیی گەورە بکات".

### داوا دەکات بیگەڕێننەوە کوردستان

هەردوو حکومەتی تورکیا و عێراق ڕێککەوتنێکیان واژوو کردووە بەناوی "ڕێککەوتننامەی هاوکاریی دادوەری". بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە کاروان دەتوانێت حکومەکەی لە یەکێک لە زیندانەکانی عێراق یان هەرێمی کوردستان تەواو بکات. بەڵام دایکی کاروان دەڵێت سەرەڕای هەوڵەکانیان تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە کوڕەکەیان بگەڕێننەوە کوردستان.



بەپێی نووسراوێک کە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لەبارەی دۆسیەکەی کاروانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراقی ناردووە، تورکیا ئامادەیە کاروان ڕادەستی دەسەڵاتی دادوەریی عێراق بکاتەوە، بەڵام بە چەند مەرجێک. یەکەم: بڕیارێکی پێداچوونەوە لەلایەن دادگای عێراقەوە دەرچووبێت بۆ ئەو بڕیارەی دادگای تورکیا. دووەم: ناردنی بەڵگەنامەیەک کە بیسەلمێنێت کاروان بە ڕەگەز عێراقییە. سێیەم: ئاگادار کردنەوەی تورکیا لە کاتی ئازادکردنی مەرجدار یان بێ مەرجی کاروان لە عێراق.

چوارەم: ناردنی ماددە یاساییەکانی تایبەت بەو جۆرە تاوانە بە زمانی تورکی بۆ دادگاکانی تورکیا.

دایکی کاروان دەڵێت ئەو نووسراوەیان لە ڕێکەوتی 2014/1/12 ناردووە بۆ وەزارەتی دادی عێراق، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامی تورکیایان نەداوەتەوە. نەسرین دەڵێت "ئەگەر وەڵامی نووسراوەکە بدەنەوە ئەوا کوڕەکەم دەهێنرێتەوە عێراق و لێرە حکومەکەی تەواو دەکات".

گوتیشی "توانای ئەوەم نییە هەموو مانگێک بۆ بینینی کوڕەکەم بگەمە تورکیا، ناچارم ساڵێ جارێک بیبینم".

دایکی کاروان دەڵێت نامەی بۆ مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانی و نوری مالیکیش ناردووە و داوای یارمەتی دەکات بۆ هێنانەوەی کوڕەکەی، بەڵام وەڵامیان نەداوەتەوە "هەموو ئەو نامانەم لا ماوە کە ناردوومن، بەڵام نازانم بۆ وەڵامیان نەداوەتەوە، لەوانەیە هەر نەگەیشتبێتە دەستیان".

# هاووڵاتیان لە جیاتی حکومەت دەبنە ریسایکلین

**ئەلێکساندەر ویتکام**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهەڵە تێگەیشتنێکی باو هەیە کە دەڵێ لە هەرێمی کوردستان ریسایکلین نییە. بۆ زانینی ڕاستییەکە بینینی سووتانی ئەو هەموو زبڵ و خاشاکە لە دەرەوەی شاری هەولێر بەسە.

ژمارەیەکی زۆر لە کرێکار لەنێو ئەو هەموو دووکەڵ و پیسییەی کانی قرژاڵە لە ڕۆژئاوای شاری هەولێر دەبینرێن بە شیشەکانی دەستیانەوە بەنێو زبڵەکاندا دەگەڕێن بۆ دۆزینەوەی شتی بەنرخ.

چەندین پیکاپ کە پڕن لە وایەر و پاشماوەی کۆنکرێتی، شانبەشانی ئۆتۆمبێلی خۆڵەکان دەبینرێن لە شوێنی فڕێدانی پاشماوەکانی زبڵ و خاشاک. ئەمە لەکاتێکدایە کە شارەوانی شکستی هێناوە لە بنیاتنانی سیستمێکی گشتگیر بۆ ڕێکخستنی ئەو خۆڵ و پاشماوانە و دانیشتووانی گەڕەکە هەژارنشینەکانی دەوروبەری شاریش جۆرێک لە بەرنامەی نافەرمی ریسایکلینیان بۆ خۆیان دروستکردووە.

لەساڵی 2011ەوە شارەوانی هەولێر بانگەشەی دامەزراندنی کارگەی ریسایکلین دەکات بەهاوکاری کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان، بەڵام تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ ئەو مەبەستە نەنراوە. دوو ساڵ لەمەوبەر، ڕێکخراوی یونسێف "پلانی ڕێکخستنی پاشماوەی زبڵ"ی بۆ پارێزگای هەولێر ئامادەکرد وەک هەوڵێک بۆ پارێزگاریکردن لە ژینگە. لە ڕاپۆرتەکەی یونسێفدا هاتبوو کە گەشەکردنی خێرای شارەکان و زیادبوونی ژمارەی بینا و شوێنی نیشتەجێبوون مانای زۆربوونی زبڵ و خاشاکە کە بووەتە هۆی دروستکردنی قەیرانی پاشماوەو کۆبوونەوەی زبڵ.

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دووبارە ڕایگەیاند کە بەنیازی دروستکردنی دوو کارگەی ریسایکلینە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شار، لەگەڵ کردنەوەی کارگەی هاوشێوە لە نزیک ئەو شوێنانە. هەروەها ڕاشیگەیاند کە ئەو شوێنانەی خاشاکیان تێدا کۆدەکرێتەوە زیادەن و نابێت هەبن. بەڵام ئەمە تا ئێستا هەر قسەیە.

پیسبوونی هەوا کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو کەسێکی هەرێمەکە بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان. سووتانی زبڵ دەبێتە هۆی پیسبوونی هەوا و ئاو و سەرچاوەکانی خۆراک. لەدەرەوەی شارەکان مانگا و بزن دەبینرێن کە سەریان خستووەتە نێو ئەو زبڵەی پڕە لە ماددەی کیمیاوی و زیانبەخش.



زبڵ و خاشاکی هەولێر لە کانی قرژاڵە (فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

تەنیا خەڵکانی شاری نین داوای سیستمێکی باشتر بۆ پاشماوە و زبڵدانەکان دەکەن، بەڵکو وردە وردە خاوەن کار و سیاسەتمەدارانیش داوای چارەسەر دەکەن. بەدەر لە پیسبوونی ژینگەش، بۆنی سووتانی لاستیک و خاشاک دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی زەویوزار و خانووبەرە لە ناوچەکانی دەوروبەری، زیانگەیاندن بە سێکتەری کشتوکاڵ لەگەڵ زیادبوونی نرخی تێچوونی تەندروستی.

دهۆک یەکەمین شاری هەرێمی کوردستان بوو کە وەبەرهێنان لە دروستکردنی کارگەی ریسایکلین بکات. پارێزگای دهۆک کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بەناوی (ئێگەرسمان) بەکرێ گرت بۆ بنیاتنانی کارگەیەک بۆ جیاکردنەوەی زبڵ و خاشاک لەو پاشماوانەی کە دەکرێت دووبارە بەکاربهێنرێنەوە. ئەو کارگەیە چوار ساڵە کاردەکات و ڕۆژانە 350 — 500 تۆن لە پاشماوە جیادەکاتەوە. سەرکەوتنی پڕۆژەکە وای کردووە پارێزگای دهۆک کارگەیەکی دیکەی (ئێگەرسمان) بەکرێ بگرێت کە لە قۆناغی تەواوبووندایە بۆ جیاکردنەوەی 500 تۆنی دیکە لە خاشاک لە ڕۆژێکدا.

لەم مانگەدا، ئاکرێ کارگەیەکی هاوشێوە دەکاتەوە کە لە لایەن کۆمپانیای MRF ڕێکدەخرێ. ئەم کۆمپانیایە چەندین هەڵمەتی بۆ هۆشیاریی ریسایکلین و پاککردنەوەی بە کۆمەڵ ڕێکخستووە.

لە سلێمانی کۆمپانیای نێودەوڵەتی تایتان و گرووپی کۆمپانیاکانی فاروق بەم دواییە بیریان لە کردنەوەی کارگەیەک بەناوی ئیکۆسێم کردەوە کە ڕۆژانە توانای جیاکردنەوەی 1000 تاوەکو 1500 تۆن خاشاکی هەیە.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هانی کۆمپانیاکانی نەوت دەدات بۆ ریسایکڵ کردنی پاشماوەکانیان وەک بەشێک لە پڕۆگرامی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییان. زۆر لە کۆمپانیاکان TOIFOR بەکرێ دەگرن کە کۆمپانیایەکی لۆجستییە و سەمینار لەبارەی ریسایکلین دەکات و سەبەتەی خۆڵ بۆ ماڵان دابین دەکات.

ئادەم نێمیس، بەڕێوەبەری تۆیفۆڕ لە کوردستان، دەڵێ لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا کارەکەیان زۆر بەرەوپێش چووە بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی ریسایکلین لەناو خەڵکدا. وردە وردە ژمارەی ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانەی ناویان لای ئێمە تۆمار دەکەن زیاد دەکات، بەڵام هێشتا زۆربەی کۆمپانیاکان بیانین. ئادەم گوتیشی کە دۆزینەوەی کرێکاری ریسایکڵین گەورەترین ئاستەنگە بۆیان.

"قورسە بۆ خەڵکی ڕوون بکەیتەوە کە بۆچی دەبێت بوتڵەکان فڕێدەنە سەبەتەیەکی جیاواز و کاغەز لە سەبەتەیەکی دیکە و پاشماوەی خواردن لە دانەیەکی دیکە" ئەو گوتی "بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لەسەریان دەنووسین و وێنەیان لەسەر دەکێشین، بەڵام هێشتا خەڵکی تێکەڵیان دەکەن".

ئەمەش کێشەیە، چونکە ئەگەر زیاتر لە 5%ی هەر یەکێکیان تێکەڵ بێت بەویتر، ئەوا دەبێت هەمووی فڕێبدرێتە زبڵدان.

ئادەم هۆشداری دا لەوەی "ئەگەر پڕۆگرامی ریسایکلین دەستپێبکات، دەبێت زۆر بە باشی بکرێت، ئەگەر بیانەوێ سوودی هەبێت".

ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەبێت سادە و ئاسان بێت بۆ خەڵک. دەبێت سەبەتەی خۆڵەکان نزیک بن لە کارمەندەکان. بەپێچەوانەوە بەکاریان ناهێنن. هەروەها دەبێت لەکاتی خۆیاندا کۆبکرێنەوە ئەگینا پشتگوێیان دەخەن "بەداخەوە، بەربەست دروستکردن بۆ خەڵک لە ریسایکڵکردن ئاسانترە لە هاندانیان بۆ ئەو بیرۆکەیە".

بنیاتنانی پیشەسازییەکی تەواوی ریسایکڵین کاتی دەوێ. ئێستا کارگەکانی هەرێمەکە تەنیا لە توانایاندایە 12 تاوەکو 13 هەزار تۆن لە خاشاک جیابکەنەوە لە ڕۆژێکدا کە ئەوەش زۆر کەمە. بەشێکی سەرەکی لە زنجیرەی ریسایکڵین واتە لە قۆناغی کۆکردنەوە تا بەکارهێنانەوە، هێشتا بوونی نییە. لەگەڵ کۆکردنەوەو جیاکردنەوە، زۆر لە شتەکان لە دەرەوەی وڵات ریسایکل دەکرێن. بۆ نموونە ئەو بوتڵە پلاستیکیانەی دەخرێنە ناو تەنەکاکانی خۆڵ بە تورکیا دەفرۆشرێن بۆ بەکارهێنانەوە.

وردە وردە کۆمپانیای ریسایکڵینی ناوخۆیی دەردەکەون. کۆمپانیای ڕۆیاڵ ئۆسکار کاغەزی بەکارهاتوو دەگۆڕێ بۆ کارتۆنی هێلکە. هەروەها کۆمپانیای دیکە ڕۆنی ئۆتۆمبێل ریسایکل دەکەنەوە. تۆیفۆڕ ئەو ماددانە بەبێ پارە دەداتە ئەو کۆمپانیا بچووکانە کە هێشتا ئەوەندە گەورە نین توانای کڕینیان هەبێت.

سەرەڕای هەموو هەوڵەکانیان، کۆمپانیا تایبەتەکان دان بەوەدا دەنێن تەنیا شارەوانییەکان لەسەر ئاستی پێویست دەتوانن کاربکەن بەجۆرێک کە کاریگەری لەسەر ژینگەو کۆمەڵگە هەبێت.

"زۆربەی پاشماوەکان لە شارەکانەوە دێن". ئادەم گوتیشی "ئەگەر بتوانن بەکرداری ئەو پاشماوانە جیابکەنەوە، ئەوە جیاوازییەکی زۆر دروست دەکات. بەهۆی زۆریی نرخی تێچوونی دروستکردنی کارگەکان".

ئادەم ئامۆژگاری بەرپرسانی ئەو بوارە دەکات کە لە شارە بچووکەکانەوە دەستپێبکەن وەک ئەوەی لە دهۆک و ئاکرێ کراوە، چونکە تاوەکو شارەکە بچووکتر بێت پڕۆژەکە ئاسانتر جێبەجێ دەکرێت.

# ڕوویەکی نوێ گەشتیاران بۆ ئاکرێ ڕادەکێشێ

**ئەلێکساندەر ویتکەم**
**ڕووداو- ئاکرێ**

لەسەرخۆ و بەڵام بە دڵنیاییەوە ئاکرێ ڕوویەکی نوێ پێشان دەدات. حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری دارایی دانیشتووانەکەی دەکات تا ماڵەکانیان بە بەرد ڕووپۆش بکەن بۆ ئەوەی ڕوخسارە مێژووییەکەی بۆ بگەڕێتەوە. کاربەدەستان دەزانن کە مێژووی دەوڵەمەندی ئاکرێ کلیلی دەوڵەمەندیی داهاتووی پێیە.

لە دوای ساڵی 1991، هەرێمی کوردستان گەشەسەندنی خانووبەرەی بەخۆیەوە بینی، بەڵام زۆربەی خانووەکان بە کەرەستەی هەرزان و بە خێرایی دروستکراون. ئەو گەشەسەندنە وەکو وەڵامێکی خێرا بوو بۆ پێداویستی دانیشتووان، چونکە لە ساڵانی پێشتردا و لە کاتی هەڵمەتی ئەنفالدا هەزاران گوند ڕووخێنرابوون و خەڵکەکانیان ڕژابوونە شارەکان. بەهۆی ئابڵۆقەی ئابووری کەرەستەی دروستکردنی خانووبەرە گران بوو، لەبەرئەوە خەڵکی بە هەر شێوەیەک بووبێت و بەو کەرەستانەی کە هەیانبوو، خانووەکانیان دروست کردووە.


لە ساڵی 1991دا ئاکرێ تەنیا 12 کیلۆمەتر چوارگۆشە بوو، بەڵام ئێستا 113 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. لەگەڵ گەڕانەوەی ژیان بۆ ئاکرێ، بڕی تێچووی گەشەسەندنیش گرانتر بووە. خانووی هەژارنشین و کەمڕەنگ، جوانیی قەدپاڵی شارە کۆنەکەی تێکداوە. شارە نوێیەکەی ئاکرێ، جێی بە باخ و دارستان و کێڵگە دڵڕفێنەکانی لەق کردووە.

دەسەڵاتدارانی ئاکرێ ئاگاداری کێشەکەن و کار لەسەر جوانکردنی شارەکەیان دەکەن. لە ساڵی 2010 ەوە ساڵانە بودجەیەکی 200 هەزار دۆلاری بۆ هاوکاریکردنی دانیشتووانی شار تەرخان کراوە بۆ ئەوەی خانووەکانیان بەپێی پێوەری سەردەمانی کۆنی شار نوێ بکەنەوە.

کامەران عەبدولڕەحمان، سەرۆکی شارەوانی ئاکرێ بە (ڕووداو)ی گوت "ناتوانین زۆریان لێبکەین کە خانووەکانیان تازە بکەنەوە، بەڵام تا ئێستا زۆر داواکاریمان پێگەیشتووە. زیاتر لەوەی کە ئێمە دەتوانین جێبەجێی بکەین."

کامەران چاو لە شاری ماردینی کوردستانی تورکیا دەکات وەکو مۆدێلێک کە مێژوو و ستایلی سەردەمی عوسمانیەکانی پاراستووە، بەوهۆیەوە لە زۆر وڵاتەوە گەشتیاران ڕووی تێدەکەن.

ئاکرێ ئەگەری زۆرە ببێتە شوێنێکی گەشتیاری. ئەو شارە کە لە لاپاڵی سێ چیادا دروستکراوە، قەڵایەکی کۆنی هەیە، تاڤگەی ئاوی هەیە، کەنیسەی لێیە، تەکیەیەکی سۆفیگەری سەردەمی سەدەی یازدەهەمی لێیە کە دەروێشەکان هێشتا ئەو تەکیەیە بۆ پێشاندانی موعجیزەکانیان بەکاردێنن. تەکیەکە بووە بە شوێنی گەشتیاری بۆ سەردانی ئاینیی باوەڕداران لە ئەفغانستان، پاکستان و سووریا و تورکیاوە.



(فۆتۆ: سیروان عەزین)

کاربەدەستانی ئاکرێ دەڵێن شوێنەوارناسان تا ئێستا تەنیا ڕوخساری ئاکرێیان بینیوە، ئاکرێ زۆر دەوڵەمەندترە بە شوێنەوار و لە داهاتوودا دەبێتە شوێنی گەشتی کەلتووری.

گەڕەکی جووەکانی ئاکرێ ئێستا کەلاوەیە، بەڵام ئەگەری زۆری هەیە کە دووبارە بنیاتبنرێتەوە و ببێتە یەکێک لە جوانترین شوێنەکانی شار. بەپێی ئاماری ساڵی 1930، زیاتر لە 5%ی دانیشتووانی ئاکرێ جوو بوون، بەڵام لە 1952 بەدواوە بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد.

گەشەسەندنی ئاکرێ لەگەڵ گەشەسەندنی لایەنی گەشتیاریدا هاوتەریب نەهاتووە. ساڵی 2010 ئاکرێ 49 هەزار گەشتیاری هەبوو، ساڵی ڕابردوو 178 هەزار گەشتیاری هەبووە. بەڵام لەبەرئەوەی تەنیا سێ هۆتێلی تێدایە و بە هەرسێ هۆتێلەکەش تەنیا 600 تەختی نووستنیان تێدایە، زۆر لە گەشتیاران ناچارن شەوەکانیان لە چواردەوری تاڤگەکان بەسەربەرن یان بە پاس بگەڕێنەوە بۆ هۆتێل و مۆتێلەکانی هەولێر.

ئێستا چەند گوندێکی گەشتیاری لە ئاکرێ دروست دەکرێن بۆ ئەوەی گەشتیاران ماوەیەکی زیاتر لەوێ بمێننەوەو سوودی ئابووری زیاتر بە دانیشتووانەکەی بگەیەنن.

جگە لەوەش بەرپرسانی ئیداریی ناوچەکە سەرقاڵی نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکانی شارەکەن. دیدار خورشید، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری ئاکرێ گوتی بینایەکی گەورەتر و نوێ بۆ تەکیەکەی ئاکرێ لەلایەن کۆمپانیایەکی سویسرایی و لوبنانیەوە دروستدەکرێت. هەروەها پلان هەیە کە تەلەفریکێک بۆ ئاکرێ دروست بکرێت و گەشتیاران بەرەو بەرزاییەکانی ئاکرێ ببات.

یەکێک لە دانیشتووانی ئاکرێ کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بەدەم پێکەنینەوە گلەیی لە دواکەوتنی پارەی نوێکردنەوەی خانووەکان دەکات و دەڵێت "ئەگەر پارەمان بدەنێ بۆچی خانووەکانمان نوێ ناکەینەوە؟".

هەرچەندە ئەگەر بازاڕەکانی ئاکرێ پارەی کەمیشی تێدا بێت، ژمارەیەکی زۆر خانوو لە ئاکرێ لە دروستکردندان. زۆر لە خانووەکانیش بەشێوازە میللییەکەی بەردی حەلان و دار دروست دەکرێن، هیچ نەبێت ڕووی دەرەوەی خانووەکان بەو شێوەیەیە. پلاندانەرانی شار دەڵێن دانیشتووان ئارەزووی خۆیانە بە چ جۆرێک دیوی ناوەوەی خانووەکانیان دیزاین دەکەن.

ئەمەش هەندێکجار بەو مانایە دێت کە خانووەکان بە ڕووکارێکی بەردین دادەپۆشرێن و هەندێکجار ناوەوەی خانووەکان وەکو خۆیان دەمێننەوە، بەتایبەتی خانووە نوێیەکان.

دیدار دەڵێت "لە چوار ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەی 80% بۆچوونی دانیشتووان سەبارەت بە گەشتیاران گۆڕاوە". بەڵام باس لە ترسی دانیشتووانی شار دەکات لە گەشتیاران کە لەسەر جادە و شوێنە گشتییەکان مەی دەخۆنەوە و قومار دەکەن. بە وتەی دیدار، ئەم ترسە بەهۆی دابڕانی ئاکرێوە دروست بووە "لە ڕابردوودا سەدام کەرتی گەشتوگوزاری کوردستانی پشتگوێ خستبوو. ئەو دەیویست ئابووریی کوردستان لاواز بێت و کورد لە جیهانی دەرەوە دابڕێن".

گوتیشی "لە ساڵی 1991ەوە ئێمە زیاتر کراوەین، خەڵکی ئاکرێ بە گەرمی بەخێرهاتنی کەسانی دیکە دەکەن. دانیشتووانی ئاکرێ لەوانەیە ڕێگەت نەدەن بچیتە هۆتێل، لە بری هۆتێل بانگهێشتی ماڵەکانی خۆیانت دەکەن".

ژمارە (310) دووشەممە 2014/5/19

## شەلماشی چوار دەروازە بەرهەمدێنێ

**ئەڤین سەلاح – هەولێر**

کچە سینەماکاری کورد بێری شەلماشی سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ فیلمێکی سینەمایی کە لە نووسینی خۆیەتی ناوی (چوار دەروازە)یە. بێری باسی فیلمەکەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "فیلمەکەم باس لە چوار داستانی جیاواز دەکات، هەر بۆیە ناوم ناوە چوار دەروازە، ئێستا بە دوای ئەکتەر و سپۆنسەردا دەگەڕێم بۆ فیلمەکەم". بێری ئاماژەی بەوەشدا کە سەرجەم دیمەنەکانی فیلمەکە لە شاری هەولێر وێنەیان دەگیرێت و لە مانگی 10ی ئەمساڵ دەست بە وێنەگرتنی فیلمەکە دەکات.



# زانا جەبەلی واز لە گۆرانی دێنێ



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

زانا جەبەلی ئاشکرای کرد کە واز لە گۆرانی دێنێ و لەمەودوا تەنیا وەکو ئاوازدانەر کار دەکات.

جەبەلی لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی گوت "هەفتەی ڕابردوو بەشداریم لە کۆرسێکی دانانی میوزیکی دراما و فیلم کرد لە ئێران، بۆیە بڕیارمداوە لەمەودوا تەنیا وەک ئاوازدانەر کاربکەم و گۆرانی نەڵێم، ئێستاش سەرقاڵی ئەوەم لەو بوارەدا ماستەر لە دەرەوە بخوێنم".


زانا ئەوەشی ئاشکرا کرد کە دوای ئەوەی لە نەورۆزی ئەمساڵ هونەرمەند شەهریبانا کوردی بینیوە و چەند گۆرانییەکی خۆی بۆ گوتووە، شەهریبان پەیوەندی پێوە کردووە تاوەکو سێ لە گۆرانییەکانی بداتێ و بە دەنگی خۆی لە ئەلبوومە تازەکەیدا بڵاویان بکاتەوە. زانا گوتی "بۆ من جێی شانازییە کە هونەرمەندێکی گەورەی وەکو شەهریبان گۆرانییەکانی من بە دەنگی خۆی بڵێتەوە".

# غولامی ئەلبوومی هەیە

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند نەجمەدین غولامی ئەلبوومێکی تازەی ئامادەیەو بەم نزیکانە بڵاوی دەکاتەوە.

غولامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەلبوومێکی گۆرانیم کە لە 10 تراک پێکهاتووە، دەمێکە ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە". گوتیشی کە "سەرجەم ئاوازەکانی هی خۆمە و بەشێکیان لە تێکستی ئیسماعیل خورماڵییە و هۆنراوەیەکیش لە نووسینی سیمین چایچییە".



غولامی هەروەها گوتیشی "ئەلبوومەکەم لە پێنج سروودی نیشتیمانی و پێنج گۆرانی ئەڤینی پێکهاتووە، دەبووایە زووتر بڵاوبکرێتەوە، چونکە دەمێکە تەواو بووە و ئامادەکراوە بۆ بڵاوبوونەوە، بەڵام کۆمپانیای سەرپەرشتیار دوایخستووە".

نەجمەی غولامی ئاماژەی بەوەشکرد کە لەسەر ئەرکی خۆی ئەم ئەلبوومەی بەرهەمهێناوە.



# تاتلیسەس باڵەبانی کوردی دەوێت

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

ئیبراهیم تاتلیسەس داوا لە هونەرمەندێکی کورد دەکات کە بە ئامێری باڵەبان بەشدار بێت لە بەرهەمە نوێیەکەی.

هەرێم سەلاح کە ئامێری باڵەبان لێدەدات، بە (ڕووداو) ڕاگەیاند "چەند ڕۆژێک پێش ئێستا ئاگادار کرامەوە کە هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیسەس داوای کردووە بە ئامێری باڵەبان بەشدار بم لە بەرهەمە تازەکانی یاخود چەند بەرهەمێکی تایبەت بە خۆی، ئەوەش زۆر دڵخۆشی کردم و لە ئێستاوەش خۆمی بۆ ئامادە دەکەم".

هەرێم ئاماژەی بەوەدا کە لە شەوە ئاهەنگێک ئیبراهیم زۆر سەرسام بووە بە باڵەبانەکەی، بۆیە داوای لێکردووە بەشدار بێت لە چەند کارێکی تایبەت بە خۆی.

# فۆتۆگرافەرێکی کورد لە هیندستان یەکەم بوو



**ڕووداو- هەولێر**

دوای بەشداریکردنی لە وۆرکشۆپێکی تایبەت بە فۆتۆگرافی، گەنجێکی دانیشتووی شارۆچکەی سۆران لە نێو 93 فۆتۆگرافەری جیهانی پلەی یەکەم وەردەگرێت.

سابیر دڕی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی سی ڤی خۆم پێشکەش بە ڕێکخراوی DCP نێودەوڵەتی کرد کە ساڵانە چەندین فۆتۆگرافەر لە ڕێگای ۆورکشۆپ پێدەگەیەنێت، قەبوڵکرام و چوومە هیندستان هەشت ڕۆژ لە جەنگەڵستانەکانی ئەوێ وێنەم گرت و بەشداری وۆرکشۆپەکەم کرد".

دڕی گوتیشی" دوای چەندین تاقیکردنەوەی مەیدانی، وێنەکانی من لە نێو وێنەی 93 فۆتۆگرافەر پلەی یەکەمیان بەدەست هێناو بڕوانامەی A+ یان پێدام و لەگەڵ ئەوەشدا نازناوی فۆتۆگرافەری جیهانیان پێبەخشیم".

# سەما میسری : سەرم بچێ نوێژم ناچێ



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

سەماکاری ورژووێنەری میسری سەما ئەلمیسری لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا گوتی کە کەسێکی دینداره و سەری بچێ نوێژی ناچێ.

سەما گوتیشی "ئەو چەند ڕۆژەی لە زیندان مامەوە کاتێکی زۆرباش بوو بۆ ئەوەی فەرزەکانی ئاینی ئیسلام جێبەجێ بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا کە من سەما دەکەم، بەڵام هەرگیز نوێژەکانی خۆم لەبیر نەکردووە، چونکە ئەم کارانە لە نێوان من و خودای خۆمدایە".

سەما ئەلمیسری لەم ڕۆژانەدا بەهۆی ئەنجامدانی چەند کارێکی نابەجێ لە بەرنامەیەکی ڕاستەخۆی تەلەفزیۆنیدا، زیندانی کرا، بەڵام دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا.

# غادە دەبێتە خانمی یەکەمی میسر



**ڕووداو- Gololy**

بڕیارە بۆ مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ زنجیرە درامای خانمی یەکەم کە غادە عەبدولڕازق ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت پەخش بکرێت.

لەم ڕۆژانەدا ئەو ئەکتەرە میسرییە لە یوتوبەوە ریکلامی ئەم درامایەی بڵاوکردەوە کە ڕۆڵی خێزانی سەرۆک دەبینێت و دەیەوێت دوای مێردەکەی، دەسەڵات بگرێتە دەست.

لە دراماکەدا هونەرمەند مەمدوح عەبدولعەلیم ڕۆڵی سەرۆک دەبینێت، غادە دەربارەی ئەم درامایە دەڵێت "درامای خانمی یەکەم دەنگدانەوەیەکی گەورە لە نێو وڵاتانی عەرەبی دروست دەکات، سەرکەوتنێکی گەورەش بەدەستدێنێ، لەبەر ئەوەی باس لەو کێشانە دەکات کە لەنێو ماڵی سەرۆک و خێزانەکەی ڕوودەدات".

ئەم درامایە لە دەرهێنانی محەممەد بەکیرە و لە نووسینی یاسر عەبدولمەجیدە.

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com

# بەختی ڕووداو



**کاوڕ**
متمانە بەهاوڕێ و هاوکارەکانت بکە و هەست و گرفتەکانیان لەبەرچاو بگرە. دەتوانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنی بەتایبەت لەم کارە نوێیەدا کە هێزی خۆت بۆ تاقی دەبێتەوە و ڕێگەیەکی نوێ دەبینیتەوە.

**گا**
بۆ ئەوەی دەسکەوتەکانی دارایت زیاد بکات، هەوڵەکانت بەتەواوی بەگەڕبخە. گرۆتینێکی دیکە بەکارەکان ببەخشە و بیر لە فراوانبوون و بەرەوپێشبردنی بکەرەوە. پێویستی ماڵ لە زیادبووندایە.

**جمک**
کاتی گواستنەوەی تیشکی هەتاوە بۆ بورجەکەت، ئەگەر پەلە نەکەیت کارەکانت بە قازانجت دەشکێنەوە. لەهەنگاوەکاندا بەخت یاوەرتە و بەهۆی ڕووداوێکەوە لەدڵسۆزیی چواردەورەکەت دڵنیا دەبیتەوە.

**قرژاڵ**
هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکەیت، بەڵام دەتوانی پلانێکی باش بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانت دیاری بکەیت. کاتێکی زێڕینە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانتان، زۆر بەئاسانی لایەنی یارمەتیدەرتان بۆ پەیدا دەبێت.

**شێر**
هەنگاوەکان بەرەو بەدیهێنانی ئاواتێکی گەورە دەچن. گلەیی و گازندە کارەکان باش ناکەن، کوێرانە ڕەخنە لە بەرامبەرەکەت مەگرە و گفتوگۆ لەو بابەتانە مەکە کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتوون یان کاتیان بەسەرچووە.

**گوڵەگەنم**
کارێک مەکە ئەگەر مەترسی هەبێت. بیرکردنەوە زۆرەکانت و ئەو زانیاریانەی بەدەستت هێناوە بۆ ئەم هەفتەیە بەسوودە، لەماوەکانی داهاتوو دیداری کەسانێکی گرنگ دەکەیت کە دڵخۆشت دەکەن.

**تەرازوو**
کۆتایی بەهەستە ئاڵۆزەکەت دێت، کاتێک هەست بەهەڵچوون دەکەیت خۆت هێمن بکەرەوە، ئەو شتانەی ئێستا خەمیان بۆ دەخۆیت لەداهاتوودا بەئاسانی دێنەوە بەردەستت. پەیوەندیت لەگەڵ خەڵکانێکی پلەبەرز بەهێز دەبێت.

**دووپشک**
بێ هیوا مەبە لە فرسەتێکی لەدەستچووی ڕابردوو، ئەم ماوەیە چەند فرسەتێکی بەختەوەریت بۆ دێتە پێشەوە، بەڵام هەوڵ و ڕێکخستنی ژیرانەی خۆتی دەوێت. بەهۆی کارەکەت پەیوەندییەکی نوێت بۆ دروست دەبێت.

**کەوان**
ڕارا مەبە لە پەیوەندیکردن بە کەسێک ڕەنگە ئەویش چاوەڕوانی دەستپێشخەری تۆ بکات. درک بەو ڕاستیانە دەکەیت کە هەندێک گرفت بوونیان هەیە، بەس دڵنیا نیت، بۆیە پەلە مەکە و بەهێمنی تێدەپەڕێت.

**کارژۆڵە**
کاتێکی چڕی کارکردن دێتە پێشەوە، زۆربەی کارە ناتەواوەکان و ئەرکەکانی سەرشانت سووک دەکەیت. دەرامەت جێگیر نابێت و بەرزی و نزمی بەخۆیەوە دەبینێت. کاتێکی باشە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی کارکردن.

**سەتڵ**
لایەنی سۆزداری بەهێز دەبێت و هەقی کاتە خراپەکانی ڕابردووت بۆ دەکاتەوە. توانایەکی باشی دەربڕین و گفتوگۆت هەیە کە بەرامبەرەکەت سەرسام بکەیت. خەمەکانی ڕابردوو لەیاد دەکەن و ئاسوودەییتان بۆ دەگەڕێتەوە.

**نەهەنگ**
ئەو کاتانەی هەست بە خەمێک یان دڵتەنگییەک دەکەیت، دوودڵ مەبە لەوەی داوای هاوکاری لە ئەندامانی خێزانەکەت بکەیت، چونکە ئەوان بەوپەڕی خۆشەویستییەوە هاوکاری سەرکەوتنەکانت دەبن.

**بەگشتی:**
هەندێک لەوانەی لە سەرکەوتنی گەورە نزیک دەبنەوە بڕیارێکی کتوپڕ دەدەن بۆ کارێکی نوێ یان ڕێگە ڕاستەکە لەخۆیان دەشێوێنن، واتا هەنگاوەکان پێویستە چاوەڕوانی یەکتر بکەن و دڵنیا بین لەوەی ئێستا لەسەر ئاراستەیەکی ڕاستین.
ئەم هەفتەیە کۆتایی بەگەڕانەوەی مارس دێت لە بورجی تەرازوو، جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە بۆ زمانی لەیەکگەیشتن، گفتوگۆکانمان بە ئەنجامی باش دەگەن و دەتوانین خەیاڵ و ڕاستی لەیەکتر جیابکەینەوە. ئەوانەی دەخوازن کارێکی گرنگ بکەن، پێویستە متمانەیان بەخۆیان و کارەکەیان و ئەو کەسانە هەبێت کە پەیوەستن بەکارەکەوە. سۆزداری ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە بیرکردنەوەماندا.

# ئەیاد عەللاوی: مالیکی 10 ملیۆن دەنگیش بهێنێ دەبێ بگۆڕدرێت


(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**ئەمرۆ محەممەد**
**رووداو- هەولێر**

ئەیاد عەلـلاوی، سـەرۆکی لیسـتی نیشـتمانیی عێراقـی بە (تـۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند کە کێشـەو کەموکوڕیی زۆر لـە عێـراق هەیە و بـە گۆڕینی نووری مالیکـی بەشـێکی زۆری ئـەو کێشـانە چارەسـەر دەبـن. گوتیشـی "مالیکی دوو خولـی خـۆی تەواو کـردووە، بۆیـە دەبێ بگۆڕدرێ بە کەسێکی دیکە".

سـەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق گوتی کە هێڵی سـووریان لەسـەر نووری مالیکی هەیـە و رێگەنـادەن بـۆ سـێیەمین جـار پۆسـتی سـەرۆک وەزیـران وەربگرێتەوە، لەوبارەوە گوتی "کێشـەمان لـەوە نییە با مالیکـی 10 ملیـۆن دەنـگ بهێنـێ، بەڵام دەبـێ پارێـزگاری لە دیموکراسـی بکەین، پێویسـتمان بە نەخشـە رێگا هەیە تاوەکو عێراق بگەیەنینە کەناری ئارام".

عەلـلاوی کـە بـۆ کۆبوونـەوە لەگـەڵ مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان گەیشـتبووە هەولێـر، پـاش دیدارەکـەی قسـەی بـۆ (رووداو) کـرد و سـەبارەت بە جەختکردنەوەی کورد لەسەر وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، گوتـی "دەسـتووری عێراق ئامـاژەی بەوە نەکـردووە کە ئەو پۆسـتە هـەر دەبێت بۆ کورد بێت، بەڵام ئێمە هیچ لارییەکمان لەوە نییە و نەک ئەو پۆسـتە ئەگەر پۆستەکانی دیکەش بەدەسـت کوردەوە بن". گوتیشی "بەتایبـەت ئەگەر کەسـێکی وەک بارزانی سـەرۆکایەتی عێراق بکات، ئـەوە بۆ ئێمە جێی شانازییە".

بەڵام عەللاوی گوتیشـی کە ئەو لە دژی موحاسەسەی تائیفییە و گوتی "ئەوەی کە بڵێـن ئەو پۆسـتە تایبەتە بـە کورد و ئەو پۆسـتە تایبەتە بە سوننە و عەرەب من لە دژی ئەوەم و رەتیدەکەمەوە".

سـەرۆک وەزیرانـی پێشـووی عێـراق ئامـاژەی بەوە کرد کـە ئامادەیە دەنگ بە مەسـعود بارزانـی بدات بۆ هەر پۆسـتێک بێـت، لەوانـە پۆسـتی سـەرۆک کۆماری، بەڵام گوتی "دژی موحاسەسـەی تائیفی و نەتەوەییم، ئەگەر بەم شـێوەیە بێت عێراق لەناودەچێت و دابەش دەبێت".

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، عەللاوی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتـی هەرێمی کوردسـتان بـۆ تورکیا و فرۆشـتنی ئاشـکرا کـرد و گوتـی "ئێمـە پاڵپشـتیی هەناردەکردنی نـەوت دەکەین، بەمەرجێک داهاتەکەی بگەڕێتەوە بۆ ناوەند، ئەوەش مەسەلەیەکی دەستوورییە".

لەلایەکی دیکەوە ئەمیر کەنانی، یەکێک لە سەرکردەکانی رەوتی سەدر بە (رووداو)ی راگەیانـد کـە ئـەوان لەنێـو ئیئتیلافی نیشـتمانی سـەرقاڵی تاوتوێکردنـی دوو خاڵی گرنگن، یەکەمیان: کاندیدی سەرۆک وەزیـران لـە هاوپەیمانی نیشـتمانی بێت، وەک گەورەتریـن فراکسـیۆنی پەرلەمانی. دووەم: دەستاودەسـتکردنی ئاشـتیانەی دەسـەڵات و دانانی کەسـێکی دیکە لەبری نـوری مالیکـی، چونکـە نابـێ لایەنێـک هەژموونی خۆی لەسەر حیسابی لایەنەکانی دیکە زیاد بکات.

کەنانـی کە هـاوکات جێگری سـەرۆکی لیژنەی یاساییە لە پەرلەمانی عێراق، گوتی کە پێویسـتە کاندیدی ئیئتیلافی نیشتمانی کەسـێکی پەسـەند بێـت لای سـەرجەم لایەنەکان، نەک نـوری مالیکی کە لەلایەن زۆربـەی لایەنەکانـی وەک کورد و سـوننە و تەنانـەت خودی لایەنە شیعەکانیشـەوە رەتدەکرێتـەوە. لەدرێـژەی قسـەکانیدا گوتیشی "لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لـە هەوڵدایـن و بڕیاریشـە بـە شـاندێکی هاوبـەش سـەردانی هەرێمـی کوردسـتان بکەین و لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و گەورە بەرپرسـانی هەرێمی کوردستان کۆببینەوە".

لەبـارەی رۆڵی ئێران لە پشـتگیریکردن لـە مالیکـی بـۆ وەرگرتنـەوەی ویلایەتی سـێیەم، ئەو سـەرکردەیەی رەوتی سەدر نەیشـاردەوە کە رۆڵی لایەنـی دەرەکی لە یەکلاییکردنـەوەی ئـەو پۆسـتەدا هەیـە، بـەڵام گوتی "ئێمە ئـەوە رەتدەکەینەوە و دەبێـت لە نێوخۆی وڵات پرسـی سـەرۆک وەزیـران یەکلایی بکرێتـەوە. هاوکات ئێمە سوورین لەسـەر ئەوەی نابێ هیچ کەسێک لە هەرسـێ سـەرۆکایەتییەکە لە دوو خول زیاتر سەرۆکایەتی بکات".

بـەڵام خالیـد ئەسـەدی، سـەرۆکی فراکسـیۆنی حیزبـی دەعـوە رێکخسـتنی عێـراق لـە پەرلەمانـی عێراق بـە (تۆڕی میدیایـی رووداو)ی راگەیانـد کە دەوڵەتی یاسا سوورە لەسەر ئەوەی نووری مالیکی، تاکە پاڵێوراوی دەوڵەتی یاسایە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران.

ئەسەدی کە یەکێکیشە لە سەرکردەکانی دەوڵەتی یاسا، گوتی نوری مالیکی زۆرینەی دەنگەکانـی لە هەڵبژاردن بەدەسـتهێناوە، دەتوانین دەنگی پێویسـت فەراهەم بکەین بۆ پێکهێنانی حکومەت، بۆیە هیچ کەسێک ناتوانـێ رێگری لێبـکات، چونکە زۆرینەی دەنگـی خەڵکـی عێراقی بەدەسـتهێناوە. ناوبـراو روونیکردەوە ئەگـەر کورد هەوڵی پۆسـتی سـەرۆک کۆمار دەدات، ئەوا ئێمە دەتوانین هاوکارییـان بکەین بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە.

هـاوکات گوتیشـی کە هێڵی سـوور لە کەس قبوڵ ناکەن.

لەلایەکی دیکەوە عەلا مەکی، یەکێک لە سـەرکردەکانی لیستی نیشـتمانیی عێراقی بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی بە (رووداو)ی راگەیاند کە گفتوگۆی لایەنەکان لەبارەی پێکهێنانـی حکومـەت دەسـتپێکردووە و دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش هەوڵەکان چڕدەبنەوە.

مەکـی گوتیشـی "هەمـوو هەوڵـەکان بۆ ئەوەیـە دیکتاتۆریەت لە عێراق گەشـە نەکات و لە کۆبوونەوەی رۆژی یەکشـەممە لەگەڵ مەسـعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان لەسـەر ئـەوە رێککەوتیـن کە کاندیدکردنـەوەی نـوری مالیکـی هێڵـی سوورە".

# گرنگترین کاندیدەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران

**محەممەد خۆشناو**
**رووداو- هەولێر**

لـە هەڵبژاردنەکانـی پێشـووی پەرلەمانی عێراقدا هەریەک لە عادل عەبدولمەهدی و ئەیاد عەلـلاوی دوو کاندیدی رکابەر بوون بۆ نووری مالیکـی لە وەرگرتنی پۆسـتی سـەرۆکایەتی حکومەتـدا، بەڵام لەم خولەی ئێسـتادا زیاتر لە سـێ کاندید هـەن کە چاوەڕوان دەکرێت لایەنـەکان بیانخەنـەڕوو، هەندێکیان کاندیدی بەهێزن و هەندێکشیان وەک کاندیدی کۆدەنگی.

ئەیـاد عەلـلاوی سـەرکردەی ئیئتیلافـی عێراقیە لـە هەڵبژاردنی 2010دا لیسـتەکەی بە بەدەسـتهێنانی 91 کورسـی یەکـەم بوو، بـەڵام نـووری مالیکـی بـەر لـە دانیشـتنی پەرلەمان ئیئتیلافی هاوپەیمانیی نیشـتمانی راگەیانـد و پێکهێنانی حکومەتی لەدەسـتی سـوننە دەرهێنا. ئەمجارە عەلـلاوی دەیەوێ بەشـێوازێکی دیکـە بگەڕێتـەوە و بەچەنـد ئاراسـتەیەک دەڕوات. ئـەو ئەگـەر جـاران ئاراسـتەی تەنیا روو لە رۆژئاوا بوو، ئەمجارە بۆ خۆی متمانەیەکی رواڵەتی لای ئێرانییەکان دروسـت کردووە و توانیویەتی پەیوەندییەکی باشـیش لەگەڵ هەردوو حیزبی شیعە: رەوتی سـەدر و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیدا دروست بـکات، بەڵام شانسـی زۆر نییە، چونکە بەوە ناسـراوە کە پەیوەندی لەگەڵ سعودیەدا باشە و هەروەها پێشبینی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باشی لەم هەڵبژاردنەدا لێ ناکرێت.

عـادل عەبدولمەهـدی جێگـری سـەرۆک کۆمـاری دەسـت لەکارکێشـاوە زۆر لەمێـژە لەزوومی کامێـراکان ون بووە. تەنانەت لەنێو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیشدا شانسی بەهێزی نییە، ئەو هەرچەنـدە لە کورد نێزیکە و تاکە نێردەی شیعەکانیش بووە بۆ لای کورد، بەڵام پێشبینی ناکرێت رکابەرێکی بەهێزی نێو ماڵە گەورەکەی هاوپەیمانی نیشتمانی بێت.


عادل عەبدولمەهدی


ئەحمەد چەلەبی


جەعفەر سەدر


باقر جەبر زوبەیدی

هـەر لەنێـو ئەنجومەنی باڵای ئیسـلامیدا ناوی باقر جەبر زوبەیدی وەک سـەرکردەیەکی دەسترۆیشـتوو دێـت و تارادەیەکیـش لـە بەڕێوەبردنـی وەزارەتـی دارایی لـە کابینەی پێشـووتردا سـەرکەوتوو بووە، بـەڵام لەبەر سێ هۆکار ئەسـتەمە ئەو پۆستە وەربگرێت. یەکەم پەیوەندی باشـی لەگەڵ هێزەکانی ناو هاوپەیمانی نیشـتمانیدا نییە، دووەم لە کاتی بەڕێوەبردنی وەزارەتی ناوخۆ کەوتە بەر تانەی سوننەکان، سێیەمیش ئەوەیە کە عەمار حەکیم نایـەوێ کەسـێک لە کۆنـەکان کاندید بکات، چونکە ترسی دروسـتکردنی تەکەتولی لێیان هەیە.

ئەحمـەد چەلەبی لـەم هەڵبژاردنەدا لەنێو لیستی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی خۆی کاندید کرد و سیاسـەتوانان وەک کاندیدێکی گونجاو دەیبینن کە ئەگەری هەیە کۆدەنگیی لەسـەر بێت. چەلەبی لەسەرەتای پرۆسەی سیاسییەوە لـە رەوتی سـەدر نێزیک بـووە و لە کوردیش نێزیکە، چونکە ماوەیەکی زۆر لە پیرمام ژیاوە، بەڵام پەیوەندییە خراپەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و نێزیکی لە ئێران یەکێکە لە بەربەسـتەکانی بەردەم چەلەبی، جگە لەوەش ئەو بەکەسێکی عەلمانی و دوور لە رەوتی ئیسـلامی سیاسـی ناسـراوە، بۆیـە شانسـی بەدەسـتهێنانی پۆسـتەکەی لـێ دوور دەبێـت. مەگـەر وەک کاندیدێکی چارەسەری و هاوسەنگیی لایەنەکان لەسەری رێککەون.

جەعفەر سـەدر کوڕی محەممەد باقر سەدر کە بەدەستی رژێمی پێشووی عێراق لە ساڵانی هەشـتاکاندا خۆی و خوشـکەکەی کـوژران، کاندیدێکـی قبووڵکـراوە لـە کۆمەڵگەیەکـدا کە لەسـەر میراتگری و خێڵەکـی بنیاتنراوە، بـەڵام جگە لە رەوتی سـەدر لایەنەکانی دیکە ئـەو پشـتیوانییەی ناکەن. بەمەش شانسـی لاوازتر دەبێت. هەروەها پێیانوایە کە ناتوانێت پۆسـتێکی وەک سـەرۆکایەتی حکومـەت بەڕێوەببات.

دەوڵەتی یاسـا کە پێشـبینی دەکرێت لەم هەڵبژاردنەدا لەسەرووی 90 کورسی دەستەبەر بکات، رەتیدەکەنەوە کە جگە لە نووری مالیکی هیـچ کاندیدێکـی دیکەیـان بۆ سـەرۆکایەتی حکومـەت هەبێت، بـەڵام جاروباریش باس لە ناوی حوسـێن شەهرسـتانی جێگری ئێستای سـەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە دەکەن کە وەک کەسـی دووەمی نێو ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسـا دەبینرێت. بەڵام پەیوەندییە خراپەکەی لەگـەڵ کـورد گەورەتریـن کۆسـپی بـەردەم شەهرسـتانییە بـۆ وەرگرتنی ئەو پۆسـتە و ئەگەر کاندید بکرێت ئەوا مشتومڕی پێکهێنانی حکومەتەکە بۆ ئایندەیەکی درێژ و نادیار درێژ دەبێتەوە.

عەلـی ئەلئەدیـب گرنگتریـن کەسـایەتی نێـو حیزبـی دەعوە کـە لـەدوای رووخاندنی سـەددامەوە دوو خول پەرلەمانتار بووە و دوو جاریـش بۆ پۆسـتی سـەرۆکایەتی حکومەت کاندید کراوە و لە کابینەی پێشـوودا وەزیری خوێندنـی بـاڵا بـوو، وەک کاندیدێکی بەهێز تەماشـا دەکرێت لەحاڵێکدا ئەگەر لایەنەکانی دیکە رێگەیان بە سـێبارە خۆکاندیدکردنەوەی مالیکـی نـەدا. عەلی ئەلئەدیب لـە وەزارەتی خوێندنـی بـاڵادا سـەرکەوتنێکی بەرچـاوی بەدەسـتهێناوە. لەسـەردەمی ئـەودا ژمارەی زانکۆکانی عێراق بۆ دوو هێندە زیادیان کرد و دەیان هەزار قوتابی لە چوارچێوەی بەرنامەی تواناسـازیدا رەوانەی زانکۆکانی جیهان کران. بەڵام ئەگـەری قبووڵکردنی عەلـی ئەلئەدیب هەنـدێ دوور دێتە پێش چاو، بەتایبەتیش کە لە دوو جاری رابردوودا کۆدەنگیی نێوخۆیی و دەرەکی لەسەر نەبوو.

دوایین کاندید تارق نەجم عەبدوڵڵا، یەکێک لـە سـەرکردەکانی دەوڵەتی یاسـا و خاوەن کەسـایەتیەکی تەمومـژاوی کـە بەدەگمـەن دەردەکەوێت. تارق نەجم پیاوی دانوسـتاندنە نهێنییەکانە و تەنانەت لەگەڵ کوردسـتانیش کاتێـک کێشـەکان گـەورە دەبـوون، مالیکی ئەوی رەوانە دەکرد. پەیوەندی باشـی لەگەڵ ئێـران و تورکیـا و رۆژئاوا هەیـە و نزیکە لە مەرجەعەکانی شـیعە، بەتایبەت لە ئایەتوڵڵا عەلـی سیسـتانی، پێشـتر بەڕێوەبـەری نووسـینگەی سـەرۆک وەزیران بوو. بەڵام لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی مالیکیدا وازی لەو پۆستە هێنا. بەهۆی کەم دەرکەوتنی ئەگەری هەیـە لایەنەکان زۆر دژی نەوەسـتنەوە، بۆیە لەحاڵەتـی رەتکردنەوەی مالیکی بۆ ویلایەتی سێیەم، بەدوور نازانرێ دەوڵەتی یاسا یەکێک لەو دوو کەسـە: شەهرسـتانی و تاریق نەجم کاندید بکات.



دکتۆر ئیکرام حوسێن
Ikram_dent@yahoo.com

## دکتۆری بەرتیلخۆر

نەخۆش لای وایە دەچێتە لای دکتۆر و دەرمان وەردەگرێت بۆ شیفا، بەڵام لای هەندێک، ئاوا دەرمان دەنووسرێ:

لە هەولێری پایتەخت، دکتۆر پارچە زەوی ڕوکنی لە کۆمپانیای دەرمان وەرگرتووە بەرامبەر نووسینی جۆرێکی تایبەتی دەرمان بۆ نەخۆش. هەشە لێکسزی بۆ کردراوە!. جاران کۆمپانیاکانی دەرمان سەفەری تورکیایان بۆ پزیشکان پێشنیاز دەکرد، بەڵام ئێستا پزیشکان داوای سەفەری ئەمریکا و ئەورووپا لە کۆمپانیاکان دەکەن!.

هەر لەو پیرە هەولێرە، دکتۆر پێشنیازی کردووە بۆ کۆمپانیای دەرمان تا ژمارەیەکی زۆر دەرمانی نزیک بە بەسەرچوونیان بۆ سەرف بکات، بەڵام خۆ بە ماچ نا، بە نیوەی پارەی دەرمانەکان، ئەوە ئایفۆنی گۆڵد و ئایپاد بووەتە ڕۆتین!.

لە سلێمانی کۆمپانیایەکی دەرمان لە ڕێگای نوێنەرەکەیەوە پێشنیاز دەکات بۆ دکتۆرێک ئەگەر هەزار دانە لە جۆرێکی دەرمان بنووسێت، سەفەرێکی ئەمریکای مسۆگەرە. دکتۆرێکی دیکە بەخۆی و ژنەکەی چەند هەزار دانەیەکیان نووسیوە لە جۆرێکی دیکەی دەرمان، لە بەرامبەردا، جگە لە کرێی مانگانەی نۆرینگەکەی، کرێی مانگانەی گەراجەکەشی بۆ دەدرێت لەلایەن نوێنەری کۆمپانیای دەرمانەکەوە.

کاتێک نوێنەر بەخۆی و نموونە و بانگەشەی دەرمانەکەیەوە دەچێتە نۆرینگەکان، لە جیاتی پرسیاری زانستی دەبارەی دەرمانەکە و کاریگەرییەکانی، جەنابی دکتۆر دەڵێ زۆر ڕۆیشتوومەتە هیندستان و تورکیا، شوێنێکم بۆ ڕێکبخە نەچووبم.

نوێنەری یەک لە کۆمپانیا جیهانییەکانی دەرمان پێیگوتم، سەرەتا ئێمە هیچ شتێکمان بۆ دکتۆر نەدەکرد، بەڵام کە بینیمان کۆمپانیا پۆخڵەواتەکانی دەرمان لەو ڕێگایانەوە بازاڕیان لە ئێمە زیاترە، ئێمەش ناچاربووین هەندێک ڕێگا بگرینە بەر.

نووسینی دەرمان بۆ هەزاران نەخۆش کە هێشتا جەنابی دکتۆر نە بینیونی و نە قەبارەی لووتیشیان دەزانێ، دکتۆرێک بە دکتۆرێکی دەرمانسازی گوتبوو، جێگایەک بدۆزەرەوە و کرێی نۆڕینگەکەم بۆ بدە، من هەموو ڕۆژ 50 ڕەچەتەت بۆ دەنێرم کە نرخی هەریەکەیان لە 50 هەزار دینار کەمتر نەبێت.

هەرگیز هاتووە بە مێشکتاندا بۆچی کرێی دووکانێکی ئاڵتون فرۆشتن 3 هەزار دۆلارە، بەڵام کرێی دووکانێکی دەرمانفرۆشی دەگاتە 10 هەزار دۆلار و ئەولاتریش؟ هەرگیز پرسیوتانە بۆچی مەترێک زەوی بۆ بینای پزیشکی زۆر گرانترە لە مەترێک زەوی بۆ هەر شتێکی دیکە؟

کۆمپانیاکانی دەرمان لە هەولێر، نوێنەری خۆیان لە نێو کۆلێژە پزیشکییەکان و نەخۆشخانە حکومییەکانیشدا چاندووە.


ئەوەی تێبینیم کردووە، ڕێژەیەکی زۆری ئەو دکتۆرانەی خەریکی پێدان و وەرگرتنی بەرتیلن، بە ڕەگەز عەرەبن، بەڵام دکتۆری کوردی لەو بابەتەش کەم نین، بە ویژدانەوە دەیڵێم هەر دکتۆری عەرەبیش هەیە بە گۆشت و خوێنی خۆی خزمەتی خەڵک دەکات.

خۆشمەدوێن و زۆریشن ئەو پزیشکانەی هیچ بەرتیلێک جگە لە نموونە و بانگەشەی زانستیی دەرمانەکە وەرناگرن، تەنها پێوەری ئەوان زانست و ویژدانیانە، چاویان ماچ دەکەم و داوادەکەم لە نووسینی ئەم بابەتە لێم دڵگران نەبن، خەڵکێکی دیکە هەیە مەلەکردنی لە ئاوی لێڵدا پێخۆشە.

چارەسەرکردنی ئەو هەموو بەرەڵڵاییە زۆر ئاسانە، لەڕووی زانستییەوە پزیشکان دەتوانن جۆر و ناوی دەرمانەکان لە سەرچاوەی زانستی وەک پەرتووکیBNF وەربگرن، ئیتر پێویستیان بە نوێنەری دەرمان و ئەو شتانە نییە، ئەگەر حکومەت هەبێت و بیەوێت، تەنها بە قەدەغەکردنی ڕیکلامی دەرمان و پێشاندانیان بە پزیشکان، هەموو ئەو کارەساتە ڕادەگرێت و کۆتایی بە دەرمانخواردکردنی ئەو خەڵکە دەهێنێت.

لێکۆڵینەوەیەکی هۆڵەندی:

# بەکتریاکانی کوردستان دەرمان کاریان تێناکات



## هۆکارەکەی زۆر بەکارهێنانی دەرمانە

یودیت نیورینک
ڕووداو- هەولێر

هەرێمی کوردستان مەنجەڵی هەڵهێنانی بەکترییایە، بەکتریایەک کە چیدی دەرمانی دژە بەکتریا کاریان تێناکات. چەند جۆرێک بەکتریا لە 9 نەخۆشخانەی کوردستان تاقیکراونەتەوە و دەرکەوتووە بەرگەی 86%ی دەرمانەکان دەگرن.

دڵشاد مەغدید، لێکۆڵەرێکی بە ڕەگەز کوردی دانیشتووی ڕۆتەردام لە هۆڵەندا کە کار لەسەر کێشەی بەرگریی بەکتریا دەکات لە بەشی میزەڕۆی سەنتەری تەندروستی ئیراسمۆس، دەڵێت "زەنگێکمان پێویستە، ئەمە بەڕاستی کارەساتە."

مەغدید کە لە ڕێگەی سکایپەوە قسەی بۆ (ڕووداو) دەکرد، گوتی "لە هۆڵەنداش بڕێکی کەمی بەکتریای بەرگەگرمان هەیە کە نزیکەی 5%ە، ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە".

سەنتەرەکەی دڵشاد کار لەسەر ئەوە دەکات کە ڕێگە لە گەشەی ئەو 5%ە بگرێت و کار لەسەر دۆزینەوەی چارەسەر دەکات بۆ ئەو بەکتریایانەی کە دەتوانن بەرگەی چەند جۆرە دەرمانێک بگرن.

بۆ لێکۆڵینەوەکەیان، بەشەکەی دڵشاد سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ ئەوەی بەکتریا بۆ لێکۆڵینەوەکەیان کۆبکەنەوە. ئەوان ئەو بەکتریایانەیان کۆکردووەتەوە کە دەبنە هۆکاری هەوکردنی سیستەمی میزەڕۆ و هەوکردنی پێست. لە لێکۆڵینەوەکەیاندا بۆیان دەرکەوتووە کە بەکتریاکانی کوردستان بەرگەی نزیکەی 86%ی دەرمانەکانی دژە بەکتریا دەگرن. دڵشاد دەڵێت "ئەمە بابەتێکی باشە بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام کارەساتە بۆ کوردستان"، چونکە وەک ئەو دەڵێت "ئەم کێشەیە وا دەکات نەخۆش بەو بەکتریایانە بمرن".

ئەو کە ئێستا سێ خوێندکاری دکتۆرای کورد لەگەڵی کاردەکەن لە ڕۆتەردام، دەڵێت "کاتێک کە خەڵکی ئەم هەرێمە گەشتی دەرەوە دەکەن، ئەو بەکتریایە لەگەڵ خۆیان دەبەن و خەڵکانی دیکەش تووش دەکەن".

لە کوردستان گرنگی بە بابەتەکە دراوە و لە کۆنفرانسێکدا باسی لێوەکرا. دڵشاد لە کۆنفرانسەکەدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی پێشکەش کرد. ئەو بەردەوام پێویستە پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستییەوە هەبێت، وەزارەتی تەندروستی دەڵێت پێویستە کار لەسەر ئەو بابەتە بکرێت، بەڵام کێشەی دارایی هەیە.

دڵشاد دەڵێت هۆکاری کێشەکە زۆر بەکارهێنانی حەبی دژە بەکتریایە کە هەر لە منداڵییەوە بەکاردەهێنرێت "لە ئەورووپا ئێمە حەبی دژە بەکتریا نادەین بە منداڵ، هەتا تەمەنیان نەبێت بە یەک ساڵ، بۆ ئەوەی کار لە سیستەمی بەرگرییان نەکات، بەڵام لە کوردستان منداڵی زۆر بچووکیش دەرزییان لێدەدرێت".

دکتۆر خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت ئەو کێشەیە کێشەی وەزارەتی تەندروستی نییە، چونکە نەخۆشخانەکان پەیوەستن بە مەرج و پرۆتۆکۆلی زانستییەوە.

ئەو دەڵێت پێویستە دکتۆرەکان ئاگایان لەو کێشەیە بێت و لەهەمانکاتیشدا ئاماژە بە کەلتووری خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکات "خەڵک بەبێ ڕەچەتەی پزیشک حەب و دەرمان دەخۆن، هەندێکجار بە قسەی خزم و کەسیان حەب دەخۆن".

کاتێک کە نەخۆش دژە بەکتریا دەخوات و پێش چاکبوونەوەی دیسان دژە بەکتریا دەخوات، وای لێدێت کە بەرگری بەرامبەر بەو دژە بەکتریایە پەیدا بکات. لەو کاتەدا سیستەمی بەرگری جەستە تێکدەشکێت و بەکتریاکان زاڵ دەبن.

دڵشاد دەڵێت، دکتۆرە کوردەکان حەب و دەرمانی زۆر دەنووسن، چونکە خەڵکی چاوەڕێی ئەوە دەکەن لە دکتۆرەکان. "بێ بەزەییانە ڕێژەیەکی زۆری دژە بەکتریا بۆ چارەسەری هەڵامەتێکی بچووک دەنووسن، یان زۆر جار کەم دەنووسن، بەڵام هێزی حەبەکان زۆر زۆر بەرز دەنووسن. ئەوان دەزانن کە ئەو حەب نووسینە بەوشێوەیە پێویست نییە و مەترسیدارە، بەڵام هەر دەینووسن بۆ ئەوەی پارەیان دەستبکەوێت". دکتۆر خاڵس دەڵێت ئەمە "هەڵەی پزیشکییە" و زۆرجار لەگەڵ پزیشکەکان باس کراوە.

دکتۆر عومەر سەرسام، دکتۆرێکی گەنجی بواری سینگ و دڵ کە لە چەند نەخۆشخانەیەکی جیاوازی هەولێردا کار دەکات، دەڵێت ئەو زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە دەبێتەوە "نەخۆش بڕوا ناکات ئەگەر پێی بڵێی بەبێ حەبی دژە بەکتریا چاک دەبیتەوە و هەر داوای دەرمان دەکات".

ئەو هەندێک لە کێشەکە بۆ یاریدەدەری پزیشکەکان دەگەڕێنێتەوە کە ڕێگەیان پێدەدرێت کلینیک دابنێن "ئەوان بە دکتۆر بانگ دەکرێن، هەندێکجار لە ڕۆژێکدا 60 نەخۆش دەبینن و بە تەن حەبی دژە بەکتریا دەدەنە نەخۆش".

دڵشاد مەغدید داوای هەنگاونان بەرەو ڕێگرتن لەو بەکتریایانە دەکات بۆ ئەوەی نەوەیەکی نوێی دوور لە بەکتریای بەرگریکار دروست ببێت. بۆ دروستکردنی نەوەیەکی لەو جۆرە "10 تاوەکو 15 ساڵی دەوێت و دەبێت لە منداڵەوە دەستپێبکەین."

ئەو هەروەها دەڵێت کە دکتۆرەکانی کوردستان تەنیا سێ جۆر دەرمانی دژە بەکتریا بەکاردەهێنن، بەڵام ئێستا جۆری دیکەی دژە بەکتریا بەرهەمهێنراوە ، بەتایبەتی بۆ بەکتریا زیرەکەکان "دکتۆرەکان پێویستە بە رووی زانستی ڕۆژئاوادا بکرێنەوە".

سەرسام هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی کە دکتۆرەکانی کوردستان پێویستیان بە زانیاری زیاتر هەیە. بەڵام ئەو پێیوایە لەوە گرنگتر ئەوەیە وەزارەتی تەندروستی ڕێگە لە فرۆشتنی دەرمانی دژە بەکتریا بگرێت لە بازاڕەکاندا "پێدانی ئەو دەرمانە بەبێ ڕەچەتەی دکتۆر تاوانە. پێویستە یاسایەک دەربچێت و ڕێگری لەمە بکات". ئەگەر یاساش دەربکرێت، هێشتا کاتێکی زۆری دەوێت تا خەڵکی واز لە داواکردنی ئەو دەرمانە بهێنن "ئەگەر قەدەغە بکرێت، ئەوکات خەڵکی دەچنە مووسڵ بۆ ئەوەی بەبێ ڕەچەتەی دکتۆر دەرمانەکە وەرگرن. بۆ گۆڕان، پلاندانانی ورد پێویستە". سەرسام وایگوت.



# چارەسەری سەرئێشە بەبێ دەرمان

ڕووداو-AP

خاتوو میریام هایبێرن لە تەمەنی منداڵییەوە بەدەست شەقیقەوە دەناڵێنێت. وەک ئاماژەکردن بە ئامێری TMS دەڵێت "یەکەمجارە چارەسەرێک وەربگرم لە ئازاری شەقیقە ڕزگارم بکات".

میریام وەسفی شەقیقە دەکات و دەڵێت "وەکو ئەوەیە شتێکی زۆر قورس بکێشن بەسەرتدا. هەموو شتێکی بەچێژ دەگۆڕێت بۆ شتێکی ناخۆش".

هەتا ئێستاش پزیشکەکان بەپێدانی دەرمان حاڵەتەکە چارەسەر دەکەن، کە بەپێی توندیی ئازارەکە و تەمەنی کەسەکە و بوون یان نەبوونی نەخۆشیی درێژخایەنی دیکە لە نەخۆشەکەدا، دیاری دەکرێت. دیارە هەموو دەرمانێکیش لەگەڵ سوودەکانی بۆ نەخۆشییەکی دیاریکراو، زیان و کاریگەری نەخوازراویش لەسەر تەندروستی کەسەکە بەجێدەهێڵێت.

بەڵام بەم دواییە پزیشکانی پسپۆڕی بەریتانی ئامێرێکیان داهێناوە کە لە زۆر لە نەخۆشەکاندا بێ خواردنی دەرمان ئازاری سەرئێشەکە ناهێڵێت، بەمجۆرە لەلایەکەوە سوودی ئەوەی هەیە ئازارەکە ناهێڵێت، لەلایەکی دیکەوە هیچ زیان و کاریگەرییەکی نەخوازراو لەسەر کەسەکە بەجێناهێڵێت.

ئەم ئامێرە نوێیە کە بە TMS ناسراوە، لەپشتەسەری نەخۆش دەبەسترێت، کاتێک نەخۆشەکە دەست بە دوگمەیەکدا دەنێت، شەپۆلێکی موگناتیسی بەناو سەریدا بڵاودەکاتەوە کە دەبێتە هۆی پەکخستنی گواستنەوەی ئازار بە دەمارەکاندا. هەموو کەسێک دەتوانێت ئەم ئامێرە بکڕێت و بۆخۆی بەکاری بهێنێت و پێویستی بە هاریکاری کەسێکی دیکە نییە.

بەرپرسانی تەندروستی ئامۆژگاری تووشبووانی شەقیقە دەکەن کە ئەو ئامێرە بەکاربهێنن. ئەمەش دوای ماوەیەکی کورت لە پەسەندکردنی ئامێرێکی هاوشێوە لە ئەمریکا لەلایەن دەزگای خۆراک و دەرمانی ئەمریکی (FDA).

میریام هایبێرن دەشڵێت "هەست بە جیاوازییەکی زۆر دەکەم، دەبینم بێ ئەوەی حەب بخۆم، ئازارەکەم باش دەبێت. من پێشتر زۆر ڕێگای دیکەم بەکارهێناوە، لە دەرزیئاژنینەوە تا خەواندنی موگناتیسی، بەڵام هیچیان وەک ئەم ئامێرە کارا نەبوون".

بە پێچەوانەی زۆر لە دەرمانەکانی دژە ئازارەوە، ئامێرەکە لەکاتی سکپڕیشدا سەلامەتە.

ڕێکخراوی هاریکاری تووشبووانی شەقیقە، خۆشحاڵە بە داهێنانی ئەم ئامێرە نوێیە. ویندی تۆماس، سکرتێری ڕێکخراوەکە لە بەریتانیا دەڵێت "هۆکاری جیاوازبوونی ئەم ئامێرە نوێیە ئەوەیە دەرمان بەکارناهێنرێت. ئەمەش ڕێگایەکی سەلامەتە و کاریگەری نەخوازراوی لێناکەوێتەوە. هەر کاتێک زانیت سوودی لێنابینیت، بیگێڕەوە بۆ ئەو شوێنەی لێت وەرگرتووە". شەقیقە، ئازاری توندی سەر، ڕشانەوە و هەستیاریی بە ڕووناکی لە کەسی تووشبوودا دروستدەکات و لە 4 بۆ 72 کاژێر بەردەوام دەبێت. بەپێی ئامارە جیهانییەکان 15%ی خەڵکی بەدەست شەقیقەوە دەناڵێنن کە دەکاتە نزیکەی ملیارێک کەس لە جیهاندا. ئەم جۆرە سەرئێشەیە زیاتر لە ئافرەتاندا بڵاوە.

# وشتر هەڕەشە لە کوردستان دەکات

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

دڵەڕاوکێی بڵاوبوونەوەی پەتای ئەنفلۆنزای وشتر یان "مێرس" بووەتە باسوخواسی نەک ناوەندە تەندروستییە لۆکاڵی و جیهانییەکان، بەڵکو بووەتە باسی خەڵکی ئاساییش. لە کوردستانیش بەرپرسانی کەرتی تەندروستی دەڵێن ئامادەن بۆ جەنگی دژی کۆرۆنا.

ڤایرۆسی کۆرۆنای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە خێزانی ئەو ڤایرۆسەیە کە لە ساڵی 2002 و 2003 بووە هۆی نەخۆشیی سارس و لە 23 وڵاتی جیهاندا 778 کەسی کوشت. سارس لە هۆنگ کۆنگەوە سەری هەڵدا.

ڤایرۆسی کۆرۆنای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرەتا لەساڵی 2012 لە سعودیە دۆزرایەوە و ئێستا لە بڵاوبوونەوەدایە. ئەو ڤایرۆسە پەتایەک دروستدەکات کە هەندێکجار بە "ئەنفلۆنزای وشتر" یان "مێرس" ناودەبرێت. ڤایرۆسەکە دەبێتە هۆی نەخۆشکەوتنی کۆئەندامی هەناسە، هەوکردنی سییەکان، تا، کۆکە، تەنگەنەفەسی، پەککەوتنی هەناسە، بێهێزی و نەمانی ئارەزووی خواردن. وەک لە ماڵپەڕی سەنتەری کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکاندا لە ئەمریکا هاتووە، 30%ی ئەوانە دەکوژێت کە تووشی دەبن.

کاتێک (ڕووداو) دەربارەی بوونی ئامێری دەستنیشانکردنی ئەم نەخۆشییە لە کوردستان، پرسیاری لە دکتۆر ڕزگار عەلی جەرجیس بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی کرد، گوتی "نەک لە کوردستان، لە سعودیەش کە ئەو نەخۆشییەی تێدا بڵاوە، ئەو ئامێرە نییە و نموونەکان دەنێرن بۆ ئەورووپا".

زانایان وای دەبینن ئەم پەتایە سەرەتا تووشی وشتر بووە و ئەوان بوونەتە هەڵگری و لەوانەوە بۆ مرۆڤ گوازراوەتەوە، بەڵام بەپێی ڕێنماییەکانی سەنتەری کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە گوازراوەکانی ئەمریکا، ئەم جۆرە ئەنفلۆنزایە ئێستا دەکرێت لە کەسێکی تووشبووەوە بۆ کەسێکی دیکە بگوازرێتەوە. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش ساڵی پار ئەم پەتایەی وەک مەترسی بۆ سەر جیهان ناساند.

دکتۆر ڕزگار عەلی دەڵێت، بەرپرسانی تەندروستیی کوردستان هەندێک ڕێوشوێنیان گرتووەتەبەر بۆ ڕێگاگرتن لە هاتنە ناوەوەی پەتای "مێرس" بۆ نێو کوردستان لەوانەش:

-1 هەرکەسێک لە وڵاتانی کەنداوەوە بگەڕێتەوە کوردستان پشکنینی بۆ دەکرێت.


-2 وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی وەزارەتی ئەوقاف گەشتی عەمرەیان لەم وەرزەدا ڕاگرت، چونکە مانگەکانی نیسان، ئایار و حوزەیران ماوەی زێڕینی گواستنەوەی پەتاکەن.

-3 وەزارەتی تەندروستی هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و تاقیگەی ناوەندیی بەغدا کردووە تا لەکاتی پێویستدا هاوکاری بکەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو نموونانەی لە نەخۆشەکان وەردەگیرێن.

-4 مەڵبەند و بنکە تەندروستییەکان ئاگادارکراونەتەوە کە هەر حاڵەتێکی گومانلێکراو هەبوو پەیوەندی بە بەڕێوەبەرێتی خۆپاراستنی تەندروستییەوە بکەن.

ئەگەرچی ئێستا گەشتی عەمرە ڕاگیراوە، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاوی عەمرەکارانی کوردستان ئێستا لە سعودیەن. سعودیەش زۆرترین قوربانی ئەم پەتایەی تێدا تۆمارکراوە، بەجۆرێک تەنیا لەو وڵاتەدا 483 کەس تووشی ئەم پەتایە بوون کە 142 کەسیان گیانیان لەدەستداوە.

بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی دەڵێت "ڕێوشوێنمان دیاری کردووە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی پێدەچێت لە گەشتی عەمرەکەیانەوە ئەو ڤایرۆسەیان بەرەو کوردستان هێنابێتەوە". گوتیشی "ئامێرێکمان لە فڕۆکەخانە داناوە کە بە تیشک کاردەکات و کاتێک کەسێک بە بەردەمیدا تێپەڕ دەبێت، ئەگەر پلەی گەرمی لەشی بەرز بێت ئامێرەکە دەستنیشانی دەکات و خێرا پزیشک دەست بە پشکنینی دەکات و لەکاتی پێویستدا ڕەوانەی لای ئێمەی دەکات".



ئەو وڵاتانەی نەخۆشیەکەیان تێدا تۆمارکراوە بریتین لە: سعودیە، ئیمارات، قەتەر، عومان، ئوردن، کوێت و یەمەن.

ئەو وڵاتانەش کە بەهۆی گەشتیارانەوە تێیاندا دەرکەوتووە ئەمانەن: بەریتانیا، فەرەنسا، تونس، ئیتالیا، مالیزیا و ئەمریکا. گەشتیارەکان بەزۆری ئەوانەن کە سەردانی وڵاتانی کەنداویان کردووە، یان لەوێوە گەشتیان بەرەو وڵاتانی دیکە کردووە.

دکتۆر ڕزگار داوا لە هاونیشتیمانیان دەکات لەم ماوەیەدا هەتا دەتوانن گەشتەکانیان بۆ وڵاتانی کەنداو سنووردار بکەن، هەتا ئەگەری گواستنەوەی ئەم پەتایە بۆ کوردستان کەم بکەنەوە.

بەڵام وەک ئەو پزیشکە گوتی، تا ئێستا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی داوای قەدەخەکردنی هاتوچۆی نەکردووە بۆ وڵاتانی کەنداو "بۆیە ئێمەش داوامان لە حکومەت نەکردووە ڕێگا لە گەشتی هاووڵاتیان بگرێت".

تا ئێستا نە ڤاکسینێک هەیە ڕێگا لەم نەخۆشییە بگرێت، نە چارەسەرێکی تایبەتیش هەیە بۆ بنەبڕکردنی ئەم پەتایە لە کەسی تووشبوودا. ئەو چارەسەرانەی ئێستا دەدرێن زیاتر بۆ سەرکوتکردنی نیشانەکانی نەخۆشییەکەن وەک پێدانی ئۆکسجین و دەرمانی دژەتا و شلەمەنی.

### خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:

-1 شووشتنی دەست بە ئاو و سابوون بۆ ماوەی 20 چرکە.
-2 لەکاتی کۆکین و پژمیندا، بە کلینیکسێک دەم و لووتت داپۆشە و دواتر فڕێی بدەرە شوێنی تەرخانکراو بۆ زبڵ و پاشەڕۆ.
-3 دەستی نەشۆراو مەدە لە چاو، لووت و دەمت.
-4 ئەو کەسانەی پەتایان هەیە و نەخۆشن، نابێت ماچیان بکەیت، یان تەوقەیان لەگەڵ بکەیت، یان دەفر و کەرەستەی خواردنیان بەکاربهێنیت.
-5 ئەو کەرەستانەی زوو زوو دەستی کەسانی جیاوازیان بەردەکەوێت، زوو زوو خاوێنیان بکەرەوە.
-6 ئەگەر میوانی زۆرت هەبوو ماڵ قەرەباڵخ بوو، پەنجەرەکان بکەوە و ڕێگا بە ئاڵوگۆڕی هەوا بدە.



## ئالیدا گیڤارا، کچی ئەرنێستۆ چێ گیڤارا بۆ (رووداو):

# ئەگەر باوکم بمابایە شەڕی بۆ ئازادیی کوردستانیش دەکرد

ئەلیدا گیڤارا، کچی ئەرنستۆ چێ گیڤارا، شۆڕشگێڕی هەرە ناسراوی سەدەی بیستەمە کە پاش کوشتنی لە 9ی ئۆکتۆبەری 1967 لە پۆلیڤیا، بووە سیمبولێکی جیهانی. ئەلیدا کە وەکو باوکی پزیشکە و ئێستا لە پەیمانگەی چێ گیڤارا بۆ توێژینەوە لە شاری هاڤانای پایتەختی کوبا کاردەکات. لە ماڵەکەی خۆیدا لە هاڤانا پێشوازی لێکردین و دەمێکی درێژ باسی کارکردنی لەو پەیمانگەیە، ژیان و کارەکانی باوکی و رەوشی کوردستانمان لەگەڵ کرد. ئالیدا لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت ئەگەر باوکی لە ژیاندا بمایە وەکو چۆن خەباتی بۆ ئازادیی گەلی کوبا کرد، ئاواش خەباتی بۆ ئازادیی گەلی کورد دەکرد.

هەڤپەیڤین: سەردار عەگید بۆزتەموور
رووداو - هاڤانا

**رووداو: دەتوانن بە کورتی خۆتان بناسێنن؟**

**ئالیدا گیڤارا:** ناوم ئالیدا گیڤارایە. تەمەنم 53 ساڵە و یەکێکم لە پێنج منداڵی ئەرنێستۆ چێ گیڤارا. من پزیشکم و لە هاڤانا دەژیم و لە پەیمانگەی چێ گیڤارا بۆ توێژینەوە کاردەکەم. هەروەها 2 کچیشم هەن.

**رووداو: خوشک و براکانیشت کاری سیاسی دەکەن؟**

**ئالیدا گیڤارا:** هەموو خەڵکی کوبا لەنێو سیاسەتدان. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە تۆ دەبێ ئەندامی پارتێکی سیاسی بیت. خوشک و براکانیشم هەمان رەوش دەیانگرێتەوە.

**رووداو: کاری ئێوە چییە لەو پەیمانگەیە و کەی دامەزراوە؟**

**ئالیدا گیڤارا:** بەڕاستی رێورەسمی کردنەوەی ئەم پەیمانگەیە هێشتا ئەنجام نەدراوە. ماوەی 20 ساڵە ئێمە لەو بەشەدا کاردەکەین. بەڵام هێشتا بە رەسمی رێورەسمی کردنەوەی نەکراوە. دەمانەوێ رێبازەکانی چێ گیڤارا بپارێزین بۆ ئەوەی خەڵک ئاگای لە بیروبۆچوونەکانی بێت، کە چۆن بیری دەکردەوە و چ پێشبینییەکی هەبوو.

**رووداو: کاری سەرەکی پەیمانگاکە چییە؟**

**ئالیدا گیڤارا:** بەداخەوە ئێمە توانای ئابووریمان نییە. ئێمە لەگەڵ دەزگای چاپی کاپیتاڵیست کاردەکەین. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئێمە دەبێ بەرهەم بکڕین و بیخەینە خزمەت بواری بازرگانی. بەرهەمەکان هەروا بۆ هەموو کەسێک بەردەست نین. هەموو بەرهەمەکانی چێ گیڤارا وەکو میراتی نێودەوڵەتی لەلایەن یونسکۆوە پەسەندکراون.

**رووداو: واتە ئێوە کۆمەکی دارایی لە یونسکۆ وەرناگرن؟**

**ئالیدا گیڤارا:** یونسکۆ هەوڵدەدات بەرهەمەکانی چێ گیڤارا بپارێزێت. ئەوجا ئەگەر بمانەوێ کار لەسەر بەرهەمەکانی چێ گیڤارا بکەین، دەبێ کار لەگەڵ یونسکۆ بکەین. بەڵام پارەی یونسکۆ لە بانکەکانی ئەمریکادایە. کێشەکەش ئەوەیە کە لەسەردەمی شۆڕشی کوباوە تاوەکو ئێستا ئەمریکا ئابڵوقەی ئابووری لەسەر کوبا داناوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ناتوانرێت ئەو پارەیە لە کوبا بەکاربهێنرێت، چونکە رێگە بە نەتەوە یەکگرتووەکان نادرێت ئەو کارە بکات.

**رووداو: باوکت بۆ لاوانی جیهان وەکو نموونە و سیمبوڵ بوو. چۆن باسی گەنجان دەکات؟ لاوان دەبێ چۆن رەفتار بکەن؟ چ ئەرکێکی کۆمەڵایەتییان لەسەر شانە؟**

**ئالیدا گیڤارا:** پێوەرێکی دیاریکراو بۆ گەنجان نییە. باوکم لە نووسینەکانیدا داوای لە لاوان دەکرد کە هەرگیز بەدوای بۆچوونی کۆن نەکەون. بەڵکو هەمیشە گەنج و مۆدێرن بمێننەوە. چێ گیڤارا دەیگوت ئەو گەنجەی داهێنەر نەبێت نابێتە دینامیک و ئەوەی دینامیکیش نەبێت وەکو کەسێکی ئاسایی دەمێنێتەوە. دەبێ رێز لە بەساڵاچووان بگیرێت. بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێ بەشداری دانوستاندنەکانی بەساڵاچووان ببن و بەرپرسیاری هەموو شتێکیش وەربگرن. لاوان دەبێ هەمیشە دانوستاندن لەگەڵ دەوروپشتیان بکەن. هەڵبەت پێویستە لاوان لەنێو خۆیاندا بتوانن بۆچوونەکانیان دەرببڕن و داوای روونکردنەوە لە خەڵکی دیکە بکەن. داواکارییەک لە لاوان دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە پێش هەموو شتێک هەستیار و پشتیوانی یەک بن، بەیەکەوە ئامانجەکانیان دیاری بکەن و چالاکانە کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە بکەن، لاوان دەبێ بەپێی ئەم پێوەرە هەمیشە ئامادەبن بۆ راپەڕین.

**رووداو: بۆچی پشتیوانی ئەوروپا بۆ کوبا گرنگە؟**

**ئالیدا گیڤارا:** خۆسێ مارتی، سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووس و شاعیری کوبی دەیگوت ئەوەی ئەمڕۆ پشتیوانی کوبا بکات، واتە پشتیوانی هەمیشەییە. خۆسێ مارتی ئەم قسەیەی لەسەدەی 19هەمدا گوت، ئەوکاتەی کوبا شەڕی بۆ سەربەخۆیی دەکرد. ئەمڕۆ کوبا ئازادترین وڵاتی دونیایە، تاکە وڵاتە بە گەورەترین هێزی جیهان کە ئەمریکایە دەڵێ "نا" و بەردەوامیشی پێدەدات. ئەمە سەربەخۆیی و دەسەڵاتداری بۆ ئێمە هێنا. خەڵک دەتوانن بڵێن کوبا کە بتوانێ ئەو کارە بکات، ئەی ئێمە بۆچی ناتوانین بیکەین. وڵاتێکی بچووکی وەکو کوبا ئەگەر بتوانێ لەگەڵ ئەو دراوسێ بەهێزە سەربەخۆ بمێنێتەوە، ئەوە مانای ئەوەیە کە خۆڕاگری سەردەگرێت و دەتوانێ بەسەرکەوتوویی بەردەوامیش بێت. مەسەلەی گەورەیی و بچووکی نەتەوەکان هیچ لە هاوکێشەکە ناگۆڕێت. ئەوە بڕیاری گەلانە. ئێمە دەژین و دەشڵێین ئەوە شتێکی دروستە. یانیش وەک باوکم دەیگوت "ئێمە دەبێ واقیعی بین و هەموو ئەو شتانەی جێبەجێ نابن، تاقیبکەینەوە".



ئەلیدا گیڤارا لەگەڵ پەیامنێری رووداو لە هاڤانای پایتەختی کوبا

**رووداو: شێوە یان هیچ یادگارییەکت لەگەڵ باوکت بەبیردێتەوە؟**

**ئالیدا گیڤارا:** بەداخەوە زۆر کەم بەبیرم دێت. بەڵام باوکێکی دلۆڤان و خاوەن دڵ و خۆشەویستی بوو. جیهانێک بوو بۆ خۆی.

**رووداو: ئەرنێستۆ چێ گیڤارا جگە لە میسر و فەلەستین کە سەردانی کردوون، هیچ وڵاتێکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەڕابوو؟**

**ئالیدا گیڤارا:** چوو بۆ میسر، هەروەها بۆ بەیروت و فەلەستینیش. کارێکی زۆری بۆ مەسەلەی فەلەستین کرد. باوکم سەردانی سووریا و کوردستانی سووریاشی کردبوو.

> ● باوکم سەردانی کوردستانی سووریای کردبوو
>
> ● داوای سەرکەوتن بۆ گوڵتان کشاناک، سەرۆکی شارەوانی ئامەد دەکەم
>
> ● کوردیش هەمان کێشەی عەرەبیان هەیە و یەکگرتوو نین

**رووداو: سەردانی کام ناوچەی سووریای کردبوو؟**

**ئالیدا گیڤارا:** سەردانی شام و حەلەبی کردبوو. بەپێی نووسراوەکانی ئەو، گەلی کورد میوانپەروەرە و کوردستان وڵاتێکی زۆر خۆشە.

**رووداو: گەلی کورد تاوەکو ئێستاش خەبات بۆ ئازادیی خۆی دەکات. بە مەزەندەی تۆ ئەگەر باوکت لە ژیاندا بمابایە هەڵوێستی لەبارەی مەسەلەی کورد چۆن دەبوو؟**

**ئالیدا گیڤارا:** بەربەستی راستەقینە هەیە. مرۆڤ دەبێ بەیەکەوە بۆ ئامانجە هاوبەشەکان کار بکات. گەلی کورد زۆر پەرتوبڵاو بووە لە تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا. سەرەتا دەبێ پێگەیەک بۆ خۆیان دروست بکەن. دەبێ سنوورێک دابنێن و هەموو پارتەکان داواکارییە هاوبەشەکانیان پێشکەشی ئەو وڵاتانە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەن. ئیسرائیل نموونەیەکی باشە لەم بوارەدا. ئەوان لە سەرانسەری دنیادا پەرت و بڵاو بوون. دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەوڵەتی ئیسرائیل دروستکرا و دەبووایە فەلەستینییەکان بکشێنەوە. پێموایە ئەوە دووبارە دەبێتەوە. بەڵام دەبێ شوێنێکی هاوبەش بدۆزرێتەوە. گەلان مافی ژیانیان هەیە و جیهانیش بەشێوەیەک لە شێوەکان دەرفەتی ژیانیان پێدەدات. ئێمە دەبێ شوێنێک بدۆزینەوە بۆ ژیان. دەبێ بە یەکگرتوویی کاربکەین و لە خاڵە هاوبەشەکان بگەڕێین. ئەوە کێشەی سەرەکی مرۆڤی ئێستایە. کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە ئامانجە واقیعییەکان بەیەکەوە پەیدا ناکەین. هەر کەس بەدوای شتێکەوەیە و دەڵێ ئەوەی ئەو راستترە. ئەگەر یەکێتی نەبێت، ئەو هێزەش پەیدانابێت کە جیهان گوێی لێبگرێت. ئەوەیە ئێمە لە جیهانی ئەمڕۆماندا دەیبینین.

ماوەیەکی کورت لەمەوبەر لە میسر بووم. لەگەڵ کۆمکاری عەرەبی بووم. بەڵام لە راستیدا ناتوانین باسی یەکێتی بکەین. عەرەبەکان ئەگەر یەکێتییان هەبووایە، هەر هیچ نەبێ بۆ رێزگرتن لە فەلەستینییەکان، پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ئیسرائیل دەپچڕاند. کوبا ئەوەی کرد. ئێمە وەکو وڵاتێک کە بە توندترین شێوە ئابڵوقە دراوە بۆ رێزگرتن لە فەلەستینییەکان پەیوەندیمان لەگەڵ ئیسرائیل بڕی.

ئێمە تاکە وڵات بووین لە سەرانسەری جیهان کە ئەو کارەمان بۆ فەلەستین کرد. بۆچی جیهانی عەرەبی ئەوە ناکات؟ ئەم هەڵوێستەیان دژی وشیارکردنەوەیە بۆ یەکێتییەکی راستەقینە. بەڵام ئاگایان لەو مەسەلەیە نییە، چونکە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان لە پێشەوەی ئەو پرەنسیپەیە. خوشک و برا کوردەکانیش هەمان کێشەیان هەیە. کێشەکە ئەوەیە کە دەبێ یەکبگرن، یەکێتی دروستبکەن. سەرەتا دەبێ چوارچێوەیەک بۆ دانوستاندن دروست بکەن لەپێناو ئامانجی هاوبەش.

> ● ئەوەی کوبا بۆ فەلەستینی کرد کۆمکاری عەرەبی نەیتوانی بیکات

**رووداو: ژنی کورد رۆڵی گەورەی هەبووە لە خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورددا. ئێوە کە سەیری مێژوو دەکەن، چۆنی هەڵدەسەنگێنن؟**

**ئالیدا گیڤارا:** پشتیوانی نێونەتەوەیی لە هەموو باوەڕێک بەهێزترە. ئەگەر پشتیوانی نێودەوڵەتی هەبێت، دەکرێ هەموو شت بەدەست بێت. ئەگەر ژنێک خەبات بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بکات، ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەو خەباتە زیاتر کامڵ بووە. ئێمە تەنیا خەبات بۆ بیروبۆچوون ناکەین، بەڵکو بۆ دوارۆژی جیهانیش ئەو خەباتە دەکەین. ئەوەش هێزێکی گەورەمان پێدەبەخشێت. خۆسێ مارتی دەیگوت "ئەگەر ژنیش بەشێوەیەکی چالاک بەشداریت لەگەڵدا بکات، سەردەکەویت".

**رووداو: لە تورکیا ماوەیەک لەمەوبەر هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ئەنجامدرا. پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (بەدەپە)ی کوردی لە زۆر ناوچە ژنی کاندیدکرد، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە مسۆگەر بۆ سەرۆک شارەوانی دەردەچن. قسەتان چییە بۆ ئەو ژنانە؟**

**ئالیدا گیڤارا:** من پیرۆزبایی لە هەموو ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە هەڵبژێردراون. پێش هەمووشیان خوشکە کوردەکانم. دیارە کارێکی زەحمەتیان لەپێشە. لەم جیهانەدا کە پیاوان دەسەڵاتدارن، خۆبەڕێوەبردن زۆر زەحمەتە. من داوای سەرکەوتن بۆ هەر هەموویان دەکەم لە کارەکانیاندا بۆ جیهانێکی یەکسان و ئازاد. وەک دەزانم یەکەمجارە لە مێژووی کوردستاندا ژنێک دەبێتە سەرۆک شارەوانی لە شاری ئامەدی پایتەختی کوردستان. زۆر دڵخۆش بووم بەو هەواڵە و داوای سەرکەوتن بۆ گوڵتان کشاناک و هەموو خوشک و برایانی دیکە دەکەم لە کارەکانیاندا.

**رووداو: ئەگەر ئەمڕۆ باوکتان لە ژیاندا بووایە، پێتانوایە پشتیوانی خەباتی ئازادیخوازی کوردستانی دەکرد؟**

**ئالیدا گیڤارا:** ئەو لە ساڵی 1966 دەیگوت دەبێ گەلان ترسیان لە ئیمپریالیزم نەمێنێ. بنچینەی ئیمپریالیزم لەسەر سەرکوتکردنی ئێمەیە. ئێمە دەبێ لێی نەترسین. ئەگەر باسی ئاشتی بکەین و منداڵێکی نەخۆش بمرێت لەکاتێکدا کە دەرفەتی چارەسەرکردنی هەیە، ئەگەر باسی ئاشتی بکەین و ژنان و بنەماڵەکان خانوویان نەبێت تێیدا بە ئارامی بژین، ئەوکاتە با ئاشتی لە جیهاندا نەبێت. ئێمە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و بە ئاگاهێنانەوەی هەستی بەرپرسیارانەی مرۆڤەکان پێویستە هەموو رێبازێک پەیڕەو بکەین بەخەباتی چەکداریشەوە. پێموایە ئەگەر باوکم لە ژیاندا بووایە، لەگەڵ گەلی کورد دەبوو خەباتیشی بۆ دەکردن. ئەوەی ئەو بۆ ئەرژەنتین و کوبای کرد، بۆ کورد و کوردستانیش بەهەمانشێوە شەڕی دەکرد.

**رووداو: ئێوە خۆتان بە ئەرژەنتینی یان کوبی دەزانن؟**

**ئالیدا گیڤارا:** من هەستدەکەم خەڵکی کوبام. من لێرە لەدایکبووم و لێرەش گەورەبووم. منیش وەکو هەموو ئەو خەڵکەی لە وڵاتێکی بچووکدا گەورەبوون، کێشە و زەحمەتیم بینیوە. ئێمە هەموومان وابەستەی ئەم خاکەین. بەڵام نیشتیمان دەتوانێ لە هەموو ناوچەکانی جیهان بێت. بۆ ئێمەی کوبی هەموو ئەمریکای لاتین نیشتمانمانە.

**رووداو: چ پەیامێکتان هەیە بۆ گەلی کورد؟**

**ئالیدا گیڤارا:** من لە ناخی دڵمەوە لەگەڵتانم لە خەباتی ئێوە بۆ سەربەخۆیی، ئاشتی و ئازادی، هەرچەندە من هەزاران کیلۆمەتر لێتان دووریشم. 60 ساڵ لەمەوبەر باوکم دەیگوت "پێویستە شۆڕشگێڕێک هەبێت کە ئاگاداری هەموو ناحەقییەکانی جیهان بێت و هەست بە ئازاری مرۆڤەکان بکات وەک ئەوەی ئەو ئازار و ناحەقییە لە دژی خۆی بکرێت. سڵاوم هەیە بۆ گەلی شەرەفمەند و تێکۆشەری کوردستان!




ئەلیدا گیڤارا لەگەڵ چێ گیڤارای باوکی و فیدڵ کاسترۆ لە ساڵی 1963



مەجید نیزامەدین گلی*

# سعودیە و گواستنەوەی بەرەی شەڕ لە سووریاوە بۆ عێراق




شەڕی ناڕاستەوخۆی سعودیە و ئێران لە سووریاوە دەگوازرێتەوە عێراق. ئیدی سووریا تاکە گۆڕەپانی سەرەکی شەڕی بەرەی سوننی بە سەرکردایەتی سعودیە و هیلالی شیعی بە سەرکردایەتی ئێران نابێت و عێراق دەبێتە گۆڕەپانی سەرەکیی ئەو ململانێیە.

## سعودیە و هاوپەیمانە سوننەکانی لە سووریا دۆڕان

ئێران و بەشار ئەسەد لە سووریا بردیانەوە. گەورە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەمەیان بە ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی گوتووە. ئەمە تەنیا پروپاگەندەیەکی ئێرانی نییە. هەفتەی ڕابردوو، 1200 شەڕکەری ئۆپۆزیسیۆن بە دەموچاوی پڕ لە خەم و هەستکردن بە دۆڕاندنەوە لە ناو چەند پاسێکدا شاری حومس-یان بۆ هێزەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد بەجێهێشت. شاری حومس کە بە پایتەختی شۆڕش ناسرابوو، هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ماوەی سێ ساڵە بەرگری لێدەکەن، بەڵام دواجار کەوتە دەستی سوپای سووریا. هیچ لایەنێک بەم زووانە لە سووریا بە تەواوی شەڕەکە ناباتەوە، بەڵام ڕاستییە تاڵەکە بۆ سعودیە ئەوەیە کە ڕژێمەکەی ئەسەد زۆر دوورە لە دۆڕاندن. بۆ ڕووخاندنی ئەسەد، سعودیە دەبێ پارە و چەکی زۆر زیاتر بنێرێ.

بەڵام سعودیە ئەمە ناکات و دەیەوێ بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێران شەڕی سووریا هێور بکاتەوە.

هەفتەی ڕابردوو، سعودیە وەزیری دەرەوەی ئێرانی بانگهێشت کردبوو بۆئەوەی لەسەر مەسەلەی سووریا بگەنە ڕێککەوتنێک. ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی گاردیان باسی ئەوە دەکات کە بەرەی سوننی بە سەرکردایەتی سعودیە لە سووریا و لوبنان و بەحرێن ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ ئێران زۆر کەم کردووەتەوە و وەزیری دەرەوەی سعودیە باسی ڕێککەوتنی کردووە لەگەڵ ئێران. ئەمە جاری یەکەم نییە ئێران و سعودیە تەسویاتی ئیقلیمی بکەن. پێش مانگێک حکومەتی لوبنانی پێکهات دوای نزیکەی ساڵێک لە ڕێکنەکەوتنی نێوان لایەنەکان کە هەندێکیان نزیکن لە ئێران و هەندێکیش لە سعودیە. ڕۆژنامەکانی بەریتانیا وای لێکدەدەنەوە کە ئەم ڕێککەوتنە لوبنانیە کەم وێنەیە ڕەنگدانەوەی ڕێککەوتنێکی نهێنی ئێرانی سعودی بێت. دەربارەی سووریاش، سعودیە دەیەوێ بگاتە ڕێککەوتنێکی هاوشێوە لەگەڵ ئێران و "بە سەربەرزییەوە بکشێتەوە".

ئەمە ڕێککەوتنی ئاشتی نییە لە نێوان سعودیە و ئێران، بەڵکو زیاتر گۆڕینی بەرەکانی شەڕی بەوەکالەتە لە شامەوە بۆ عێراق. بەرپرسانی سعودی بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە "ناوچەکە هەڕەشەیەکی گەورەی لەسەرە". لەوەشدا مەبەستیان ئێرانە.

سعودیە ناردنی پارە و چەک بۆ سووریا کەم دەکاتەوە و تواناکانی ڕوو لە عێراق دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ئێرانی.

## ناتۆی عەرەبی

ڕاپۆرتێکی کۆمپانیای ستراتفۆرتی ئەمەریکی لەزاری سەرچاوە هەواڵگرییەکانەوە دەڵێت کە لەم ڕۆژانەدا سەرکردەکانی سعودیە لەگەڵ وڵاتانی کەنداو بە جددی باسیان لە پێکهێنانی " ناتۆی عەرەبی" کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا و بە تایبەتیش لە عێراق. وڵاتانی کەنداو سوپاکانیان ڕێکدەخەن و سنوورەکانیان بەرامبەر ئێران و عێراق تۆکمە دەکەن (چەندێک پێیان دەکرێ بەرامبەر بە ئێران بوەستن ئەوە پرسیارێکی دیکەیە). ئەم ڕاپۆرتە هەواڵگرییە دەربارەی "ناتۆی عەرەبی" لەدوای ئەوە بڵاوبووەوە کە پێش کەمتر لە مانگێک، زیاتر لە 130 هەزار سەربازی سعودی لەگەڵ سوپاکانی وڵاتانی کەنداو و پاکستان گەورەترین مانۆڕی سەربازییان لەمێژووی ناوچەی عەرەبی لە نزیک سنوورەکانی عێراق ئەنجامدا. بەپێی سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی فەرمانڕەوای سعودی، ئەو مانۆڕە "پەیامێک بوو بۆ عێراق و ئێران".

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئیقلیمی کەم وێنە دەڕوات کە لەوانەیە نەخشەی ناوچەکە بگۆڕێت. ڕێکخراوی ستراتفۆری ئەمەریکی کە ڕاپۆرتەکانی هەندێ جار بە هەزاران دۆلار دەفرۆشێت، دەڵێت "وڵاتانی کەنداو مافی خۆیانە ترسیان هەبێ و خۆیان ئامادەبکەن، چونکە ناوچەکە بەهۆی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و سیاسەتی کشانەوەی ئەمەریکا زۆر ناسەقامگیر بووە و ئێران تێیدا بەرەو باڵادەستی دەڕوات".

لە بەرژەوەندی سعودیە و وڵاتانی کەنداوە کە پشتگیرییان بۆ گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سووریا کەم بکەنەوە و لە جیاتی ئەوە پشتگیری لە سوننەکانی عێراق بکەن لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

یەکەم: شەڕی ئەنبار. بەردەوامبوونی شەڕ لە ئەنبار بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکا پەلە بکات لە ناردنی چەکی ستراتیژی وەکو فڕۆکەی جۆری ئێف 16 و زرێپۆشی ئەمەریکی — کە بەتایبەتی بۆ شەڕکردن لە بیابانەکانی وەکو سعودیە دروست کراوە- بۆ حکومەتی عێراق. شەڕی ئەنبار سوپای عێراقی زۆرینە شیعە دەکاتە خاوەنی چەکی ستراتیژی و هەروەها ئەمەریکا و بەغدا نزیکتر دەکاتەوە. ئەمە مەترسیە بۆ سعودیە. سەرکردەکانی ریاز وانەکانی داگیرکردنی کوێت-یان لەبیرناچێ لە ساڵی 1990 کە چۆن (سوپای عێراقی زۆرینە سوننی و هاوپەیمانی سعودیە) لەناکاو هێرشی کردە سەر کوێت و پاشان خودی سعودیەش. ئەگەر ئەمەریکا نەبووایە عێراق لە توانایدا هەبوو سعودیە بگرێ و سەدام حوسێن ئەو هەڕەشەیەی کرد. ئێستا عێراقێکی شیعی هاوپەیمان لەگەڵ ئێران و ئەمەریکا بۆ سعودیە مەترسییەکی زۆر گەورەترە لە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد لە سووریا.

هەروەها بەردەوامبوونی شەڕی داعش و حکومەتی بەغدا ئەگەری گواستنەوەی ئاژاوەی شەڕی تایفی سوننە و شیعەی بۆ ناو سعودیە زیاتر کردووە.

15%ی دانیشتووانی سعودیە شیعەن و لە شارەکانی قەتیف و دەمام و حەسە دەژین کە نزیکی سنوورەکانی عێراقن. تەنیا لە چوار مانگی ڕابردوودا نزیکەی پێنج هەزار کەس لە عێراق کوژراون کە دوو ئەوەندەی ژمارەی سەرجەم کوژراوەکانی ساڵی 2012یە. سووریا گرنگە بۆ سعودیە، بەڵام عێراق نزیکترە و 800 کیلۆمەتر سنووری لەگەڵ ناوچە شیعەنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی سعودیە هەیە.

دووەم: هەڕەشە بۆ سەقامگیریی سعودیە. عەرەبستانی سعودی کە لە ساڵی 2006 و 2007 چەند جارێک هێرشی کرایە سەر لەلایەن ڕێکخراوی قاعیدەوە، ترسی ئەوەی هەیە کە بەهێزبوونی گرووپە توندڕەوەکانی سووریا ببێتە هۆی تێکچوونی ئاسایشی ناوخۆی. مانگی شوباتی ڕابردوو یاداشتنامەیەکی شاهانەی سعودی ڕایگەیاند "هەر کەسێ بچێتە سووریا بۆ جیهاد بە 20 ساڵ زیندانی سزادەدرێت". ڕاستە سعودیە خۆی پشتگیری ڕێکخراوە توندڕەوەکانی سووریا دەکات بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد، بەڵام وا دیارە ئەو پشتگیرییە لەسەر خۆی بشکێتەوە. هەفتەی ڕابردوو، یەکێک لە گەورەترین شانەی گرووپە توندڕەوەکان لە سعودیە گیران. بەگوێرەی سەرچاوە فەرمیەکان، ئەو گرووپە چەک و پارەیان لە سووریاوە هێنابوو بۆ ئەنجامدانی هێرشی گەورە لە دژی سعودیە.

لەبەرئەوە، لە سەرەتاکانی ساڵی 2014وە ڕاپۆرتەکان باس لە کەمکردنەوەی پشتگیری سعودیە دەکەن بۆ گرووپە توندڕەوەکانی چالاک لە سووریا.

سێیەم: کشانەوەی ئەمەریکا و نزیکبوونەوەی لە ئێران. سعودیە و هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا دەبێ پشت بەخۆیان ببەستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ئێران. وەکو لە بابەتێکی پێشوودا ئاماژەم پێداوە، ئیدارەی ئۆباما لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ستراتیجی کشانەوە جێبەجێ دەکات و بۆشاییەکی گەورە لە ناوچەکە بەجێدەهێڵێت. سعودیە ترسی ئەوەی هەیە کە ئێران ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. ئەنجامی کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق باڵادەستیی ئێران بوو. سعودیەکان و وڵاتانی کەنداو دەترسێن کە ئەنجامی ستراتیجی کشانەوەی ئۆباما لە ناوچەکە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێک بێت کە ئێران باڵادەست بێت تێیدا.

بەرەنگاربوونەوەی ئێران بۆ سعودیە شەڕی مان و نەمانە لە کاتێکدا بۆ ئەمەریکا کێشەکە لەگەڵ ئێران تەنیا بەرنامە ئەتۆمیەکەیەتی کە ئەگەر ئێران تۆزێ نەرمی بنوێنێ، ئەوا دوور نییە لەگەڵی بگاتە ڕێککەوتن. لە بەرامبەردا کێشەی سعودیە و وڵاتانی کەنداو زۆر قووڵترە و یەکەم شت لەسەر لیستی کێشەکان، ترسی وڵاتانی کەنداوە لە بڵاوکردنەوەی شیعەگەری لە کۆمەڵگاکانی کەنداودا. سعودیە و ئیسرائیل — دوو هاوپەیمانی سەرەکی ئەمریکا لە ناوچەکەدا — لەئەنجامی دانوستاندنەکانی تایبەت بە پرسی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران دەترسێن کە ئەگەر ئەو نزیکبوونەوەیە لە ئێران ڕووبدات، مانای وایە ئەمەریکا ئێران وەکو هێزێکی ئیقلیمی دەناسێ. ئەگەر ئەمەریکا و ئێران لەسەر کێشەی ئەتۆمی گەیشتنە ڕێککەوتن، دوور نییە بە هەمان شێوە فایلی سووریاش بە دووقۆڵی چارەسەر بکەن. ئەمەش مۆتەکەیە بۆ سعودیە و ئامادەیە هەموو شتێک بکات کە هەژموونی ئێران لە ناوچەی سەوزی بەغدا تێنەپەڕێت بۆ بیابانەکانی حیجاز.

***شرۆڤەکاری نێودەوڵەتی تۆڕی میدیایی ڕووداو و هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی نیویۆرک.**



زانا بەهرام
zana_bahram@yahoo.co.uk

# هەرێمی کوردستان و بەکارهێنانی کارتی نەوت لەگەڵ ئێران

ئەگەرچی هەناردەکردنی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران شتێکی تازە نییە و ماوەی چەندین ساڵە بە شێوەیەکی بەردەوام و بە تانکەر دەگوازرێتەوە، بەڵام لە دوو هەفتەی ڕابردوودا دوای هاتنی وەفدێکی حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان بۆ تاوتوێکردنی ڕاکێشانی دوو بۆڕی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران و دواتر چوونی وەفدێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ ڕێککەوتن لەسەر وردەکارییەکان لەوبارەیەوە، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ دانپێدانانی ئێران بەو سیاسەتە ئابوورییەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەتا لەگەڵ تورکیا پەیڕەوی کرد و ئەوەش بووە هۆی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕووەکانەوە. بۆیە گرتنەبەری هەمان سیاسەتی ئابووری کۆماری ئیسلامیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئاستی پەیوەندییە سیاسییەکان لە نێوان ئەو دوو لایەنە دەباتە قۆناغێکی بەرزتر لەوەی کە تائێستا هەبووە و ڕەنگە پاش ماوەیەکی نزیک بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران قورس بێت سیاسەتێک لە دژی هەرێمی کوردسان پەیڕەو بکات کە زیان بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی بگەیەنێت.

## کاریگەرییە سیاسییەکانی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ ئێران

ئەگەر ڕاکێشانی بۆڕی نەوتی و هۆکارەکانی دیکەی گواستنەوەی سەرچاوە سروشتییەکانی ژێر زەوی لە دنیای ئەمڕۆدا و لە نێوان دەوڵەتاندا شتێکی ئاسایی بێت، بەڵام بۆ ئەمڕۆی واقیعی هەرێمی کوردستان مانایەکی زۆر گەورەتری هەیە کە من لە خوارەوە هەوڵ دەدەم زیاتر ڕوونی بکەمەوە.

ئەوە یەکەمین جارە لە مێژووی کوردستاندا وڵاتانی داگیرکەری خاکەکەی بکەونە مامەڵەیەکی ئابووریی گەورە کە چارەنووسی نەتەوەی کوردی لەسەر بەند بێت. مامەڵەیەکی ڕاستەوخۆش لەگەڵ کوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری ناوەند (بەغدا) لەکاتێکدا ئەوان باش لەوە تێدەگەن سەربەخۆیی ئابووری بۆ کورد مانای چییە و چۆن کوردستان بەرەو ئایندەیەکی گەشتر دەبات و دەبێتە هۆکارێکی بەهێزیش بۆ باوەڕبەخۆبوونی زیاتر لە ڕووی سیاسیەوە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان و سەرکردە سیاسیەکەی. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا بۆ دەبێت وڵاتانێکی وەک تورکیا و ئێران کە خۆیان گیرۆدەی کێشەی کوردن و باشیش لەوە تێبگەن کە سەربەخۆیی ئابووری بۆ هەر پارچەیەکی کوردستان ڕەنگە لە داهاتوودا داواکاری کوردی ئەو دوو بەشەی دیکەی کوردستانیشی بەدوادا بێت، کەچی ئامادەن لەگەڵ بەشێکی دیکەی کوردستان مامەڵەیەکی ئابووریی ئاوا گەورە بکەن و گوێ نەدەنە دەرئەنجامەکانی؟

بەبڕوای من ئەو وڵاتانە ئیتر ناتوانن دان بە ڕاستییەکدا نەنێن کە وڵاتێکی دیکە هەیە لە نێوان ئەوان و عێراق ناوی (کوردستان)ە، ئەو کوردستانەی کە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی سروشتی و نزیکترین شوێنیشە لەوانەوە، ئەو کوردستانەی کە سەرکردایەتیەکەی لێناگەڕێ چیتر سەروەت و سامانی وڵاتەکەی بەبەرچاوی ئەوانەوە لە خەڵکانێکی دیکە بکڕدرێت و دواتر بە چەک بدرێت لە دژی کورد. ئەو کوردستانەی کە توانی بەرگەی هەموو هەڕەشە و فشارەکانی بەغدا بگرێت و قەناعەت بە گەورەترین کۆمپانیاکانی نەوتی دنیا بکات و بیانهێنێتە نێو پرۆسەی گەڕان و پشکنین و دەرهێنانی نەوت. بۆیە بە بڕوای من ئیتر وڵاتانی دەوروبەر ناتوانن لەوە زیاتر تەماشاوان بن لەودیوی سنوورەوە، لە کاتێکدا خۆیان زۆر پێویستیان بەو زێڕە ڕەشەی ژێرزەمینی کوردستان هەیە.

## نەوت بەرامبەر دانپێدانان

ئەگەر مامەڵەی ڕاستەوخۆی ئابووری وڵاتانی وەک ئێران و تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دانپێدانانێکی ناڕاستەوخۆ بێت بەو کیانە سیاسیە و سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوا بە دیوێکی دیکەدا یارییەکە کە ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزە ناتوانن لەنیوەی یارییەکە بەجێی بهێڵن. بۆیە بە بڕوای من ئەگەر تا ئێستا پەیوەندی ئێران لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردەی حیزبەکان لە کوردستان لە ڕێگەی بەرپرسانی سوپای پاسداران و قەرارگاکان بووبێت و پەیوەندییە ئابوورییەکەشی لە ڕێگەی تانکەرەوە بووبێت (کە هەردووکیان ناڕوون بوون لەلای خەڵک)، ئیدی لەمەودوا پەیوەندییە سیاسییەکان لە نێوان هەولێر و تاران دەبێت و پەیوەندییە ئابوورییەکانیش بە عەدادی بۆڕییە نەوتیەکان دەپێورێن.


ناردنی نەوتی خاو بۆ ئێران بە بۆڕی و هێنانی غاز لەوێوە بۆ کوردستان، ئیتر وەڵامی پرسیار و گومانی زۆر لە خەڵک دەداتەوە و پێمواپە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەمەودوا بەوە تۆمەتبار ناکرێت کە نەوت بە قاچاخ دەفرۆشێت بە ئێران و وڵاتانی دیکەی هاوسنووری ئێران. بۆیە دەکرێت لەمەودوا داهات و حسابی هەموو ئەو بڕە نەوت و گاز و سەرچاوەکانی دیکەی سروشتی شەفاف بن بۆ ناوەندەکانی ڕۆژنامەوانی و حیزبەکانی دیکەی کوردستان.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا مەلەفی نەوت و پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا ببووە کەرەستەی بەردەستی لایەنە سیاسییەکان و ناوەندە ڕۆژنامەوانیەکانی هەرێمی کوردستان و هەر کاتێک بیانویستبایە لەدژی حکومەت دەیانخستەگەڕ، بەڵام پێموایە بۆ لەمەودوا و بەهۆی ڕاکێشانی بۆڕی نەوت بۆ ئێران، چیتر بەکارهێنانی ئەو کارتە پوولێکی قەڵب ناهێنێ لەلای خەڵک، چونکە ئەوان دەبێت لەمەودوا باش فامی ئەوە بکەن کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا سەرئەنجام بووە هۆی ئەوەی ئێرانیش ئامادە بێت پەیوەندیەکانی بباتە ئاستێکی باڵاتر لەگەڵ هەرێمی کوردستان. ڕاکێشانی دوو بۆڕی نەوت لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری بەغدا، هیچی کەمتر نییە لەوەی کە لەگەڵ تورکیا کراوە. بۆیە بە بڕوای من ئەوە وەرگرتنەوەی ئەو کارتە دەبێت لە دەستی ئەو حیزب و لایەنانەی تا ئێستا نان و پیازێکی زۆریان پێوە خواردووە.

بێگومان ئێران وڵاتێکی گرینگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو کاریگەری و باڵادەستی بەسەر چەندان دەوڵەتیشەوە هەیە لە ناوچەکەدا لە ناویاندا عێراق. بۆیە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و کوردستان گرینگی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر ئاستی ناوچەکە:

هەم بەتاڵکردنەوەی ئەو بۆچوونەیە کە پێیانوابوو هەرێمی کوردستان بە تەواوی چووەتە بەرەی تورکیا و سوننە لە ناوچەکەدا و پشتی لە وڵاتێکی گرینگی وەک ئێران کردووە. هەمیش وەڵامێکە بۆ ئەوانەی کە پێیانوابوو ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانە پێشێلی دەستووری عێراق دەکات و بێ گوێدانە بەغدا نەوت دەفرۆشێ .. ئاخۆ وڵاتێکی وەک ئێران کە بە باوکی سیاسی حکومەتی ئێستای عێراق دادەنرێت و هیچ کاتێک ئامادە نییە پشتی بەربدات، ئەگەر بیزانیبایە هەرێمی کوردستان مافی ئەو جۆرە مامەڵەیەی نییە و ئەوە پێچەوانەی دەستووری عێراقە، چۆن وەها ریسکێک دەکات و دەبێتە هاوبەشی ئەو سیاسەتە ئابوورییەی کە حکومەتی هەرێم پەیڕەوی دەکات؟ بۆیە پێموایە ئیتر لەمەودوا دەسەڵاتدارانی بەغداش ناچار دەبن ملکەچی ئەو سیاسەتە ئابوورییەی هەرێمی کوردستان بن و واز لە گوشارەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بهێنن.

بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران جگە لەوەی سوودی ئابووری بەهەردوولا دەگەیەنێت، لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆکارێکی بەهێزیش بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی سیاسی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان هەردوولادا کە خۆی لە سیاسەتدا بەرژەوەندی ئابووری گرینگترین فاکتەرە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی سیاسی. ئەو پشتیوانیە سیاسیەش لە ناوچەکەدا بۆ حکومەتی هەرێم لە کاتێکی ئاوا گرینگ و لەلایەن وڵاتێکی وەک ئێرانەوە کە سەرکردایەتی خەتی شیعی دەکات لە ناوچەکەدا، ئەوە گرینگیەکی زۆری سیاسی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان. بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیتر بەدوای دۆستی زیاتر لە وڵاتانی ناوچەکەدا بگەڕێت و هێندە پشت بە ئەوروپا و ئەمەریکا نەبەستێ، بەتایبەتی کە ئێمە ئەزموونمان لەگەڵیان زۆرەو بینیمان چۆن لە ڕابردوودا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیان لەگەڵ سەدام، پشتیان لە کورد کرد و بە تەنیا بەجێیانهێشتین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# قۆناغی سەختی بەردەم گۆڕان و پارتی

ساختاری سیاسیی کوردستان روو لە گۆڕانە، بزووتنەوەی گۆڕان ئەگەر هیچ شتێکی لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا نەگۆڕیبێت، فەزڵی مێژوویی ئەوەی هەیە کە کۆتایی بە ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هێنا و وا وردە وردە ڕۆڵەکان دەگۆڕێن. حیزبەکان شکڵ و سیما دەگۆڕن. ئەوانە هەمووی بەرهەمی وجودی گۆڕان بوو لە گۆڕەپانی سیاسیدا. لە قۆناغی رابردوودا ئۆپۆزیسیۆنێکی کارای ئەوتۆی هێنایە کایەوە کە توانی دەسەڵات وەخۆ بێنێتەوە و لە زۆر وێستگەی گرنگدا ستۆپی پێکرد.

ئەمڕۆ کە سەیری دانیشتنەکانی پەرلەمان و موناقەشەکان دەکەی، هەست پێدەکەی چۆن ئۆپۆزیسیۆنی رابردوو، بووە بە بەشێکی کارای دەسەڵات و نیوەی دەسەڵاتەکەی پێشووش لە نێوان ئێستا و رابردووی خۆیدا گیری خواردووە. نە دەتوانێ ببێ بە ئۆپۆزیسیۆن و نە قەبووڵی قورسایی خۆی لەناو سندووقەکانی دەنگدان دەکات. هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گورزێکی دیکەشی لە ڕێککەوتننامەی ستراتیژی دا، بەوپێیەی کە ئیتر جێگری سەرۆکی حکومەتی لە پۆستێکی هاوتای سەرۆکی حکومەتەوە هێنایە خوار و ئەو هاوسەنگییەی نەهێشت. بەڵام لەگەڵ درێژەکێشانی دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەوڵی دۆزینەوەی فۆرمۆلی جیاجیا دەدەن، وەک دروستکردنی پۆستێکی ئەمنی کە هاوتای وەزارەتێک بێت، یان زیادکردنی دەسەڵاتی ئەم و ئەو! ئەوانە جیا لەوەی نیشانەی ناسەقامگیریی باری ناوخۆی یەکێتییە، لەلایەکیشەوە ئاستەنگی جددین کە بە ئەنقەست هەوڵی فەشەلپێهێنانی پرۆسەکەیان پێدەدرێت.

یەکێتی قەت لەوباوەڕەدا نەبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان گۆڕان و پارتی بتوانن ڕێککەوتنی لەو چەشنە ئیمزا بکەن و سەرباری هەموو ئەو گوشارانەی (بە تایبەت ئێران) لە پارتی دەکرد، پارتی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە گۆڕان دەبێ ئیستیحقاقی خۆی لەو حکومەتەدا پێ ببرێت. لە بەرامبەردا گۆڕانیش لەچەند مانگی رابردوودا لە ژێر هەمان گوشاری ئێراندا بووە کە سەنگەری بەرامبەر پارتی چۆڵ نەکات، بەڵام ئەوەی لە چەند ڕۆژی رابردوودا بینیمان نێوانی گۆڕان و پارتی تەنها ڕێککەوتنێکی ئاسایی نییە بۆ پێکهێنانی حکومەت. دەرکردنی بەیاننامەی هاوبەشیان سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە سلێمانی، مانگرتنی پەرلەمانتارانیان بە یەکەوە، سەردانی ڕۆژانی رابردووی نەوشیروان مستەفا بۆلای بارزانی و دواتر روانگای هاوبەشیان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق و بەجۆرێک قەبوڵکردنی مەرجەعیەتی سیاسیی بارزانی لە کوردستاندا، ئەوە دەگەیەنێ کە دیدگای گۆڕان و پارتی بۆ هەنگاوەکانی داهاتوویان ڕەهەندێکی ستراتیژیی هەیە کە تەنانەت خۆی لەشەراکەتیشدا دەبینێتەوە.

بۆیە یەکێتی هەست دەکات پارتی بە ڕێککەوتن لەگەڵ گۆڕان کودەتای بەسەردا کردووە و قووڵایی ئەو کارەساتەش ئەو ڕۆژە دەبێ کە پارتی لەگەڵ گۆڕان و هێزەکانی دیکە ڕێکبکەون و حوکمی خۆجێیی ئیدارەی سلێمانیش لەدەستی یەکێتی دەربێنن. لە بەرامبەردا یەکێتیش سەرباری هەموو ناکۆکییە ناوخۆییەکانی، پۆتانسیەلێکی وای تێدایە کە دەتوانێ بە ئاسانی بارودۆخی کوردستان بباتەوە ڕۆژانی سەردەمی دوو ئیدارەیی. سەرکردە سەربازییەکانی یەکێتی ئەمڕۆ لە هەمووان زیاتر جێگەی ڕێز و تەقدیری ئاڵقەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەو حیزبەن. میحوەری ئێران لە ناوچەکەدا ئەگەر لە بەغدا تووشی شکست بێت، ئەوا جموجوڵەکانی خۆی بۆ هەموو ئاستێک دەگوازێتەوە. کە سەرەتاکانیشی بە هەڵزۆقینەوەی PKK و پارتی دەستپێکردووە و لەوێش ناوەستێ.

گۆڕان و پارتی ئەگەر مامەڵەیەکی سیاسیانەی تەندروست لەگەڵ ئەو تابلۆ نوێیە سیاسییەی کە لە کوردستان دروست بووە نەکەن و بیانەوێ یەکێتی بە شێوەیەکی دراماتیکی برووخێنن، ئەوا نە یەکێتی و نە ئێرانیش ئاوا دەست لەسەر دەست دانانێن و ئەوکاتەش کار لەکار ترازاوە و کۆنترۆڵی وەزعەکە ئەستەم دەبێت.



قەرەنی قادری

# هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان

کۆماریئیسلامیلە"پەیوەندی"یەکانی دەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەسەر دوو بنەمای "هەڕەشە" و دیاریکردنی "مەرج"، سیاسەتەکانی بەڕێوە دەبات. هەر بەپێی ئەم دوو چەمکەش، سیاسەتی دەستتێوەردان لە کاروباری ئەو وڵاتانەدا جێبەجێ دەکات. چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا لە ماڵپەڕی کۆنسوڵگەریی کۆماری ئیسلامی لە سلێمانی، بابەتێک لەژێر ناوی "چاوخشاندنێک بەسەر پەیوەندییەکانی ئێران دەگەڵ حکومەتی خۆجێیی هەرێمی کوردستانی عێراق" بڵاوکرایەوە کە ناواخنەکەی پڕە لە هەڕەشە و، هاوکاتیش سەرجەم سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی ئاشکرا کرد.

دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق هەر لە سەرەتادا لەژێر ناوی "سەقامگیرکردنی ئاشتی، ئاسایش و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق" بووە. تاران هەر لە روانگەی "پاراستنی بەرژەوەندی"یەکانی لە عێراقدا، سەیری هەرێمی کوردستانیشی کردووە. هەر لەو گۆشە نیگایەوەیە کە سەرکۆنسوڵی ئێران لە سلێمانی باس لە داهاتووی "پەیوەندی"ی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکات: "بە باوەڕی ئێران ئەگەر چالاکیی کوردەکان بۆ زیاتربوونی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناوی بوار خۆشکردن بۆ ئۆتۆنۆمیی تەواو و دوایی سەربەخۆیی لە عێراق لێک بدرێتەوە، ئاکامەکەی ئەوە دەبێت کە پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران بەرەو ساردبوونەوە هەنگاو دەنێت، بەڵام ئەگەر هەوڵی کوردەکان بۆ زیاتربوونی دەسەڵاتیان هاوکات بێت دەگەڵ بەشداریی کارایان لە دەوڵەتی ناوەندیی عێراقدا و ببێتە هۆی بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی عێراق، ئەوە یارمەتی بە باشتربوونی پەیوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ کوردە عێراقییەکاندا دەکات".

ئەم "بۆچوون"ە نە تەنیا هێڵی سیاسیی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا کرد، بەڵکو چەشنە وڵامدانەوەیەکە بە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ماوەیەک بەر لە ئێستا باسی پێداچوونەوەی کرد بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڵ بەغدا و بەچەشنێک باسی لەوە کرد کە ئەگەر وەکو شەریکی راستەقینە لە حوکمڕانیدا سەیری کورد نەکرێت، ئێمە ڕێگەیەکی تر دەگرینە بەر. هاوکاتیش چەشنە وریاییدانێکە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق "پرکێش"ی نەکات و کێشە بۆ مالیکی نەنێتەوە.

باسێکی تریش کە سەرکۆنسوڵی کۆماری ئیسلامی هێناویەتە گۆڕێ، بوونی بنکەی سەرکردایەتی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە هەرێمی کوردستان. ڕێک لێرەشدا هەر بە زمانی هەڕەشەوە دەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدوێت و "داوا" دەکات کە بەر بە "چالاکی"ی ئەوان بگرێت، ئەگەر پێچەوانەکەی رووبدات، پەیوەندییەکان بە چەشنێکی دیکە دەبن. دەرخەری سیاسەتی ئاشکرای ئێران تەنیا بەوەندە کۆتایی بە باسەکەی ناهێنێت، بەڵکو ئەو سیاسەتەش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات کە "کردەوەی هەندێک کەسی توندئاژۆ بۆ پێکهێنانی بەناو وڵاتی سەربەخۆی کوردستانی گەورە بابەتێکی نالەباری دیکەیە لە پەیوەندییە دوولایەنەکەدا". ئەم "پەیام"ە تەنانەت لە بوونی (تاک)یش لە هەرێمی کوردستان دەترسێت کە باس لە کوردستانی گەورە بکات. کاکڵی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان "دەبێ" بە گوێرەی "بەرژەوەندی"یەکانی کۆماری ئیسلامی ناو ماڵی خۆی ڕێکبخات!

درێژەی باسەکە، سنووری هەڕەشەش دەبەزێنێ و روو لە سڕینەوەی مێژووی کوردیش دەکات. "ئەوان بە دنەدانی هەستی خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئاواتی بێ بنەما وەکو نەتەوەی کورد و دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دێننە گۆڕێ". تەنانەت کاتێک باس کە کۆماری کوردستان (1946-1947) دەکات، بە کۆمارێکی "ساختە" ناوی دەبات کە هەوڵی دا نەتەوەسازی، زمانسازی و مێژوو بۆ خۆی پێکبێنێ، هەروەها زمانی کوردییش بە دیالێکتێک لە زمانە ئێرانییەکان ناو دەبات کە بارگاوییە بە دەستەواژەی عەرەبی، تورکی، فارسی. سەرکۆنسوڵی ئێران هێشتا نازانێت یان ناخوازێت بزانێت کە لە دەستووری نوێی عێراق و لە ماددەی چوارەمدا هاتووە: یەکەم: زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا ...) وێدەچێت گەشەی سیاسی، ئابووری و دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان، کۆماری ئیسلامیی تەنگاو کردبێت کە دەست بخاتە ناو بەڵگە ڕەسمییەکانی عێراقەوە.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی بۆچوونی پانئێرانیزم و شۆڤێنیزم، نەتەوەی کورد بە "قەوم" ناو دەبات و هەوڵی "سڕینەوە"ی مێژووی نەتەوەی کورد دەدات. دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان بەشێکە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی. ئەوەی کە سەرکۆنسوڵی ئێران بە ئاشکرا باسی لێوە دەکات، سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە و شک لەوەشدا نییە، بەڵام ئەمجارەیان پەردەکان لادران و بە زمانێکی پڕ لە هەڕەشەوە "ئاڕاستە"ی سیاسی بۆ هەرێمی کوردستان دیاری دەکات کە "دەبێ" چی بکات. گومان لەوەشدا نییە کە پێکهاتەی داهاتووی حکومەتی عێراق، کۆماری ئیسلامی زیاتر نیگەران کردووە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە هەولێر هیچ سیاسەت و میکانیزمێکی ئاشکرای نییە لە بەرانبەر دەستتێوەردان و هەڕەشە بەردەوامەکانی تاران بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان.



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# ئایا یەکێتی دەبێتە CHPی کوردستان؟

یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، یەکێکە لە پارتە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستان و خاوەنی مێژوویەکی درێژی خەباتی شاخە. هاوکات پشکێکی گەورەی هەیە لە ئازادکردنی ئەم بەشە لە خاکی کوردستان و دواجار پێکهێنانی یەکەم کیانی سیاسی کوردی لە مێژووی هاوچەرخدا. دەبێت چی بێت وا لەم پارتە بکات خاڵی هاوبەشی هەبێت لەگەڵ پارتی گەلی کۆماریی تورکیا CHP؟ هەرچەندە ئەم دوو پارتە لەڕووی شێواز و گۆڕەپانی کارکردنەوە دوورن لە یەک، بەڵام پێشهاتە نوێیەکانی کوردستان لێکچوونێکی سەرنجڕاکێشیان دروستکردووە لە نێوانیاندا. بەدەر لەوەی یەکێتی و جەهەپە هەردوو ئەندامی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالن، پێگەی نوێی یەکێتی دوای جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا و دابەزینی ڕێژەی دەنگەکانی بۆ نزیکەی نیوەی دەنگەکانی پێشووی خۆی، لێکچوونێکی دروستکردووە لە نێوان مێژووی جەهەپە و ئایندەی یەکێتی. وەرن با پێکەوە شرۆڤەیەک بکەین بۆ "یەکێتی نوێ" وەک جەهەپەی ئایندەی کوردستان.

پێش هەموو شتێک دەمەوێت تێرمی "یەکێتی نوێ" شیبکەمەوە. دوای جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا کەلێنێکی گەورە لەناو یەکێتی دروست بوو کە ئەمە بە روونی ڕەنگیدایەوە لە ڕێژەی دەنگەکانی ئەو پارتە لە هەڵبژاردنە یەک لەدوای یەکەکان لە 25ی تەممووزی 2009 وە هەتا 30ی نیسانی ئەمساڵ. ئەمە یەکەم قۆناغی دروستبوونی "یەکێتی نوێ" بوو کە ڕێژەیەکی زۆری لایەنگرانی لەدەستچوو. قۆناغی دووەمیش لەگەڵ دوورکەوتنەوەی جەلال تاڵەبانی لە گۆڕەپانی سیاسی بەهۆی باری تەندروستییەوە دەستیپێکرد، لە 17ی کانوونی یەکەمی 2012 کە تا ئێستاش بەردەوامە. یەکێک لە دەرهاویشتەکانی غیابی تاڵەبانی بریتی بوو لە نەمانی مەرجەعی بڕیار لەو پارتەدا. بە کورتی لە 5 ساڵی رابردوودا دوو سەرکردە بەهێزەکەی یەکێتی ئەو پارتەیان بەجێهێشت، نەوشیروان مستەفا بە ویستی خۆی و جەلال تاڵەبانی بەهۆی باری تەندروستییەوە. غیابی ئەم دوو سەرکردەیەش دوو ئەنجامی زەقیان لەگەڵ خۆ هێنا، یەکەمیان: یەکێتی بووە پارتێکی لاواز لەڕووی پشتگیری جەماوەرییەوە (بە بەراورد لەگەڵ رابردووی خۆی). دووەمیان: بڕیاردان بووە مۆتەکەی ئەو پارتە و را جیاوازەکانی نێوان سەرکردەکانی بووە هۆی ئەوەی نەتوانن لەسەر هیچ پرسێکی پەیوەندیدار بە ئایندەی یەکێتی و کوردستان بڕیار بدەن. لە راستیدا ئەم دوو دەرهاویشتەیە پێناسەی "یەکێتی نوێ"ن.

راستە "یەکێتی نوێ" بە بەراورد لەگەڵ رابردووی خۆی لاوازترە، بەڵام هێشتا لایەنێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ پرسە گرنگەکانی وڵات. ئەوەتا هەموو دەبینین رازینەبوونی ئەو پارتە چەند مانگە بووە بە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێ. ئەم تایبەتمەندییەی یەکێتی، کلیلی تێگەیشتنە لە خاڵە هاوبەشەکانی "یەکێتی نوێ" و پارتی گەلی کۆماریی تورکیا.

پارتی گەلی کۆماری هاوشێوەی یەکێتی نیشتیمانی پشکی شێری هەیە لە جەنگی ڕزگاریی وڵاتەکەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی کۆماری تورکیا. ئەم تایبەتمەندییە بووە هۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر جەهەپە پارتی سەرەکی تورکیا بێت. بەڵام لەگەڵ کۆچی دوایی مستەفا کەمال ئەتاتورک لە 10ی تشرینی دووەمی 1938 کە دامەزرێنەری ئەو پارتە بوو، هێدی هێدی جەهەپە هێزی خۆی لەدەستدا، هەرچەندە عیسمەت ئینۆنو توانی بۆ ماوەی 12 ساڵ ئەو پارتە وەک گەورەترین هێزی تورکیا بهێڵێتەوە. هەڵبژاردنەکانی 24ی ئایاری 1950 بە فەرمی کۆتایی بە دەسەڵاتی جەهەپە لە تورکیا هێنا و پارتی دیموکرات بە مسۆگەرکردنی 53%ی دەنگەکان بووە بەهێزترین پارتی تورکیا. دوای ئەم مێژووە پارتی گەلی کۆماری بووە پارتی پارێزگاری ستاتوکۆ. راستە لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ تەنها بۆ 3 خولی 4 ساڵی توانیویەتی بێتەوە سەر دەسەڵات، بەڵام بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە ئۆپۆزیسیۆن یان پارتی قەدەغەکراو بووە، توانای خۆی لەدەست نەداوە بۆ پارێزگاریکردن لەو ستاتوکۆیەی لە سەرەتای پێکهێنانی کۆماری تورکیاوە کردوویەتی بە یاسای نەگۆڕی ئەو وڵاتە. هەتا ئێستاش راستە جەهەپە بەشێک نییە لە دەسەڵات، بەڵام ئایدیۆلۆژیای ئەو پارتە سیستم و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات دیاری دەکات. بەواتایەکی دیکە، لە تورکیا هەڵبژاردنەکان بڕیاردەدەن "کێ" وڵات بەڕێوە دەبات، بەڵام پارتی گەلی کۆماری بڕیاری داوە "چۆن" وڵات بەڕێوە دەڕوات. یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش، تەنانەت ئەگەر پارتی سێیەمیش بێت، پارێزگاری لەو ستاتوکۆیە دەکات کە لە ڕاپەڕینەکەی 1991ەوە دروستی کردووە و لایەنی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئەوەی "کەی" و "چۆن" کابینەی هەشتەم پێکدەهێنرێت.

خاڵێکی دیکەی هاوبەشی نێوان پارتی گەلی کۆماری و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، را جیاوازەکان و ململانێ ناوخۆییە لەبن نەهاتووەکانی ناو هەردوو پارتن. بوونی رای جیاواز لەناو پارتێکدا شتێکی ئاساییە، بەڵام کاتێک ئەو جیاوازی بۆچوونە بووە هۆی ئەوەی پارتەکە نەتوانێت بڕیاربدات و سیاسەتێکی یەکگرتووی هەبێت، ئەوکات دۆخی نائاسایی دەستپێدەکات. هەتا ئێستا جەهەپە کۆنگرەیەکی نەکردووە بەبێ شەڕ و دەمەقاڵە و ململانێ. هاوشێوەی ئەمە، یەکێتیش بەهۆی تەکەتولات و برینی گانگرینیی نێوان کوتلەکان ناتوانێت کۆنگرە سازبکات. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە وەسفی پارتی گەلی کۆماریدا دەڵێت "کۆمەڵێک خەڵکن کە لە بەرزترین ئاستدا نەفرەت لە یەک دەکەن، جاروبار کۆدەبنەوە و شەڕ دەکەن لە نێوان خۆیان". ئەم پێناسەیە بەم توندییەوە، ئەمڕۆ بۆ وەسفی یەکێتی ناگونجێت، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ دووبەرەکی و فراوانبوونی ململانێی ناوخۆیی، ئەو پارتە بەرەو ئەو چارەنووسە دەبات.

ئەگەر "یەکێتی نوێ" لە ماوەی ئەم 5 ساڵەی رابردوودا چۆن هێناویەتی بەو جۆرە بەردەوام بێت، ئەوا گومانی تێدا نییە کە دەبێت بە نموونەی جەهەپە لە کوردستان. بەڵام بێگومان تەنها هەوڵ بۆ پارێزگاریکردن لە ستاتوکۆ بەس نابێت بۆ یەکێتی. بەڵکو پێویستە بە جددی بیر لە هەستانەوەی ڕاستەقینەی خۆی بکاتەوە، چونکە ڕەنگە ئاتمۆسفێری سیاسیی کوردستان بۆ پارێزگاریی ستاتوکۆ، هێندەی ئەوەی تورکیا ئاسان نەبێت. قۆناغێکی ئاڵتوونی هەیە لە مێژووی جەهەپە کە بە پرۆسەی هەستانەوەی جەهەپە ناودەبرێت، یەکێتی دەتوانێت سوود لەو ئەزموونە وەربگرێت. قۆناغی هەستانەوەی جەهەپە لە ساڵی 1972 لەگەڵ بولانت ئەجەوید دەستپێدەکات. ئەجەوید کەسایەتییەکی خاکی بوو کە هێزەکەی لەناو خەڵکەوە هەڵقوڵابوو، توانی جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنەکانی 1973 و 1977 پارتی گەلی کۆماری بگەیەنێتەوە دەسەڵات. شرۆڤەکارانی سیاسەتی تورکیا هەمیشە ئەجەوید بە "خوێنێکی نوێ" بۆ جەهەپە ناو دەبەن. جا ئەگەر "یەکێتی نوێ"ش بتوانێت بە "خوێنێکی نوێ"وە بێتەوە سەر گۆڕەپانی سیاسی، ئەوا چانسی ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی زێڕینی خۆی، گەرنا ئەوا ڕۆژ بە ڕۆژ نزیکتر دەبێتەوە لەو پێناسەیەی ئەردۆغان بۆ CHPی دەکات.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# حیزبی ژمارە

لە نێوان حیزبەکانی کوردستاندا لەگەڵ بوونی هەندێک جیاوازی، بەڵام دواجار هەموویان شەڕی ژمارە دەکەن. لە ڕێی زۆری و کەمیی ژمارەکانیشەوە هەموویان شەڕی سەپاندنی دەسەڵات دەکەن.

جا لەبەر ئەوەی "هەموو" حیزبە کوردستانییەکان چارەنووسی خۆیان داوەتە دەست ژمارە، بۆیە دەبینیت ژمارەکانیش ڕەحم بەکەسیان ناکەن و هەر جارە و ملی دانەیەکیان دەشکێنن.

بێگومان من لەوە تێدەگەم حیزب لەسیستمی دیموکراتیدا بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر و بەڕێوەبردنی دەسەڵات دروستبووە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕوانین و قسەلەسەرکردنمە، ئەوەیە کە ئایا "هەموو" حیزبەکانی کوردستان هەر دەبێت شەڕی ژمارە بکەن؟

لەکوردستان حیزبی بچووک و گەورە، حیزبی شاخ و شار، حیزبی ئیسلامی و (عەلمانی)، هەموویان نەک هەر بەژمارە خۆیان دەپێون، بەڵکو هەمووشیان هەر بۆ یەکەمی و دووەمی دەجەنگن و بانگەشە دەکەن.

بە بۆچوونی من گرنگە حیزب پێگەی خۆی بزانێت، گرنگە ستراتیژی خۆی دیاری کردبێت و بەپێی ئەو ستراتیژە هەنگاو بنێت و بۆ ئەوە بکۆشێت، گرنگە حیزب بزانێت لەم قۆناغەدا دەیەوێت چی بکات و قۆناغی دواتر دەیەوێت چی بکات.

مەرج نییە هەموو حیزبێک هەمیشە بردنەوە و کۆکردنەوەی ژمارە بکاتە ئامانج، کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگ ئەگەر بۆ حیزبێک ئامانج بێت، دەشێ بۆ حیزبێکی دیکە ئامانج نەبێت لە قۆناغێکی دیاریکراودا.

لەباتی شەڕی ژمارە، لەباتی ململانێی چەندایەتی، دەکرێت حیزبێک شەڕی کوالێتی بکات. دەکرێت نموونە و جۆرایەتی پێشکەش بکات، ئەم حیزبە دەشێت هەندێک لە دەنگ و بڕێک لە ژمارەش بکات بە قوربانی جۆرایەتی و کوالێتیەکی باش.

ئێمە لە کوردستان ئەو حیزبەی کە دەیەوێت چاکی بکات، هەر بەنەفەس و ئارەزووی ئەو حیزبەوە کامپین دەکات کە دەیەوێت بیگۆڕێت. ئەوەی چاکی دەکات ئێرەیی بەوە دەبات کە دەیەوێت بیگۆڕێت!

لەم قۆناغەدا و لەکوردستان قەدەری حیزبێک گۆڕینی دەسەڵاتە، دەستاودەستپێکردنی دەسەڵاتە، ئەم قەدەرە وەزیفە و ئیشکردنێکی دەوێت جیاوازە لە وەزیفە و ئیشکردنی ئەو حیزبەی قەدەری ئەو گۆڕینی دەسەڵات و دەستاودەستپێکردنی دەسەڵات نییە.

هەموو حیزبێک دەبێت پێگەو سپەیسی ئیشکردنی خۆی باش بزانێت و دیاری بکات و قۆناغبەندی خۆی لە ساحەی سیاسیدا ببینێت، لەسەر ئەم بنەمایە هەنگاو بنێت و هەوادار و کادیرەکانیشی بۆ ئەوە تەیار و ئامادە بکات.

خۆ ئەگەر حیزبێک پێگەی خۆی لەبیر چووەوە و ستراتیژی خۆی و مەوقیعیەت و وەزیفەی خۆی لێ ون بوو، ئەوا بێگومان ناتوانێت ئەندام و لایەنگرەکانیشی بۆ ئەو قۆناغە تەیار بکات، یاخود دواتر و دوای هەڵبژاردنەکە ناتوانێت تێیانبگەیەنێت کە ئایا ئەوان براوەن یاخود دۆڕاون.

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە حیزبێکی وەکو یەکگرتووی ئیسلامی بۆنموونە لە پاش هەموو هەڵبژاردنێک بۆی چارەسەر ناکرێت و ناتوانێت وەڵامی بداتەوە! "ئێمە بردوومانەتەوە یاخود دۆڕاوین؟".

ئەگەر تەماشای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2013/9/21 لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسانی ئەمساڵ بکەین، دەبینین ئەگەرچی لەوەی یەکەمیاندا بارودۆخی یەکگرتووی ئیسلامی باشتر بوو لەمەی دووەم، کەچی هەمان ئەو مشتومڕ و هەست بە شکستەی لەدوای هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسانەوە هەیە لە هەڵبژاردنەکانی 2013/9/21شدا هەبوون، لەکاتێکدا ئەو هەڵبژاردنە یەکگرتووی ئیسلامی کردبووە خاوەنی 10 کورسی لە پارلەمانی کوردستان.

لەپاش هەموو هەڵبژاردنێک ئەو بارودۆخە سایکۆلۆژییەی لەناو یەکگرتووی ئیسلامیدا دروست دەبێت زۆر جیاوازە لەو بارودۆخە سایکۆلۆژییەی لەناو کۆمەڵی ئیسلامیدا دروستدەبێت.

بارودۆخی نەفسیی ناو یەکگرتووی ئیسلامی توند و شپرزە و ناڕازییە، بەڵام ئەمە لەناو کۆمەڵی ئیسلامیدا وانییە، ئەوان لەدوای هەڵبژاردنەکان کەمێک مورتاحتر و سەر ساردترن.

هۆی ئەمە بە شیکردنەوەی من ئەوەیە کۆمەڵی ئیسلامی پێگەو ستراتیژی خۆی باشتر دەزانێت لە یەکگرتووی ئیسلامی. کۆمەڵی ئیسلامی دەزانێت کە ئەو لە چ پلەو ئاستێکدا گەمە دەکات و بۆچی هەوڵ دەدات، بەڵام لەلای یەکگرتووی ئیسلامی چاوەڕوانییەکان لە ئاستی خۆیان گەورەترن. ململانێکان دیاریکراو نین، ڕکابەر و بەرامبەرەکانیش هەمەجۆرن.

شەڕی ژمارە وای لە یەکگرتووی ئیسلامی کردووە زۆرێک لە بانگخوازە ئاینییەکانیشی لەم هەڵبژاردن بۆ ئەو هەڵبژاردن بدۆڕێنێت، لەکاتێکدا یەکگرتووی ئیسلامی لەم قۆناغەدا ئەوەندەی پێویستی بە پێشکەشکردنی نموونە و جۆرایەتی بوو ئەوەندە پێویستی بە کۆکردنەوەی ژمارەی زۆر نەبوو، ئەو ژمارانەی کە خەو و خۆراک و ئیسراحەتیان لەم حیزبە بڕیوە و سەریان لێ شێواندووە. پێم ناڵێن ئێوە چی لە ژمارەی زۆر دەکەن؟ خۆ ئێوە ناتانەوێ بیگۆڕن.



هێمن عەبدوڵڵا

# بارزانی نەچێتە بەغدا

لەنێو سەرکردایەتی پارتیدا گەنگەشەیەک هەیە لەسەر چوونی مەسعود بارزانی بۆ بەغدا، بۆئەوەی بۆ چوار ساڵی داهاتوو سەرۆک کۆماری عێراق بێت. ئەوانەی پشتیوانی لەو بیرۆکەیە دەکەن، پێیانوایە بارزانی دەتوانێ لە بەغداوە چاکتر کێشەکانی کوردستان و عێراق چارەسەر بکات. ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەیە و واچاکە بارزانی گوێی بۆ شل نەکات.

جارێ روون نییە ئەو تەوافوقەی کورد لەگەڵ شیعە و سوننەی عێراق هەیەتی دەمێنێ یان نا. ئەوەش دیارنییە کە ئەگەر تەوافوقەکە ما، سەرۆک کۆمار کورد دەبێت یان سەرۆکی پەرلەمان. ئەوەش نازانرێ کە ئەگەر سەرۆک کۆمار بۆ کورد بوو، یەکێتی پێداگیری لەسەر وەرگرتنی دەکات یان نا. بۆ ئەم قۆناخە کێشەی کورد لە بەغدا بەپلەی یەکەم لەگەڵ نووری مالیکی و دەوڵەتی "یاسا"کەیەتی. ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەمجارەش پێشانی دەدات کە بەبێ مالیکی و دەوڵەتی یاسا هیچ لایەنێک لە عێراقدا ناتوانێت بچێتە بەغدا و سیاسەت بکات. هەرچەندە ئێرانییەکان لە لێدوانە فەرمییەکانیاندا دەڵێن پشتیوانی لە کەسێکی دیاریکراو ناکەن بۆ سەرۆکوەزیری لە عێراقدا، بەڵام دیپلۆماتکارانیان، دوور لە چاوی کامێرا و میدیاکاران، نایشارنەوە کە مالیکی کاندید و پارێزەری بەرژەوەندییەکانیانە بۆ چوار ساڵی داهاتوو. بەشێکی ئەو پشتیوانییەش لەبەرئەوەیە کە سەرەڕای گەلەکۆمەی حەکیم و سەدرییەکان و فتوای گەورەپیاوانی شیعە و بانگەوازی نیمچە راستەوخۆی سیستانی بۆ "گۆڕان لەڕێگەی دەنگدان لە عێراقدا"، بەڵام مالیکی و هاوپەیمانەکانی توانییان یەک لەسەر سێی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق ببەنەوە. مالیکییەک سیستانی بەدڵی نەبێ و زۆرینەی پێکهاتەی شیعە لە عێراقدا پشتیوانیی لێبکات، لەماوەی حوکمڕانیشیدا پێشانی یار و نەیاری دابێت کە پیاوی کردە و هێزدارییە، دروست ئەو کاندیدەیە کە ئێران دەیەوێت هەیبێت. کاندیدێک کە وەکو بەردێکە و بە جارێک دوو چۆلەکە بۆ ئێران دەکوژێت. هەر ئەو مالیکییە جاری رابردوو بە پشتیوانیی کورد بووەوە سەرۆکوەزیران، بەڵام ئەو چاکەیەی بە پەشیمانبوونەوە لە بەڵێنەکانی دایەوە. کەوتە رکاربەریش لەگەڵ مەسعود بارزانی، کە ئێستا بەشێک لە کادیرانی حیزبەکەی، لەژێر کاریگەریی گوشار و پێشنیازی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی، دەیانەوێ بچێتە بەغدا.

مەسعود بارزانی کوڕی مەلا مستەفایە. مەلا مستەفایەک کە رازی نەبوو نە خۆی و نە کەسێکی بنەماڵەکەی ببنە کاربەدەستی دەوڵەت لە بەغدا و سوێندی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق بخۆن. عێراقێک لە چوار ساڵی داهاتوودا هەر مالیکی حوکمی بکات و بڕیارەکانی لە تارانەوە دەربچن، ئەو عێراقە نییە کە بارزانی تێیدا بتوانێ سوێندی پاراستنی یەکپارچەییەکەی بخوات و نەیشکێنێ. لەوەش بترازێ پۆستی سەرۆک کۆمار لە عێراقدا پۆستێکی سیمبۆلیکە و لە ساڵانی رابردوودا مام جەلال، بەو کەسایەتییەی کە هەیبوو و بەو پەیوەندییانەی دروستیکردبوون گۆڕیبووی بۆ پۆستێکی سەروو-سیمبۆلیک. دەنا پۆستەکە بۆ مام جەلال کاڵای هێندەی باڵای خۆی نەبوو.

پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا لە چوار ساڵی رابردوودا لە پەیوەندیی هەرێم و دەوڵەت نەدەچوون، بەڵکو لە پەیوەندی دەوڵەتێکی بەهێز و دەوڵەتێکی بچووک دەچوون کە تێیدا دەوڵەتە بەهێزەکە سەروەت و سامانی دەوڵەتە بچووکەکەی دەخوارد و بەشێکی لێدەدایەوە و کەی بشیویستایە هیچی نەدەدایە. ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیش پێشانیداوە کە هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق هیچ بڕوایان بە عێراقێکی یەکگرتوو نەماوە. بۆیەش شیعە دەنگیدا بە قەوارەی شیعە، سوننە لیستە سوننەکانی هەڵبژارد و کوردیش کاندیدە خۆییەکانی بردەپێشەوە. ئەمەش وایکرد کە ئەو قەوارانەی دەیانەویست دەنگی هەموو پێکهاتەکانی عێراق ببەن و عێراقی بن، هیچ دەنگ نەهێنن.

لەگەڵ ئەوانەشدا دەزانین کە ناچارین ماوەیەکی دیکەش لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنینەوە، بۆیە چاک وایە لەو ماوەیەدا مەسعود بارزانی، لەجیاتی چوونە بەغدا، خەریکی پتەوکردن و یەکخستنی ناوماڵی کوردستانی بێت بۆ قۆناخی پۆست عێراقیبوون. ئەمەش تەحەدایەکی گەورەیە، چونکە ماڵەکە درزی تێدایە و رۆژ بە رۆژیش گەورەتر دەبێت.






نوری بێخاڵی

# عێراق و کوشتنی مرۆڤ لەسەر ئایین!

ئەگەر لە رابردوودا و بە درێژایی زیاتر لە هەشتا ساڵ حوکمڕانیی عەرەبی سوننە لە عێراق، لە پادشایەتییەوە تا دەگاتە کۆماری بە جیاوازیی دنیابینی سیاسی و بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژییان، کورد قوربانیی سیاسەتی پان عروبە و شۆڤینیزمی عەرەبی بووبێت، ئەوا لە 2003 بەدواوە و بەتایبەتی دوای 2009، کورد لە عێراقدا رووبەڕووی سیاسەتێکی شۆڤینی دووسەرەی ترسناکتر بووەوە.

دوای 2009 و گەیشتنە دەسەڵاتی مالیکی، کورد لەسەر ئاستی نەتەوەیی وەک کورد و لەسەر ئاستی مەزهەبیش وەک سوننە (بەچاوپۆشین لەو بەشە کوردە شیعە مەزهەبەی کە بەداخەوە زۆربەیان ئینتیمای مەزهەبیی خۆیان خستووەتە سەرووی ئینتیمای نەتەوەیی و هەڵبژاردنەکانی عێراقیش بەڵگەن!)، لەبەردەم هەڕەشە و مەترسی شۆڤینیزمی نەتەوەیی و مەزهەبیدایە.

بۆ ئەوەی زۆر لە ناوەڕۆک و مەبەستی وتارەکەمان دوور نەکەوینەوە، قسە لەسەر مەترسی کوشتنی گەلانی عێراق دەکەین لەسەر ناسنامەی ئایینی کە دیارترین دیاردەی مەترسیداری ئەو وڵاتەیە. بە درێژایی 10 ساڵ ئازادکردنی عێراق، هاووڵاتیانی چەندە بوونەتە قوربانیی ململانێی سیاسی و نەتەوەیی، چەندجار بارتەقای ئەوە بوونەتە قوربانیی ململانێی ئایینی و مەزهەبی و تایفی. بەراورد بە مەترسی کوژران لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی، کوشتنی مرۆڤ لەسەر ناسنامەی ئایینی لە عێراقدا رۆژ دوای رۆژ کێرڤەکەی لە هەڵکشاندایە. تەنانەت مرۆڤەکان لە عێراقدا جگە لەوەی لەباری سیاسییەوە بە خوێن باجی جیاوازیی شوناسی ئایینییان داوە، ئەوا لەباری کۆمەڵایەتیشەوە کچەکانیان ئامانجی ئابڕووبردن و دەستدرێژیکردنە سەرن.

لەم رووەوە واز لەو ژمارە زۆر و زەوەندانەی ئەو هەموو (عومەر و عەلی، حوسێن و عوسمان)انە بێنن کە لەسەر جیاوازیی مەزهەبی و تایفی و (ناوەکانیان!)، لە شار و شارۆچکە عەرەبییەکانی عێراقدا خوێنیان رژێنراوە و هێشتاش زۆربەی دیکەیان لە چاوەڕوانی کوشتنی لەپڕ و خوێنڕژانی لەناکاودان. بەدیوەکەی دیکەدا کەمینە ئایینیەکانی دیکەش ئامانجی سەرەکی هەردوو مەزهەبەکەی ئایینە زۆرینەکەن کە لە رێگەی گرووپ و رێکخراوە توندڕۆ و تیرۆریستییەکانیان، خەڵکی کریستیان، ئێزدی، کاکەیی و سابیئە تیرۆر دەکەن و دەستدرێژی دەکەنە سەر پاکیزەیی مێینەکانیان. لەم رووەشەوە کەم نین ئەو مرۆڤە سڤیلانەی بوونەتە قوربانی و ئەو کچانەی پاکیزەییان تکێنراوە و دواتر گوللەباران، یان زیندەبەچاڵ کراون، تا ئەوەی ئەم هەڕەشانە بوونەتە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵگرتنی پەیڕەوکارانی ئەو ئایینانە و بەجێهێشتنی عێراقی خوێناوی. ئیدی چ بە هاتن بۆ باشووری کوردستان، یان رووکردنە هەندەران و ئاوارەبوونی وڵاتانی دیکە. ئاماری کۆمیسیاری نەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەت بە پەنابەرانیش بەڵگەی ئەو راستییەن کە رێژەی ئەو کەسانەی لە عێراقدا و بەتایبەتی ئەوانەی لەبەر ترسی ئینتیمای ئایینی و مەزهەبی دەربەدەر بوون، چ هەڕەشەیەکە لەسەر ئایندەی بەیەکەوە ژیان لەم وڵاتەدا. ئەو عێراقەی دەمێکی دوورە ناویان ناوە (بلد الشقاق والنفاق)، کەچی عێراقییە خۆشخەیاڵەکان و لەناویاندا کوردی مارانگەستە، هێشتا بە (عێراقی هیوا و ئاشتی) ناوی دەبەن!

بەگوێرەی ئاماری رێکخراوە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییە حکومی و ناحکومییەکان، لە دوای ساڵی 2003وە تاوەکو ئێستا، چش لە سەرهەڵگرتن و دەربەدەری و ئاوارەبوونی دەیان و سەدان هەزار کەس لە پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکانی عێراق، وەکوتر (1000) کریستیان و (900 — 950) ئێزدی و لەسەرووی (250) کاکەیی و (130) سابیئەی مەندائی کوژراون. ئەم ئامارانەش رێژە و ئاست و قەبارەی ئەو هەڕەشە و مەترسیانەمان بۆ روونەکەنەوە کە بۆ سەر داهاتووی ئاشتی و دیموکراسی و بەیەکەوەژیان لەو وڵاتەدا هەن.

ئەوەی لەم نێوەدا جێگەی سەرنجە و پێویستە بە هەند وەربگیرێ، ئەوەیە کە ئەگەر کەمینەکانی دیکە (کریستیان و سابیئە)، وەک کەمینەی ئایینی ئامانجی هەڕەشە بن، ئەوا (ئێزدی و کاکەیی) یەکەم وەک کورد و دواتر وەک ئینتیمای ئایینی کراونەتە ئامانجی لەناوبردن. جگە لە هەواڵی رۆژانەی کوشتنی ئەو برا و خوشکە هاوخوێن و هاوشوناسی نەتەوەییانەمان و فشارخستنەسەر و هەڕەشەلێکردنیان بۆ بەجێهێشتنی زێدی باوک و باپیرانیان و لەگەڵیاندا هەڕەشە و مەترسییەکان بۆ سەر (شەبەک). رووداوەکانی ئەم دوو هەفتەیەی رابردوو، کوشتنی شەش کوردی ئێزدی و دەستدرێژیکردنە سەر چوار کچی ئێزدی و سەرهەڵگرتنی زیاتر لە (4500) خێزانی ئێزدی لەناوچەکانیان و رووکردنە ئەو بەشەی باشووری کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدایە، نزیکترین بەڵگە و روونترین ئاماژەن بۆ ئەو هەڕەشە و مەترسییە گەورەیەی لەسەر بوونی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدا هەیە.



دەیڤد رۆمانۆ

خوێندنی باڵا لەدەرەوە

# زانکۆ بە ئاگاییەوە هەڵبژێرن

چەند ساڵێک لەمەوبەر، حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق پرۆگرامی تواناسازییان راگەیاند بۆ ئەوەی زیرەکترین خوێندکارەکانیان بنێرنە دەرەوە بۆ خوێندنی باڵا. ئەم پرۆگرامی گەشەپێدانی توانا مرۆییە ئامانجی ئەوەیە کە پارەی زۆری نەوتی عێراق بۆ بنیاتنانی نەوەیەکی نوێی رۆشنبیر، بە توانا و لێهاتوو بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی پێ بەرەو باشتر ببەن لە داهاتوودا. من زۆر خوێندکاری کورد و عێراقی دەناسم، یەکێکیشیان خوێندکاری خۆمە و لە زانکۆکەی من، زانکۆی مزوری ستەیت ماستەر دەخوێنێت. زۆر لەو خوێندکارانە بەبێ بوونی پەیوەندی سیاسی و واستە لە بەرنامەی تواناسازی وەرگیراون. ئەو پرۆگرامە لە پرۆگرامێکی زۆر باش و دەستپاک دەچێت و ئامانجی باشترکردنی کۆمەڵگە و ژیانی خەڵکە.

ئەو خوێندکارانە کە دەچنە دەرەوە بۆ بەدەستهێنانی ماستەر و دکتۆرا، بەو هیوایە دەچنە بەریتانیا و ئەمریکا کە بە بڕوانامەیەکی باش و پڕ زانیارییەوە لە بوارەکەی خۆیان و هەروەها فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە قسەکردن و نووسیندا، بگەڕێنەوە. لەبەرئەوەی کە ئینگلیزی بووەتە زمانی نێودەوڵەتیی بازرگانی، دیپلۆماسی و زانست. ئەو هیوایە پڕ مانایە بۆ هەندێک خوێندکار.

بەڵام ئەوەی ئەوان ئاگایان لێ نییە، ئەوەیە کە زۆر لەو خوێندکارانەی دەچنە دەرەوە بۆ خوێندنی ماستەر یان دکتۆرا، زۆر جار زانکۆکانی بەریتانیا و ئەمریکای باکوور هەڵدەبژێرن، بەبێ ئەوەی کە بزانن ئاستی جیاوازی سیستەمی خوێندن لەم وڵاتانەدا چەندە، بە تایبەتی لەسەر ئاستی خوێندنی باڵا. لە بەشی زانستە مرۆییەکاندا (ئەو بەشەی کە من شارەزاییم لێی هەیە) بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەمریکا، خوێندکار پێویستە دوو ساڵ لە زانکۆ بێت و 300 کاژێر لە پۆلدا دانیشێت بۆ هەر یەک لەو ساڵانە. بۆ بەدەستهێنانی دکتۆرا، خوێندکار پێویستی بە چوار ساڵ هەیە و لە دوو ساڵی یەکەمدا 300 کاژێر وانە و چەندین سیمینار دەبێت ببینێت. یەک کۆرس لە ئەمریکا چەند راپۆرتێک و سیمینارێک و تاقیکردنەوەیەک لەخۆدەگرێت.

لە سیستەمی بەریتانیدا، بڕوانامەی ماستەر تەنیا یەک ساڵ دەخایەنێت و بڕوانامەی دکتۆرا سێ ساڵی پێدەچێت. لە پرۆگرامێکەوە بۆ پرۆگرامێکی دیکە جیاوازە، بەڵام لە زۆر لە پرۆگرامەکاندا خوێندکار هەر پێویستی بە چوونە وانە نییە، لەبری پۆل لەگەڵ چاودێرەکەی کۆدەبێتەوە و لێکۆڵینەوەکەی دەخاتە بەردەست چاودێر و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. تەنانەت بڕوانامەی ماستەرەکانی کە پێیان دەگوترێت، بڕوانامەی گوتراوە، یەک لەسەر سێی چوونە پۆلیان هەیە، بە بەراورد لەگەڵ بڕوانامەی ماستەر لە ئەمریکا. هەرچەندە هەندێک جار حاڵەتی ریزپەڕ هەیە، کۆرسەکانی پرۆگرامێکی لەوشێوەیە تەنیا یەک یان دوو راپۆرت دەخوازن و تاقیکردنەوەیان نییە.

هەموو شتەکانی دیکەی هەردوو سیستەمەکە یەکسانن، لەوانە کوالیتی خوێندن و ئاستی مامۆستاکان، بەڵام من گومانی زۆرم لە سوودی درێژخایەنی سیستەمی بەریتانی هەیە بۆ خوێندکارانی هەرێمی کوردستان و عێراق. ئەو خوێندکارانە لە وڵاتێکەوە دێن کە چەندین ساڵ لەژێر گەمارۆی ئابووری و بەعسیزمدا لە جیهان دابڕابوون، پێویستیان بە کاتی ناوپۆل و کۆرسی زیاتر و خوێندنی زیاتر هەیە. ئامادەبوونی کۆرسی زۆر و نووسینی راپۆرتی زۆر جگە لە باشترکردنی زمانی ئینگلیزییان، هەروەها وایان لێدەکات کە زانیاری زیاتر لە بوارەکەی خۆیاندا پەیدا بکەن، ئیتر ئەو بوارە چ زانستە سیاسییەکان بێت، سۆسیۆلۆجی بێت، ئانترۆپۆلۆجی بێت، هونەر بێت، یان مێژوو یان هەر شتێکی دیکە. زۆربوونی راپۆرت و تاقیکردنەوە وا لە خوێندکارەکان دەکات کە ئامۆژگاری زیاتری مامۆستاکان وەرگرن و ئاستی نووسینی ئینگلیزییان باشتر بێت و توانای سیمنار پێشکەشکردنیان بەهێزتر بێت.

لە چەند ساڵی رابردوودا، زۆر گلەییم لە خوێندکارانی کورد بیستووە دەربارەی ئەزموونی خوێندنیان لە بەریتانیا. هەندێک لە خوێندکارەکان بۆ ماوەی چەند مانگێک سەرپەرشتیارەکانی خۆیان نەبینیبوو، لە پۆلدا دانەدەنیشتن و هەندێکیان هەر دەیانویست بزانن ئەوان خەریکی چین لە بەریتانیا! بە پێچەوانەوە هەرگیز گوێم لە هیچ خوێندکارێکی کورد نەبووە لە ئەمریکا گلەیی لە خوێندن و زانکۆکەی بکات. گلەیی خوێندکارانی کوردی ئەمریکا زیاتر دەربارەی تاقیکردنەوەی GRE و زۆریی خوێندنی کۆرسەکانیان و بەرزیی نرخی خوێندنە. (هەرچەندە هەندێک جار گلەییەکانیان زێدەڕۆیی تێدا دەکرێت، بۆ نموونە ئەو زانکۆیەی کە من وانەی تێدا دەڵێمەوە ساڵی 10 هەزار دۆلار لە خوێندکاری ماستەر وەردەگرێت).

هەندێک لە هاوڕێ مامۆستاکانم لە بەریتانیا کاردانەوەی باشیان لەسەر بۆچوونەکانی من نییە لەم رووەوە. هەرچەندە هەر سیستەمە و چاکی و خراپی خۆی هەیە، بۆ نموونە سیستەمی بەریتانی وا لە خوێندکار دەکات کە تەرکیز بکاتە سەر بابەتێکی دیاریکراو. بەڵام هاوڕێ مامۆستا بەریتانیەکانم من بەوە تاوانبار دەکەن کە بۆچوونەکانم لایەنگریی پێوە دیارە و لەسەر فاکتی زانستی و پێوەری زانستی بنیاتنەنراوە. راست دەکەن، لەبەرئەوەی من خوێندنم لە کەنەدا تەواوکردووە و لە ئەمریکا وانە دەڵێمەوە، من لایەنگریم لەسەر ئەم بابەتە هەیە. هەروەها هیچ پێوەرێکی باش نازانم سیستەمی خوێندنی بەریتانی و ئەمریکی پێ بپێوم.

بۆیە پێویستە دەسەڵاتدارانی هەولێر و بەغدا پێوەری خۆیان دروستبکەن. لە کاتێکدا کە پرۆگرامی تواناسازی هێشتا ساوایە، دەسەڵاتداران پێویستە بڕیار بدەن کە دەیانەوێت خوێندکارەکانیان بە چ بەهرە و فێربوونێکەوە بگەڕێنەوە. پێویستە پێش بەجێهێشتنی عێراق تاقییان بکەنەوە و کاتێکیش کە دەگەڕێنەوە یەکسەر تاقیبکرێنەوە. ئەگەر دەرکەوت خوێندکارانی یەکێک لە سیستەمەکە توانا و بەهرەی باشتریان وەرگرتووە، با سامانی وڵاتەکە بەشێوەیەکی دروست بەگەڕبخەن.



عەبدولڕەحمان سدیق*

asidiq1962@yahoo.com

# ژینگەو کێڵگەکانی مین

لەڕووی مێژووییەوە دەتوانرێت ئاماژە بەوە بدرێت کە عێراق لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە تووشی کێشەی چاندنی مین بووە و دواتریش لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا حکومەتی ناوەندی لە دژی شۆڕشەکانی گەلی کوردستان ژمارەیەکی زۆری لە مین لە کوردستاندا چاندووە. پاشان لە ساڵانی نێوان 1980 – 1988داو لە شەڕی عێراق و ئێراندا ملیۆنەهای دیکە چێندراون، ئەمە جگە لە شەڕی عێراق- هاوپەیمانان لە ساڵی 1991 کە ژمارەیەکی زۆری دی لە مینی جۆراوجۆر هاتوونەتە چاندن. لەم هەموو ماوەیەشدا ئەم کارە پێشێلکردنێکی ئاشکرای رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مین بووە.

دوای ئەوەش کە بەشی بەدواداچوونی مین و کێشەکانی وەک دامەزراوەیەک لە عێراقدا لە وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی گەشەپێدانەوە خرایە سەر وەزارەتی ژینگەی عێراق، بەپێی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی ژینگەی عێراقیش لە مارسی 2012دا، مین لە 15 پارێزگای عێراقدا رووبەری زیاتر لە 1700 کیلۆمەتر دووجای گرتووە بە کۆی 25 ملیۆن مین.

ئەمە وێڕای ملیۆنان بۆمب و رۆکێت و کەرەستەی جەنگیی نەتەقیو کە هەڕەشە لەگیانی زیاتر لە 2117 کۆمەڵگە و نشینگەی مەدەنی دەکات کە نزیکەی 2 ملیۆن و 700هەزار کەسیان تێدا دەژیت.

بەپێی ئامارەکانی دەستەی نیشتمانی بۆ کاروباری مینیش، لە عێراقدا نزیکەی 10232 کێڵگەی مین هەیە کە نزیکەی 3782 کێڵگەی لە کوردستاندایە.

زیانەکانی مین بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە:

یەکەم: دژ بە ژیانی مرۆڤە، چونکە ساڵانە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان و چالاکانی بواری هەڵگرتنەوەو پووچەڵکردنەوەی مین گیان لەدەست دەدەن یان بریندار دەبن.

دووەم: لەڕووی ژینگەشەوە مین هۆکارێکی پیسبوونی خاکە و دەبێتە رێگرێکی سەرەکی لە بەردەم پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و گەڕانەوەی خەڵک بۆ گوندەکانیان.

سێیەم: رێگرە لەبەردەم دروستکردنی رێگەوبانی نوێ.

چوارەم: دەبێتە هۆی پەکخستنی ناوچەکانی کشتوکاڵکردن.

پێنجەم: رێگرە لەبەردەم دامەزراندنی کارگەی نوێ و پرۆژەکانی کارەبا و رووناککردنەوە بەهۆی نەتوانینی چەقاندنی تاوەری نوێ.

شەشەم: رێگرە لەبەردەم هەڵکەندنی بیری ئاوی نوێ و کردنەوەی کەناڵەکانی ئاودێری.

حەوتەم: دەبێتە هۆی راگرتنی پرۆسەی پشکنین و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت و دۆزینەوەی کانزا جۆراوجۆرەکانی دیکەدا.

هەشتەم: بەشێوەیەکی گشتی مین رێگرە لەبەردەم ژینگە و پەرەپێداندا و هۆکارێکە بۆ هەژارکردنی وڵات لە گشت ئەو بوارانەی ئاماژەمان پێکردن.

وەزارەتی ژینگەی عێراق پێویستە لەپاڵ رووپێوکردنی رووبەری ئەو کێڵگانەی مین و دیاریکردنی ژمارەی تەواو و دەرخستنی جۆرەکانی و دۆزینەوەی نەخشەکانی چاندنی ئەو ژمارە زۆرەی میندا، سوود لە بە ئەندامبوونی عێراق وەربگرێت لە رێککەوتننامە جیهانییەکانی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مین. رێککەوتننامەی ئۆتاوا کە لە ساڵی 2006دا پەرلەمانی عێراق رەزامەندی نیشاندا لەسەر بەئەندامبوونی عێراق تێیدا و بەپێی ئەم رێککەوتننامەیەش دەبێت عێراق لەساڵی 2018دا لە تەواوی مینی هەڵگیراو و چێنراو پاک بکرێتەوە.

*** نووسەر و رۆژنامەنووس و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای رووخانی رژێم**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




مەزهەری خالقی، هونەرمەندی ناسراوی کورد:

## سوێند دراوم کاری سیاسی نەکەم

10


**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی ڕووداو

**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر :** سالّح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری:** بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net

**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵلا قرگەیی

**دیزاینەران :** هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net



www.farukmedicalcity.com




fmc FARUK MEDICAL CITY

چاودێریکردنێکی پزیشکیی بێ وێنە

لە شاری پزیشکیی فاروق، تەندروستیی نەخۆشەکانمان ئەرکی سەرەکیمانە. وە بە نوێترین شێوە و بەهۆی تەکنۆلۆجیای تازە و بە شارەزایی و پسپۆریی تواناداری کادرە پزیشکییەکانمانەوە کۆشش دەکەین کە بەرزترین رادەی خزمەتگوزاریی چروپری پزیشکایەتی بۆ نەخۆشەکانمان دابین بکەین.

شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود، سلێمانی، کوردستان، عێراق | +964 (0) 770 900 0000



zagrosjet

zagros life




گۆڤارێکی مانگانەی تایبەتە بەناو فڕۆکە
زاگرۆس جێت دەری دەکات
تۆڕی میدیایی ڕووداو ئامادەی دەکات

RÛDAW

بۆ ڕێکلام کردن لە گۆڤارەکە
پەیوەندی بکەن بە :
agency@sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

SIDAR AGENCY